Reklam





# سیبەل جان دێتە هەولێر



**ڕووداو- دهۆک**

بەپێی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەشتیاری هەرێمی کوردستان، هونەرمەندی نێوداری تورک، سیبەل جان، ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵ لە دوورگەی قوبرس بۆ کوردان سازدەکات و چەند گۆرانییەکیش بە کوردی دەڵێ. دوای نەورۆزیش بۆ سازدانی کۆنسێرتێکی تایبەت دێتە هەولێر.

عەبدولڕەحمان دۆسکی خاوەنی کۆمپانیای پیرۆگرووپ کە بۆ ئاهەنگەکەی قوبرس گرێبەستێکی بە 40 هەزار دۆلار لەگەڵ سیبەل جان واژۆکردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بەنیازن چەند کارێکی دیکەش لەگەڵ سیبەل بکەن، هەر لەبەرئەوەشە کە بەو بڕە پارە کەمە ڕازی بووە، "ئەگەرنا سیبەل بە کەمتر لە 100 هەزار دۆلار ناچێتە هیچ ئاهەنگێک". گوتیشی "دوای نەورۆز یەکەم کاری ئێمە لەگەڵ سیبەل جان ئەوە دەبێ، کە کۆنسێرت لە هەولێر بکات".

10

# لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆم کاندید کردەوە



**ڕووداو- سلێمانی**

د. مەحموود عوسمان پەرلەمانتاری سەر بەهاوپەیمانیی کوردستان کە جارێکی دیکە وەک کاندیدی پارتی بۆ خولی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کاندیدکراوەتەوە، ئاشکرای کرد کە ئەو لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆی کاندید کردووەو گوتیشی "خۆیشم ئەوەم پێ باش بوو کە جارێکی دیکە بچمەوە پەرلەمان، حەزم نەکرد بەنیوەناچڵی ئیشەکان جێبهێڵین، چونکە هەندێک بابەت هەن ئێمە تا نیوەی کارمان تێدا کردووەو پێویستە تەواویان بکەین".

هەریەک لە پارتی و یەکێتی، پێنج پەرلەمانتاری پێشوویان کاندید کردووەتەوە. بزووتنەوەی گۆڕانیش پەرلەمانتارێکی پێشووی لەناو لیستەکەیدا داناوەتەوە. بەڵام کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی هیچ پەرلەمانتارێکی پێشووی خۆیان کاندید نەکردەوە.

4


Rûdaw
ڕووداو
ژمارە (98)
دووشەممە 2010/2/15
24ی ڕێبەندانی 2709
دینار (750)
www.rudaw.net
چاپی کوردستان


# مالیکی داوای هاوپەیمانێتی لە گۆڕان دەکات

# کۆسرەت ڕەسول داوا دەکات هەندێک لە پاڵێوراوانی یەکێتی لە هەولێر بکشێنرێنەوە

**تایبەت بە ڕووداو**

هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرای کرد کە ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی داوای هاوپەیمانێتی لێکردوون. لەبارەی پێشبینی بزووتنەوەکەشیان بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، گوتی "لانیکەم 15 کورسی دێنین". بەڵام بەرپرسێکی باڵا لەهاوپەیمانیی کوردستان ئەوەی بەدوورزانی و پێشبینی کرد بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا 10 کورسی ببات.

جەعفەر ئیمنکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەبارەی چاوەڕوانییەکانیان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردن، بۆ (ڕووداو) گوتی "کورد لە پەرلەمانی داهاتوو نزیکەی 20%ی کورسییەکان بەدەستدێنێ و ئێمە وەکو هاوپەیمانی کوردستانی مەزندە دەکەین 15%ی ئەو کورسییانە ببەینەوە". ئیمینکی وردتر لەبارەی ئەو ژمارە چاوەڕوانکراوانەوە دواو گوتی "لە پەرلەمانی داهاتوودا کورد نزیکەی 60 کورسی دەبێت، هاوپەیمانی کوردستانی 46 کورسی دێنێ، گۆڕان 10 کورسی، یەکگرتوو 3 کورسی و کۆمەڵ 2 کورسی دەبات".

هەروەها لەبارەی قۆناغی پاش هەڵبژاردنیش، ڕایگەیاند کە هاوپەیمانیی کوردستان خوازیارە لەگەڵ لیستەکانی دیکەی وەکو گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو فراکسیۆنێکی بەهێزی کوردی دروست بکات. بەڵام شۆڕش حاجی کە یەکێکە لەهەڵسوڕاوە باڵاکانی بزووتنەوەی گۆڕان، لەبارەی ئەو یەکخستنی هەڵوێستە لەگەڵ هاوپەیمانیی کوردستان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی "مەرج نییە لەهەموو هەڵوێستێکدا لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی بین".

شۆڕش حاجی هەروەها ئەوەشی ئاشکراکرد کە "زۆر لیست و هاوپەیمانێتی عەرەبی" داوای هاوپەیمانێتییان لە بزووتنەوەی گۆڕان کردووە، یەکێک لەو لایەنانەش وەک خۆی گوتی، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی بووە، بەڵام گوتی ئەوان نەبوونە هاوپەیمانی هیچ قەوارەیەک "ئێمە دەمانەوێ سەنگی خۆمان و کورد لە بەغدا بزانین. دوای هەڵبژاردن کام ئیئتیلاف یان قەوارەی سیاسی لەگەڵ بەرنامەکەی ئێمە یەکبگرێتەوە، دەبینە هاوپەیمانی. پێمان ئاساییە لەگەڵ لایەنێکی عەرەبی یان تورکمانی هاوپەیمانی بکەین".

شۆڕش حاجی لەبارەی پێشبینییەکانیشیان بۆ ئەنجامی هەڵبژاردن، گوتی "ژمارەی کورسیی کورد لەنێوان 60-65 کورسی دەبێت"، بۆ گۆڕانیش گوتی " پێموایە وەک چۆن لە پەرلەمانی کوردستان یەک لەسەر چواری کورسییەکانمان هێنا،لە بەغداش یەک لەسەر چواری کورسییەکانی کورد دێنین، واتە بەلانیکەم 15 کورسی دێنین".


پیرەمێردێک لە هەولێر تەماشای پۆستەرێکی پاڵێوراوێکی یەکێتی دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک بۆ (ڕووداو) کۆسرەت ڕەسول پێشنیازی بۆ مام جەلال کردووە، لەپێناو پەرتنەبوونی دەنگەکانی یەکێتی لە 10 کاندیدەکەی یەکێتی هەندێکیان بکشێنرێنەوە، بەڵام مام جەلال ئەو پێشنیازەی ڕەتکردووەتەوە. بەپێی هەمان سەرچاوە، ئەو پێشنیازەی جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی زیاتر بۆ ئەوەبووە تاوەکو کاندیدەکانی خۆی دەربچن.

بەکر مستەفا، بەرپرسی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی، پشتڕاستیکردەوە کە کۆسرەت ڕەسول لەگەڵ کەمکردنەوەی کاندیدەکانی هەولێر بووە "وەک خۆم و کاک کۆسرەتیش هەمان بۆچوونی هەبوو کە چەند کاندیدێک بکشێنەوە، بۆ ئەوەی ئەو چەند کاندیدە تەواوی دەنگەکانی یەکێتیان بۆ بهاتبایەو هیچ دەنگێکی یەکێتی بەهەدەر نەچووبا".

یەکێتی ئێستا 10 کاندیدی هەیە لە هەولێر، بەڵام پارتی بۆ پەرتنەبوونی دەنگەکانی 9 کاندیدی هەیە. بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی، کشانەوەی کاندیدەکانیان بە قورس دادەنێ لەو کاتەدا "ئیدی قورسە بە کاندیدێک بگوترێ بکشێیەوە، چونکە ئەگەری هەیە زویر بێت و کار بۆ لیستەکە نەکات، بەڵام هەر کاندیدێک خۆی بکشێتەوە سوپاسی دەکەین". بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر ئەوە ناشارێتەوە کە پێویستە کار بۆ چەند کاندیدێک بکەن "شتێکی وامان بەگوێی ڕێکخستنەکانی خۆماندا داوە کە تەرکیز لەسەر چەند کەسێک بکەن".

3 و 9

## کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر بۆ (ڕووداو):

# داوامان لە هەرێمی کوردستان کردووە حیزبە کوردییەکانی ئێران دەربکات

**تایبەت بە ڕووداو**

کونسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی داوای دەرکردنی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام بەرپرسێکی باڵای هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە داواکاریی لەوجۆرەیان پێگەیشتبێ.

عەبدولعەزیم حوسێنی، کونسوڵی گشتیی ئێران لە شاری هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "داوای دەرکردنی هەموو حیزبە کوردییە ئێرانییەکانمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان پاساوی خۆیان بۆ ئەو مەسەلەیە دەهێننەوە". گوتیشی پێمانڕاگەیاندوون "لانیکەم نابێت ئەو حیزبانە چەکداربن و سوود لە خاکی کوردستان وەربگرن بۆ ئەنجامدانی چالاکیی سەربازی دژی ئێران". بەڵام فەلاح مستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) بێ ئاگایی خۆی لەو داواکارییە پیشانداو گوتی "داواکاریی لەوجۆرەمان پێنەگەیشتووە".

هەر سەبارەت بە داوایەکی لەوشێوەیە، محەممەد نەزیف قادری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سیاسەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا زیاتر لە چوارچێوەی ڕێوشوێنە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندایە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای پاراستنی ئەو پرەنسیپە سیاسییانەیە". قادری جەختی لەوەش کردەوە کە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچ بیانوویەک بە کۆماری ئیسلامی نادەن بۆ دەستوەردان لە کاروباری عێراق. هەروەها گوتیشی " ئێمە کوردین و لە کوردستانین".

# کۆمەڵ و یەکگرتوو کێبڕکێ لەسەر سێیەمبوون دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت بۆ بەدەستهێنانی ڕیزبەندی سێیەم لەنێو لیستەکانی کوردستاندا، ڕکابەریی لەگەڵ یەکگرتوو دەکات، بەڵام یەکگرتوو دەڵێت ئەوان سێیەمبوونیان مسۆگەرە و کۆمەڵ بەرکابەری خۆیان نازانن.

زانا ڕووستایی بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە حیزبەکەیان لە 6 پارێزگای عێراق بە 43 پاڵێوراو بەشداری دەکات و، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیاندا جەخت دەکەنە سەر پارێزگای سلێمانی، چونکە "زۆرترین دەنگدەرانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانین، پاشان هەولێر و ئینجا دهۆک".

ڕووستایی هەروەها ڕایگەیاند کە لەم هەڵبژاردنەدا پێشبینی بەدەستهێنانی 2-3 کورسی دەکەن. ئەوەشی نەشاردەوە کە بۆ بەدەستهێنانی ڕیزبەندی سێیەم لەنێو لیستەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕکابەریی لەگەڵ یەکگرتوو دەکەن و گوتیشی "چاوەڕوانین لە کوردستاندا لیستی سێیەم بین لەپاش هاوپەیمانی و گۆڕان، مونافەسەمان لەگەڵ یەکگرتوو دەبێت بۆ لیستی سێیەم".

بەڵام بەشیر محەممەد، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کە لیستەکەیان لە 7 پارێزگا بە 122 کاندید بەشداریی هەڵبژاردن دەکات، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی سێیەمبوونی ئەوان مسۆگەرە و کۆمەڵ ڕکابەریان نییە لەسەر ئەوە "لیستی گۆڕان لە کوردستاندا دووەم دەبێ، بۆیە لیستی یەکگرتوو حەتمەن لیستی سێیەم دەبێ" هەروەها گوتی "ڕکابەرایەتی کۆمەڵ ناکەین، چونکە سێیەمبوونی ئێمە یەکلایی بووەتەوە".

7

Reklam

## گوندی ئۆزاڵ




گروپی ئۆزاڵ ئاگاداری گشت هاوڵاتیانی خۆشەویست دەکات کەوا پرۆژەی گوندی ئۆزاڵ لە قۆناغی جێ بە جێ کردندایە و مژدە بە هاوڵاتیان دەدات کەوا دەتوانن ببنە خاوەنی یەکەیەکی نیشتەجێ بوون بەنرخێکی گونجاو و بە قیست .

یەکەی نیشتەجێ بوون پێک هاتووە لە دوو جۆر (یەك نهۆمی و دوو نهۆمی) وە هەر یەکەیەکیش پێک دێت لە سێ ژوری نوستن ، ژوری پێشوازی ، چێشتخانە ، گەرماو و ئاودەست ، گەراجی ئۆتومبیل لەگەڵ باخچە .



بنکەی فرۆشتن : هەولێر - گوندی ئینگلیزی - ئۆزاڵ گروپ - ژمارەی ئۆفیسی 286

مۆبایل : 0750 313 6256 - 0750 313 7356 - 0750 749 9009

OZAL GROUP




## وتەبێژی لیستی گۆڕان:

# بەنگلادیشییان بۆ پۆستەر دڕاندن بەکرێ گرتوون

**ڕووداو-سلێمانی**

پاش تێپەڕینی دوو کاژێر و نیو بەسەر دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، لیستەکان لە سلێمانی کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکتری بە پۆستەر دڕاندن و لیستی دەسەڵاتیش لەنێو ئەو لیستانەدایە کە هاواری دڕاندنی پۆستەرەکانی دەکات.

حاکم فەرهاد ڕەسول، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە سلێمانی ڕایگەیاند هەر لەئێستاوە دەستیپێکردووە. ناوبراو گوتیشی "هەر ئەم بەیانییە چەند وێنەیەکی خۆم کە بەدیواریماڵەکەی خۆمەوەبوون دڕێندراون و لێکراونەتەوە". حاکم فەرهاد گوتیشی "منداڵ بەکاردەهێنرێن بۆ پۆستەر دڕاندن، کە ئەمە نەریتێکی تەواو ناشیرینە".

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، دەسەڵات بەوە تۆمەتبار دەکات کە پۆستەرەکانیان دەدڕێنن و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " لە خانەقین بەنگلادیشی بەکرێ دەگرن و پۆستەری پێدەدڕێنن". بەڵام محەممەد مەلا حەسەن، قایمقامی قەزای خانەقین ڕەتیکردەوە بەنگلادیشی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێندرابن "ئەگەر بەنگلادیشی لێرە هەبن، جادەیان پێ پاک دەکەینەوە، نەک ئەوەندە بەتاڵ بن پۆستەر بدڕێنن".

بەکر حەمە سدیق، کاندیدی ژمارە یەکی یەکگرتووی ئیسلامی لەسلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پۆستەرەکانیان کەوتوونەتە بەر شەپۆلی دڕاندن و لێکردنەوە "بەڵگەمان لایە کێ و چ لایەنێک ئەو کارانە دەکات و ئەگەر لەوە زیاتر بێزار بکرێین سکاڵا تۆمار دەکەین". تاهیر محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پێویستە ئەو پۆستەرانە بەرز هەڵبواسرێن یان بە حەبل، گوتیشی "لەوانەیە منداڵێکیش پۆستەر بدڕێنێت".

3

لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، (ڕووداو) لە ڕۆژانی دووشەممە و پێنج شەممە دەردەچێت



کرێکارێک دەکوژرێ

رووداو-هەولێر
سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی بە(رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2010/2/10 تەرمی گەنجێکی 19ساڵی هێنراوەتە نەخۆشخانەکەیان کە بە گوللە کوژرابوو، ئەو گەنجە ناوی رێناس عومەر،تەمەن 19ساڵ بوو، لەکاتی کارکردنی لە گەرەکی کوردستان، لەگەڵ وەستاکەی سەرقاڵی کار بووە، لەناکاو ئۆتۆمبێلێک لەبەرانبەریان رایگرتووەو دەستڕێژی گوللەی لێکردوون و گوللەیەک بەسەری کرێکارەکە کەوتووە، دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوەو، تائێستاش بکوژەکەی دەستگیر نەکراوە.

# (رووداو) ناوی ئەو وەزارەت و دەزگایانە بڵاودەکاتەوە کە هاووڵاتیان دادەمەزرێنن

**تایبەت بە رووداو**

24 دەزگا و وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ 9547 فەرمانبەر دادەمەزرێنن کە زۆرترینیان بۆ پەروەردەو تەندروستی و خوێندنی باڵا و ئاسایش و ناوخۆیە.

محەممەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "دامەزراندن بۆ ئەمساڵ بەپێی پێویستە و وەزارەت و دەمەزراوە حکومییەکان پێویستییەکانیان ئاراستەی وەزارەتی دارایی کردووەو وەزارەتی داراییش رەزامەندی لەسەر دەدات".

بۆ ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان 9547 فەرمانبەر دادەمەزرێنێ، بەمەش ژمارەی فەرمانبەران لەهەرێمی کوردستاندا لە 616302 فەرمانبەرەوە دەگاتە 6625849.

شێخ بایز تاڵەبانی، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەو ژمارەیە لە فەرمانبەرانە دادەمەزرێنین و لە بودجەی ئەمساڵیش مووچەیان بۆ تەرخانکراوە".

لەنێو ئەو 616 هەزار فەرمانبەرەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نزیکەی نیوەی بۆ پێشمەرگەو ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆیە، بەشێوەیەک پێشمەرگە 122 هەزار، وەزارەتی ناوخۆ 90 هەزار، ئاسایش 35 هەزار، پەروەردە 122 هەزار، تەندروستی 38 هەزار، شارەوانی 32 هەزار، کارەبا 15 هەزار، خوێندنی باڵا 18 هەزار و وەزارەتی کشتوکاڵیش 14 هەزار فەرمانبەری هەیە.

بەپێی ئەو زانیاری و ژمارە فەرمیانەی دراوەتە (رووداو) زۆرترین دامەزراندنەکان بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە، تەندروستی، خوێندنی باڵا و، ناوخۆو ئاسایشی گشتی هەولێر دەبن.

**وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت و ژمارەی ئەو فەرمانبەرانەی دایدەمەزرێنێ**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | پەروەدە | 1500 |
| 2 | تەندروستی | 1100 |
| 3 | ناوخۆ | 900 |
| 4 | ئاسایشی هەولێر | 1190 |
| 5 | ئاسایشی سلێمانی | 300 |
| 6 | پەرلەمان | 28 |
| 7 | ئەنجوومەنی دادوەری | 250 |
| 8 | ئەنجوومەنی وەزیران | 73 |
| 9 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە | 150 |
| 10 | کشتوکاڵ | 250 |
| 11 | شارەوانی | 750 |
| 12 | گواستنەوەو گەیاندن | 200 |
| 13 | رۆشنبیری | 250 |
| 14 | کاروباری کۆمەڵایەتی | 300 |
| 15 | کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | 120 |
| 16 | ئەوقاف | 170 |
| 17 | دارایی و ئابوری | 332 |
| 18 | پیشەسازی | 60 |
| 19 | داد | 130 |
| 20 | کارەبا | 250 |
| 21 | پلاندانان | 105 |
| 22 | سەرچاوە سرشتییەکان | 150 |
| 23 | دەستەی وەبەرهێنان | 55 |
| 24 | خوێندنی باڵا | 912 |

بۆ نەهێشتنی PKK

# ئەمریکا گوشار دەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان

**رووداو- AFP**

وەزیری بەرگریی ئەمریکا رایگەیاند کە حکومەکەی گوشاری خستووەتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەسەر خاکەکەی.

رۆبەرت گیتس، هەفتەی رابردوو لەکۆتایی سەردانەکەیدابۆتورکیالەئیستەنبول‌رایگەیاند ئەمریکا لەساڵی 2007ەوە بڕیاریداوە یارمەتی تورکیا بدات " بە پێداویستی گرنگ لە بواری هەواڵگریی و چاودێری و بەدواداچوون، جگە لە ئامێری دیکە" بۆ بەرەنگاربوونەوەی PKK. هەروەها گوتیشی لەو سەردانەیدا"پێشنیازم کرد ئایا میکانیزمی دیکە هەن بەهاوبەشی بەکاریانبێنین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە". هەروەها گوتیشی جەنەراڵ رای ئۆدێرنۆ، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لەبارەی "پلانێکی کار" گفتوگۆیان کردووە لەگەڵ ئەنقەرە بۆ یارمەتیدانی زیاتری تورکیا لەو بوارەدا. گیتس گوتیشی " هەستدەکەم ئێمە بەرەو هاوکارییەکی زیاتر هەنگاو دەنێین".

هەروەها وەزیری بەرگریی ئەمریکا رایگەیاند کە ئەوان پشتیوانی لە پرۆسەی کرانەوە بەرامبەر کورد دەکەن کە حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بە نێوی " کرانەوەی دیموکراسی" رایگەیاندووە، گوتیشی ئێمە خەریکی گوشار کردنین لە حکومەتی کوردی لە باکووری عێراق بە نەهێشتنی PKK.



عوسمان بانیمارانی و سەفینی مەلا قەرەی لێبووە

# تەقە لە نزیک بارەگای گۆڕان لە شەقڵاوە دەکرێت

**رووداو-هەولێر**

ئێوارەی 2010/2/13 لەو کاتەی دوو سەرکردەی بزووتنەوەی گۆڕان لە بارەگای گۆڕان دەبن لە شەقڵاوە، چەند گوللەیەک دەتەقێنرێن، ئاسایشی شەقڵاوەش دەڵێت ئەو گەنجەی تەقەی کردووە سەرخۆش بووە، گۆڕانیش دەڵێت" دوو ئۆتۆمبێلەکە پێشتر شکاندوویانەتە سەر یەکێک لە پاسەوانەکانی بارەگاکە".

عوسمان بانیمارانی هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکدا بە (رووداو)ی گوت " تەقە لە ئێمە و لە بارەگای بزووتنەوەی گۆڕان لە شەقڵاوە نەکراوە، بەڵام ناشکرێت بڵێین هیچ نەبووە، شت بووە". روونیشیکردەوە لەوکاتەی ئەو و سەفینی مەلا قەرە لە بارەگای بزووتنەوەی گۆڕان بوون لە شەقڵاوە "دوو ئۆتۆمبیلی جۆری BMW و ڤێکترایەکی رەش، یەکێکیان کورێکی لاسار و سەرخۆش، ئیدی نازانم لەبەر سەرخۆشی یان تەوجیهکراوە چەند تەقەیەکی بە ئاسماندا کرد، ئۆتۆمبیلێکی دیکەشیان شکاندوویەتییە سەر پاسەوانی بارەگاکە، پاسەوانانی بارەگاکەش تەقەیان لێکردوون، ئەوانیش رایانکردووە".

لەبارەی هەڵوێستی ئاسایش و پۆلیس عوسمان بانیمارانی گوتی "بەرپرسی لقی شەقڵاوەی پارتی داوای لێبووردنی کرد، قایمقام و ئاسایش و پۆلیس داوای لێبووردنیان کرد، بەڵام ئێمە داوامانکرد ئیجرائاتی یاسایی بکەن بۆ ئەوەی ئەو شتانە دووبارە نەبێتەوە".

دڵشاد میران، بەڕێوەبەری ئاسایشی شەقڵاوە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) نکۆڵی لەوەکرد ئەو تەقەکردنە لە بارەگا و هەڵسوڕاوانی گۆڕان کرابێت، لەو بارەیەوە بۆ (رووداو) گوتی "تەقە لە سەفینی مەلاقەرە و عوسمان بانیمارانی نەکراوە و بۆ خۆشیان گوتویانە تەقە لە ئێمە نەکراوە"، دووپاتیشیکردەوە "لەو کاتەی رووداوەکە روویداوە رێگە گیراوە، ئیدی گەنجێکی سەرخۆش کە بەوێدا تێپەڕیبوو، تەقەی بە ئاسماندا کردووە".

بانیمارانی لەبارەی گومانیان لەوەی ئەو رووداوە لابەلا بوو بێت، گوتی "دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە دەریدەخات ئەو مەسەلەیە چۆنە، ئێمە گومان دەکەین، بەڵام قایمقام و ئاسایش بەڵێنیان پێداین لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بکرێت و کەسەکان دەستگیر بکرێن".

**گەنجێکی سەرخۆش تەقەی کردووە**

بەڕێوەبەری ئاسایشی شەقڵاوە



**نازانم ئەو گەنجە سەرخۆش بووە یان راسپێردراوە**

بانیمارانی

# رووداو رێنماییەکانی وەرگرتنی پاسپۆرتی A بڵاودەکاتەوە



**ئاری عوسمان**
**رووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر دەستیکرد بە دروستکردنی پاسپۆرتی جۆری A، بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێریش رایگەیاند کە تائێستا کارەکانیان لە قۆناخی تاقیکردنەوەدایە و لە ئایندەدا دەتوانن رۆژانە 300-500 پاسپۆرت بدەنە هاووڵاتیان.

عەقید دیدار عومەر، بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو پاسپۆرتەی ئێستا دەیدەنە هاووڵاتیان بەشی هەموو خەڵک دەکات، بۆیە داوا لە هاووڵاتیان دەکات پەلە نەکەن لە وەرگرتنی پاسپۆرت "لەو قۆناخەدا با تەنیا ئەوانە سەردانمان بکەن کە پێویستی زۆریان بە پاسپۆرتە، یان نەخۆشن و دەچنە دەرەوەی وڵات".

ئێستا هاووڵاتیان بە لێشاو روو لە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر دەکەن بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت بەمەش پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکە دروستبووە. بەڕێوەبەری پاسپۆرتی هەولێر هاووڵاتیانی دڵنیا کردەوە کە لە ئایندەدا سەرجەمیان دەبنە خاوەن پاسپۆرت و گوتی "دەتوانین رۆژانە زیاتر لە 300 تا 500 پاسپۆرت بدەینە هاووڵاتیان،بەڵام بەهۆی ئەوەی تائێستا بەشێوەی TEST کاردەکەین و ناوەناوەش تۆڕی پەیوەندیەکەمان بۆ ماوەیەکی درێژ دەپچڕێت لەگەڵ بەغدا بۆیە کارەکانمان دەوەستن".

بۆ چارەسەری ئەو قەرەباڵغییەی لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی هەولێر دروستبووە، عەقید دیدار گوتی "رۆژانە بەپێی پیتە ئەبجەدییەکان مامەڵەی هاووڵاتیان دەڕوێنین، بۆ نموونە ئەوانەی ناوەکەیان بە پیتی (ا) دەستپێدەکات رۆژی 2/8 سەردانیان کرد، ئەوانەی ناوەکانیان بە (ە) یان (و) یان (ی) دەتوانن لە 2010/2/21 سەردانمان بکەن"، عەقید دیدار گوتیشی "هەر 10 رۆژ جارێک پیتەکان دووبارە دەبنەوە".

عەقید دیدار گلەیی لە هاووڵاتیان کرد کە زۆر پەلە دەکەن لە دەرهێنانی پاسپۆرت، بەڵام لە کاتی تەواوبوونی پاسپۆرتەکانیان، ناچن وەریبگرنەوە "ئێستا زیاتر لە هەزار پاسپۆرتمان تەواو کردووە، خاوەنەکانیان تائێستا نەهاتوون وەریبگرنەوە"، بۆیە ناوبراو دەڵێت "ئەگەر لێشاوی هاتنی هاووڵاتیان بەردەوام بێ بۆ دەرکردنی پاسپۆرت بەبێ ئەوەی پێویستیان پێی بێ، ناچارین بڕیارێک دەربکەین، هەر کەسێک پاسپۆرت دەربێنێ و لە ماوەی مانگێکدا سەفەری پێنەکات بە پارەیەکی زۆر غەرامەی بکەین".

**هاووڵاتیان دەتوانن بەپێی زنجیرەی پیتی یەکەمی ناوەکانیان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پاسەپۆرت بکەن**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | أ | 2010/2/8 |
| 2 | ب - ت -ث | 2010/2/9 |
| 3 | ج -ح -خ - چ | 2010/2/10 |
| 4 | د - ذ - ر -ز - ژ | 2010/2/11 |
| 5 | س - ش | 2010/2/14 |
| 6 | ص - ض - ط - ظ | 2010/2/15 |
| 7 | ع - غ - ف - ق | 2010/2/16 |
| 8 | ک - گ - ل -ن | 2010/2/17 |
| 9 | م | 2010/2/18 |
| 10 | هـ - و - ي | 2010/2/21 |
| 11 | أ | 2010/2/23 |
| 12 | ب - ت -ث | 2010/2/24 |
| 13 | ج -ح -خ - چ | 2010/2/25 |
| 14 | د - ذ - ر -ز - ژ | 2010/2/28 |
| 15 | س - ش | 2010/3/1 |
| 16 | ص - ض - ط - ظ | 2010/3/2 |
| 17 | ع - غ - ف - ق | 2010/3/3 |
| 18 | ک - گ - ل -ن | 2010/3/4 |
| 19 | م | 2010/3/9 |
| 20 | هـ - و - ي | 2010/3/10 |

**ئەوانەی سەردانی پاسپۆرت دەکەن دەبێ ئەو پێداویستیانەیان پێ بێت**

- ناسنامەی باری شارستانی (نفوس) (ئەسڵی و کۆپی رەنگاو رەنگ).
- رەگەزنامە (جنسیە) (ئەسڵی و کۆپی رەنگاو رەنگ).
- فۆرمی خۆراک (ئەسڵی و کۆپی رەنگاو رەنگ).
- سێ وێنەی رەنگاو رەنگی تایبەت بە پاسپۆرت.
- چەکێکی بانکی بە بڕی 25 هەزار دینار.

**چۆنیەتی دەستکەوتنی فۆرمی پاسپۆرتی جۆری A**

- سەردانی ئەو وێب سایتە بکە www.iraqinationality.com
- کلیک لەسەر بەشی کوردی وێبسایتەکە بکە.
- لیستی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پاسەپۆرت هەڵبژێرە.
- کلیک لەسەر خزمەتگوزاری ئەلیکترۆنی بکە.
- کلیک لەسەر فۆرمی بەدەستهێنانی پاسپۆرت بکە.
- کە فۆڕمەکە کرایەوە خانە داواکراوەکانی فۆرمەکە پڕ بکەوە.
- فۆرمەکە چاپ بکە.
- فۆرمە چاپکراوەکە و پێداویستییەکانی دیکە تەسلیم بە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرتی شارەکەت بکە.

# چار کەسا بجلوبەرگێن پولیسا و بناڤێ ئاسایشێ مالەکێ دشەلینن

غەفار ئەوێ مالا وی هاتیە شەلاندن:دەستێن مە کەلامچەکرن و 70هزار دۆلارێن مە برن

**عەبدوللا نهێلی**
**رووداو-ئامێدی**

ل گوندەکێ دەڤەرا ئامێدیێ دەستو پێن خێزانەکێ هاتنە گرێدان کو ئێک ژوان پیرەکا تەمەن 80 سالیە و مالا وان شەلاند.

ل شەڤا 7- 2010/2/8 ل گوندێ بۆتیا سەر ب کۆمەلگەها قەدش، کو دکەڤیتە رۆژهەلاتێ قەزا ئامێدیێ، 4 کەسێن نەنیاس ب جلوبەرگێن پولیسانڤە دچنە بەر دەرگەهێ مالەکێ و ب هێزا چەکی هەموو ئەندامێن مالێ کەلامچەدکەن، پاشان ل مالا وی دگەرن و وەک خودانێ مالێ دبێژی پتر ژ 70هزار دۆلارێن وان دزین.



دزا ئەو سێ ژنە ژی ب کەلەبچا گرێدابوون (فۆتۆ:رووداو)

غەفار عەبدولجەبار، تەمەن 54 سال، سەرۆک خێزانێ وێ مالێ کو دەست و پێن وی هاتبوونە کەلامچەکرن، شەلاندنا مالا خۆ بۆ (رووداو) ڤەگێڕا و گۆت "دەمژمێر 12:15 شەڤێ بوو، سێ جاران کەسەکی گازیکر: غەفار، غەفار، غەفار، ل وی دەمی خویشکا من یا هشیاربوو، گۆت ئەز دێ دەرگەهی ڤەکەم، پاشان، کەسەک ب جلوبەرگێن پولیسان ب زۆر کەفت و یەکەم جار دەبانجا من ژمن وەرگرت، پاشی گۆت: ئەم ژ ئاسایشا سەرسنکێ هاتینە دێ پشکنینا مالا هەوە کەین".

غەفار دبێژی وی دەمێ کەهرەب نەبوو، ئەو کەسێن نەنیاس ب رێکا لایتەکێ ب زۆر کەفتن دەست و پیێن غەفار و سێ خوشێن وی یێن نەشویکری دگەل دایکا وی یا 80سالی ب قومچێن تایرێن ترومبێلا کەلامچەکرن.

غەفاری گۆت " وان داخازا پارا کرو چۆنە ژۆرا مە یا پشتێڤە 70 هزار دۆلار مە هەبوون، دگەل دەبانجەکێ و کلاشینکۆفەک و مۆبایلا من و گوهارکێن زێری یێن خویشکا من برن".

دەمێ غەفار بەحسێ ڤێ رووданێ دکر، چاڤێن دایک و خوشکێن وی تژی رۆندک بوون و دەنگێ گریا وان بلند بوو. غەفار دبێژی" ئاخفتنا وان هەر وەک مە بوو، سەرو چاڤێن خۆ گرتبوون، ئێکسەر مۆبایلێن مە راکرن، گەف لمەکرن و گۆتن: نابیت ئێک خۆ بلڤینیت ئەگەر نە دێ تژی سەرێ هەوە رساس کەین".

هەروەکو غەفار دبێژی، وان چ کێشە دگەل کەسێ نینە و شک لسەر کەسێ ژی نینە "دەستێ خویشکەکا من یێ سست بوو، شیيا خو ڤەکەت، پاشان دەستێن مە ژی ڤەکرن، هەر ل وێ شەڤێ مە پولیسێن قەدش ئاگادارکرن هاتنە دەف مە و دەست ب ڤەکولینا کر".

غەفار و سێ خویشکێن خۆ دایکا خۆ بێکڤە دخانیەکێ بێ سەروبەردا دژین، کو هێشتا دەرگەهێن مالا وان د بێ قفلن و لهیڤیێ بوون ب وان پاران خانیەکێ بو خۆ دروست بکەن، بەلێ پارەیێن وان هەمی چۆن و، خانیێ وان هەروەکو خۆ ما.

دایکا غەفار ب سەرێ سپی و چاڤێن تژی رۆندک ڤە گۆت "ئەز هندە لێ هاتیمە، من ئەڤ زولم و ترسە نەدیتییە، هێڤیدکەم خودێ حەقێ مە ژێ ڤە کەت".

رێڤەبەریا گشتی یا ئاسایشا دهۆکێ، راگەهاند پشتی ئەو هاتینە ئاگادارکرن ئێکسەر دەست ب دیڤچۆنێ کریە، بەلێ هەتا نووکە کەس دەستەسەر نەکرینە.

ژێدەرەکێ بەرپرس ژ رێڤەبەریا ئاسایشا پارێزگەها دهۆکێ تایبەت بۆ (رووداو) دیارکر "راستە ئەوان کەسا بناڤێ ئاسایشا سەرسنکێ ئەڤ کارە کریە، بەلێ چ راستی بو ڤێ چەندێ نینە". هەروەسا گۆت "ژبەرکو ئەوان کەسا بناڤێ ئاسایشێ ئەڤ کارە کریە، لەورا مە هەمی هەولێن خۆ ئێخستینە دکارێ دیڤچۆنا ڤێ روودانێ، داکو وان کەسان بگرین".

ئەوی ژێدەرێ رێڤەبەریا ئاسایشا دهۆکێ نەدڤیا ناڤێ وی بهێتە ئاشکراکرن ب رێکا رووداو سوزدا وێ خێزانێ و خەلکێ وێ دەڤەرێ کو ل نێزیک دێ ئەو کەس هێنە دەستەسەرکرن و برێکا دادگەهێ دێ گەهنە سزایێن خۆ.

## ڕیپۆرتاژ

سامی شەبەک لە هاوپەیمانی کوردستانی کشایەوە



ڕووداو - هەولێر

سامی شەبەک، پاڵێوراوی ژمارە 18ی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پارێزگای هەولێر لەسەر کۆمەڵەی لیبرالی تورکمانی کە خۆی سکرتێریەتی، لەبەر "هۆکاری تەندروستی" کشایەوە. سامی شەبەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هیچ هۆکارێکی سیاسی لە پشت کشانەوەم لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان نییە، تەنیا باری تەندروستی خۆم و خێزانەکەمە، من کە دوو خول پەرلەمانتار بووم و شەش ساڵ لەبەغدام، ماندوو بووم، بۆم دەرکەوت ناتوانم ئەرکەکەم جێبەجێبکەم، بەتایبەت کە خێزانەکەم نەخۆشە". شەبەک گوتیشی "کۆمسیۆن و هاوپەیمانی کوردستانم لەو خۆکشانەوەیە ئاگادار کردووەتەوە".

# تاڵەبانی پێشنیازی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ کشانەوەی چەند کاندیدێکی یەکێتی لە هەولێر ڕەتدەکاتەوە



### بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی لە هەولێر:

## سوپاسی هەر کاندیدێکی یەکێتی دەکەین بەئارەزووی خۆی لەهەولێر بکشێتەوە

**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی سەرچاوەیەک، کۆسرەت ڕەسوڵ پێشنیاز دەکات کە چەند کاندیدێکی یەکێتی لە هەولێر بکشێنەوە بۆ ئەوەی دەنگەکانی یەکێتی پەرت نەبن، بەڵام تاڵەبانی ئەم پێشنیازە ڕەتدەکاتەوە.

کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکانی یەکێتیدا قورسایی خۆی سەپاند و توانی لە کۆی 38 مەڵبەند لە 19دا براوەبێت و کاندیدەکانی ببنە بەرپرسی ئەو 19 مەڵبەندە، کاریگەرترین دوو مەڵبەندیشی مەڵبەندی 3ی هەولێر و 2ی کەرکووک بوو. ئەوکات باڵی ڕیفۆرم کە نەشیروان مستەفا ڕابەرایەتی دەکرد تەنیا لە 5 مەڵبەندا بردیەوە. بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕاگەیاندن باسی ئەوە دەکرێ کە هەوڵدەدرێ ئەو پێگەیەی لەنێو یەکێتیدا لاواز بکرێت. لەوانەش کردنەوەی دەرنەچووەکان لە کەرکووک بە بەرپرسی گەورە، کە دیاریترینیان کردنەوەی لقی کەرکووکی مەکتەبی پەیوەندییەکان بوو بۆ محەمەد دێشوانی، لەکاتێکدا لەهیچ پارێزگایەکی دیکەی کوردستان یەکێتی لقی ئەم مەکتەبەی نییە.

کەرکووک 12 کورسی هەیە لەپەرلەمانی عێراقدا، چاوەڕێ دەکرێت پشکی کورد لەنێوان 8 بۆ 7 کورسیدا بێت، مام ڕۆستەم، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" گۆڕان لەکەرکووکیش هاوشێوەی سلێمانی براوە دەبێت". هەرچەندە مام ڕۆستەم، هیچ ژمارەیەکی نەدا، بەڵام گوتی" دەنگێکی بەرچاو بەدەستدێنین"، گۆڕان لە کەرکووک ئەگەر سێ کورسیش بەدەست نەهێنێت، ئەوا کەمتر لە 2 کورسی ناهێنێت. بەپێی گوتەی کەسێکی ئاگادارای بزووتنەوەی گۆڕان چاوەڕێن لە کەرکووک 2 کورسی تاوەکو 3 کورسی بەدەستبێنن، لە ئەگەرێکیشدا پارتی لە کەرکووک ئەگەر 2 کورسی نەهێنێت ئەوا یەک کورسی دێنێت و ئەو کورسییەش بۆ عارف تەیفور دەبێت، ئەگەر هێزە ئیسلامییەکانیش هیچ کورسییەک لە کەرکووک بەدەست نەهێنن، لە ئەگەرێکدا یەکێتی زیاتر لە 4 کورسی بەدەست ناهێنێت و لەو چوار کورسییەش هیچ کاندیدێکی کۆسرەت ئەگەری دەرچوونی نییە، چونکە بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک بۆ (ڕووداو) "زیاتر کار بۆ کاندیدە لایەنگرەکانی باڵی مام جەلال دەکرێ".

کاتێک تاڵەبانی بووە سەرۆک کۆمار، هاوشانی وێنەی تاڵەبانی وێنەی کۆسرەت ڕەسول هەڵدەواسرا بە ئۆتۆمبێلی یەکێتییەکان و لە ئاهەنگاکانیاندا بەرزدەکرایەوە، ئەو یەکێتییانەی لەشەری ناوخۆدا چووبوونە سلێمانی چەند بەناوی یەکێتییەوە دەناسران زیاتر بە کۆسرەتییەکان بانگ دەکران، کە باسی یەکێتی دەکرا لەهەولێر، وێنەیەکی کۆسرەت ڕەسوڵ دەهاتە پێش چاو، بەڵام بەپێی سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان ئێستا کار بۆ کاڵکردنەوەی ئەم وێنەیە دەکرێت.

لەپارێزگای هەولێر 148 کاندید لە 9 قەوارەی سیاسیدا کێبرکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی 14 کورسی پارێزگای هەولێر. پارتی دەیەوێت چۆن خاوەنی دهۆکەو پێگەی جەماوەری لە پارێزگای موسڵ بەهێزە، هەولێریش لەدەست خۆیدا بهێڵێتەوە، بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، پارتی چاوەڕێی 7 کورسییە لە هەولێر، ئەگەر پارتی لە هەولێر 6 کورسی بێنێت و یەکگرتوو و کۆمەڵیش هەریەکەو کورسییەک بێنن و هیچ هاوپەیمانێکی یەکێتی و پارتیش کورسی بۆ نەمێنێت ئەوا گۆڕان و یەکێتی 6 کورسییان بۆ دەمێنێتەوە، کەسێکی ئاگادار لە ئۆفیسی هەولێری بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" بەپێی ئەو کارانەی کردوومانن بێگومانین لە بەدەستهێنانی 3 کورسی لە هەولێر".

گریمان یەکێتی نەک 3 کورسی 4 کورسی بەدەست بێنێت، تاڵەبانی بەشێوەیەک کاندیدەکانی خۆی داناوە کە بتوانێت زۆرترین کورسی هەولێر بۆ ئەو بێت. بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک بۆ (ڕووداو) ئەو کاندیدانەی تاڵەبانی دایناون کورسی بێنن" د.فوئاد مەعسوم بۆ ناوچەی کۆیە، سەعدی پیرەو خەمان زرار بۆ ناو سەنتەری هەولێر، فریاد ڕەواندزیش بۆ دەڤەری سۆران و باڵەکایەتییە". جگە لەم دابەشکردنە، لەرووی ناسراوییەوە ئەو کاندیدانە لە کاندیدەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ ناسراوترن.

بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ" کۆسرەت ڕەسوڵ کار بۆ هەر چوار کاندیدەکەی ژین نوری ئیسماعیل، عوسمان شوانی، کەمال ئیبراهیم حەسەن (ملازم کەمال)، مامۆستا جەمال، ئەو دوو کاندیدەش کە زۆرترین کاریان بۆ دەکات عوسمان شوانی و مامۆستا جەماله". بەپێی گوتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری یەکێتی بەهێزترین کاندیدی یەکێتی لە هەولێر سەعدی پیرەیە، کە لە هەڵبژاردنی مەڵبەندەکاندا لە بەرامبەر کاندیدی باڵەکەی کۆسرەت ڕەسوڵ کە بەکر مستەفابوو، دەرنەچوو.

بەپێی گوتەی هەمان سەرچاوە، پاش ئەوەی کۆسرەت ڕەسوڵ، تێدەگات کە ئەگەری دەرچوونی یەک کاندید لەوپەڕی حاڵەتدا دوو کاندیدی هەیە "پێشنیازی بۆ مام جەلال کردووە، چۆن پارتی لە سلێمانی تەرکیز لەسەر 4 کاندید دەکات، ئەمانیش لە هەولێر تەرکیز لەسەر 5 کاندید بکەن بۆ ئەوەی دەنگەکانی یەکێتی پەرت نەبن بەسەر هەموو کاندیدەکانی لیستەکەداو ئەو 5 کاندیدەی خۆیان دەیانەوێت تەنیا دەنگ بۆ ئەوان بدرێت، بەڵام مام جەلال بەوە ڕازی نەبووە". بەوشێوەیە بەپێی ئەو سەرچاوەیە ئەگەری دەرچوونی یەک کاندیدی کۆسرەت ڕەسوڵ هەیە بۆ پەرلەمانی عێراق، دوای ئەوەی 19 مەڵبەندی لەساڵی 2006دا بەدەستەوەبوون.

بەکر مستەفا، بەپرسی مەڵبەندنی هەولێری یەکێتی، ئەوە ناشارێتەوە کە ئەوان پێیان باش بووە چەند کەسێک بکشێنەوە" وەک خۆم و کاک کۆسرەتیش هەمان بۆچوونی هەبوو کەچەند کاندیدێک بکشێنەوەو کاندیدەکان کەمتربووان باشتربوو، بۆ ئەوەی ئەو چەند کاندیدە تەواوی دەنگەکانی یەکێتیان بۆ بهاتبایەو هیچ دەنگێکی یەکێتی بەهەدەر نەچووبا".

یەکێتی ئێستا 10 کاندیدی هەیە لە هەولێر، بەڵام پارتی بۆ پەرتنەبوونی دەنگەکانی 9 کاندیدی هەیە. بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی، کشانەوەی کاندیدەکانیان بە قورس دادەنێ لەو کاتەدا" ئیدی قورسە بە کاندیدێک بگوترێ بکشێوە، چونکە ئەگەری هەیە زویر بێت و کار بۆ لیستەکە نەکات، بەڵام هەر کاندیدێک خۆی بکشێتەوە سوپاسی دەکەین".

بەرپرسی مەڵبەندی هەولێر ئەوە ناشارێتەوە کە پێویستە کار بۆ چەند کاندیدێک بکەن" شتێکی وامان بەگوێی ڕێکخستنەکانی خۆماندا داوە کە تەرکیز لەسەر چەند کەسێک بکەن، بەڵام وەک خۆم تاوەکو ئێستا قسە دەکەم بەفەرمی دەڵێم 10 کاندیدمان هەیە".

### بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی:

# کورد 20%ی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بەدەستدێنێ

**هێمن بابان**
**ڕووداو-هەولێر**

جەعفەر ئیمنکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو)، لەبارەی پێشبینیان بۆ پێگەی کورد لەپەرلەمانی ئایندەی عێراقدا، کەهەندێ کەس پێیوایە ئەمجارە پێگەیەکی لاواز دەبێ و پۆستە سیادییەکان لە دەستدەدات گوتی "پێگەی کورد لەعێراقدا بەهێزە، دڵنیام لەوەی پۆستە سیادییەکان

## پارتی هەوڵی ئاشتکردنەوەی یەکێتی و گۆڕانی داوە

دێنەوە دەست کورد، چاوەڕوانی ئەوە دەکەین پاش ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ لیستەکانی دیکەی وەک گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو و ئەوانیدیکە فراکسیۆنێکی بەهێزی کوردی دروست بکەین".

لەبارەی ڕێژەی ئەو دەنگانەی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە یەکێتی و پارتی دوو لایەنی سەرەکیەکەین، ئیمنکی گوتی " کورد لە پەرلەمانی داهاتوودا نزیکەی 20%ی کورسییەکان بەدەستدێنێت، ئێمە وەک لیستی هاوپەیمانی کوردستانی مەزندە دەکەین 15%ی ئەو کورسییانە ببەینەوە". هەروەها گوتی بەپێی لێکدانەوەو ڕاپرسییەکانی ئەوان" لە پەرلەمانی داهاتوودا کورد نزیکەی 60 کورسی دێنێت، کە بەشی هاوپەیمانی کوردستانی 46 کورسی دەبێت، گۆڕان 10 کورسی، یەکگرتوو 3 کورسی، کۆمەڵ 2 کورسی".

ئیمنکی کە بەرپرسی سکرتاریەتی باڵای لیستی هاوپەیمانی کوردستانە، گوتی پارتی چاوەڕوانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2010/3/7 نییە بۆ ئەوەی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دا لەگەڵ ئەو لایەنەدابێت کە دەنگی زیاتر دێنێ لەو هەڵبژاردنەدا، لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەوە لە بەرنامەی پارتیدا نییە ئاراستەی هاوپەیمانێتییەکەی بەو شێوەیە بێت کە کێ دەنگی زیاتری هێنا لەگەڵ ئەو لایەنە ڕێککەوتنی ستراتیژی هەبێت، پارتی بیر لە شتی وا ناکاتەوە و سوورە لەسەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ یەکێتی، چونکە لەبەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە". لەمەڕ ئامادەیی پارتی بۆ چوونە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ گۆڕان دا وەکو ئەوەی لەگەڵ یەکێتی هەیەتی، ئیمنکی دەڵێت" ئەوە لەسەر گۆڕان دەمێنێت، گۆڕان هێشتا بزووتنەوەیە، وەکو حیزبێکی سیاسی خۆیان ڕانەگەیاندووە، ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی پێویستییەکی مێژوویی بوو، کەی پێویستییەکی مێژوویی دیکە هەبێت، پارتی ئەوکات بە جیدی دیراسەی دەکات لەگەڵ هەموو حیزبەکانی کوردستان ڕێککەوتننامەی ستراتیژی هەبێت".

جەعفەر ئیمنکی کە هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتییە، ئەو قسانەشی بەدرۆ خستەوە گوایە لەسەر مامەڵەی نەرمی لەگەڵ گۆڕان دا یەکێتی گلەیی لەسەرکردایەتیی پارتی کردبێت، لەمبارەیەوە جەختی کردەوە" تا ئێستا سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی یەکێتی و پارتی گلەییان



## هاوپەیمانی 46، گۆڕان 10، یەکگرتوو 3، کۆمەڵ 2 کورسی دەبەنەوە

لە نەرم مامەڵەکردنی پارتی لەگەڵ گۆڕاندا نەکردووە، بگرە سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت با دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتی هێرشی توند نەکەنە سەر گۆڕان، چونکە بە زیانی پەیامی هاوپەیمانی کوردستانی تەواو دەبێت"، دووپاتیشیکردەوە پارتی لەتەشەنەکردنی بارودۆخی نێوان یەکێتی و گۆڕان ناترسێت، چونکە " پێمانوایە سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕان دەتوانن زاڵ ببن بەسەر کێشە و تەگەرەکانی نێوانیان"، ڕوونیشیدەکاتەوە "پارتی هەوڵی کۆکردنەوە و ئاشتبوونەوەی یەکێتی و گۆڕانی داوە".

# گەلاڕێزانی پۆستەرەکان دەستپێکرد











**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

پاش تێپەڕینی دوو کاژێر و نیو بەسەر دەستپێکردنی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، لیستەکان لە سلێمانی کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکتری بەپێشێلکردنی ڕێوشوێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دانراوە، لیستی دەسەڵاتیش لەنێو ئەو لیستانەدایە کە هاواری دڕاندنی پۆستەرەکانی دەکات و یەکەمین حاڵەتی توندوتیژیش لەسەیدسادقەوە تۆمارکرا، کە بریندار بوونی هەڵسوڕاوێکی گۆڕانی لێکەوتەوە.

### پاسەوانەکانی بەرپرسی کۆمیتە تەقەی لێکردین

چاودێرانی سیاسی پێیانوابوو لە هەڵمەتی پروپاگەندەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، سەرهەڵدانی توندوتیژی ئەگەرێکی دوورە، کەچی لە کاژێر 3:30ی یەکەمین شەوی دەستپێکردنی بانگەشەدا لە سەیدسادق، هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان لەلایەن پاسەوانی بەرپرسی کۆمیتەیەکی یەکێتی لەو شارەدا بریندار کرا. ئەحمەد قاجری، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان

## وێنەیان بەدیواری ماڵەکەی خۆمەوە دڕاندوون

**سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە سلێمانی**

لەسەیدسادق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی لەگەڵ چەند یاریدەدەرێکم سەرقاڵی هەڵواسینی پۆستەر و دروشمەکانی گۆڕان بووین، لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەی چواری سەیدسادق بەناوی سەرتیپ سابیر و چەند پاسەوانێکیەوە ڕێگریمان لێکراو دواتریش تەقەیان لێکردین، کەیەکێک لەهاوکارەکانم بەناوی (حەیدەر مەحموود) بریندار بوو".

ئەحمەد قەدەفەری، بەرپرسی مەڵبەندی شارەزووری یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە تەقەکەرەکەیان دەستگیرکردووەو تەسلیمی پۆلیسیان کردووە. قەدەفەری گوتی"هەرچەندە خەتای ئەوانیش بووە، بەڵام ئێمە ئەو کەسەمان

## ئەگەر لەوە زیاتر بێزار بکرێین سکاڵا تۆمار دەکەین

**کاندیدێکی یەکگرتوو**

گرتووە کە تەقەی کردووەو داومانەتە پۆلیس". بەڵام ڕائید حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق گوتی "تەقەکەرەکە تائێستا لەلایەن ئێمەوە دەستگیرنەکراوەو مەڵبەند لای خۆیان گرتوویانە".

### بەهارو پاییزی پۆستەر پێکەوەهاتن

هەڵواسین و لێکردنەوەو دڕاندنی پۆستەرەکان هاوکاتی دەستپێکردنی بانگەشەبوون، لە یەکەم ڕۆژی هەڵواسینی پۆستەرەکان، وەرزی وەراندنیشیان دەستپێیکردو، چاوەڕوان دەکرێت لە ڕۆژانی داهاتوودا گەلاڕێزانی پۆستەر و وێنەی پاڵێوراوەکان لەنێو شەقام و شوێنە گشتییەکانی شاری سلێمانیدا زیاتر ببێت و هەموو لیستەکانیش ڕای گشتیان لەوە ئاگادارکردووەتەوە کە پۆستەرو وێنەکانیان دڕێندراون.

تاهیر محەممەد ئەمین، بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی" پۆستەرەکان بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن هەڵنەواسراون". تاهیر محەممەد ئەمین دەڵێ ئەو پۆستەرانە بەشێوەیەک هەڵدەواسرێن کاتێک پۆستەرێک دەدرێت قەوارە سیاسییەکە خۆشی نازانێ سکاڵا لەدژی کێ تۆمار بکات. گوتیشی "لەوانەیە منداڵێکیش پۆستەر بدڕێنێت". ناوبراو داوای لە لیستەکان کرد پۆستەرەکانیان لە شوێنی بەرز و بە حەبل هەڵبواسن تا لێنەکرێنەوە.

حاکم فەرهاد ڕەسول، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی لە سلێمانی دەڵێ پۆستەر دڕاندن نەریتێکی دوورە لەدیموکراسی و هەر لەئێستاوە دەستپێیکردووە. ناوبراو گوتیشی "هەر ئەم بەیانییە چەند وێنەیەکی خۆم کە بەدیواری ماڵەکەی خۆمەوەبوون دڕێندراون و لێکراونەتەوە". حاکم فەرهاد گوتیشی "منداڵ بەکاردەهێنرێ و پۆستەریان پێدەدڕن، کە ئەمە نەریتێکی تەواو ناشیرینە".

کاندیدی ژمارە یەکی یەکگرتووی ئیسلامی لەسلێمانی ڕایگەیاند پۆستەرەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کەوتوونەتە بەر شەپۆلی دڕاندن و لێکردنەوە. بەکر حەمە سدیق بۆ (ڕووداو) گوتیشی "بەڵگەمان لایە کە کێ و چ لایەنێک ئەو کارانە دەکات و ئەگەر لەوە زیاتر بێزار بکرێین ناچارین سکاڵا تۆمار بکەین". سلێمان مینەش، کە کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامییە لە ڕانیە گوتی "بەڵگەی تەواومان لەبەر دەستە کێ پۆستەرەکانی دڕاندووین و، سکاڵا تۆمار دەکەین".

### بەنگلادیشی پۆستەر لێدەکەنەوە

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، دەسەڵات بەوە تۆمەتبار دەکات کە پۆستەرەکانیان دەدڕێنن، گوتیشی " لەخانەقین بەنگلادیشی بەکرێ دەگرن و پۆستەری پێدەدڕێنن". بەڵام محەممەد مەلا حەسەن، قایمقامی قەزای خانەقین ڕەتیکردەوە بەنگلادیشی بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێندرابن "ئەگەر بەنگلادیشی لێرە هەبن، جادەیان پێ پاک دەکەینەوە، نەک ئەوەندە بەتاڵ بن پۆستەر بدڕێنن".

مەلا حەسەن ڕەتینەکردەوە کە خەزانی پۆستەر گەیشتبێتە خانەقین "شارەکە ئارامە، بەڵام هەندێک پۆستەری لایەنەکان دڕێندراون".

## ڕیپۆرتاژ

پەیوەندی مالیکی و سەرکردەکانی کورد پتەوە



ڕووداو-سۆمەرییە نیوز
سامی عەسکەری، سەرکردەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات ڕایگەیاند پەیوەندیی نێوان نوری مالیکی و سەرکردەکانی کورد زۆر پتەوە. ناوبراو گوتی "ئاماژەی پۆزەتیڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان هەن"، ڕەتیشیکردەوە بڵاوکردنەوەی هێزی هاوبەش لەناوچە جێناکۆکەکان "موجامەلەی سیاسی" بێت.

# یاریدەدەرێکی تاڵەبانی و سەرکردەیەکی گۆڕان هەڕەشەی دانە دادگا لە یەکتر دەکەن



## جەوهەر کرمانج: ڕابردووی پێشێلکردووم، مافی خۆمە بیدەمە دادگا



## جەلال جەوهەر: ئەوە مافی منە جەوهەر کرمانج بدەمە دادگا چونکە قسەکانی منی گۆڕیوە

**ڕووداو- سلێمانی**

یاریدەدەرێکی تاڵەبانی سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکات کە "خەبات و قوربانیدانی چەند ساڵەی ڕابردووی یەکێتی پێشێلکردووە"، بۆیە بە مافی خۆی دەزانێ بیباتە بەردەم دادگا.

جەوهەر کرمانج، یاریدەدەری جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) نووسیویەتی کە مافی خۆیەتی سکاڵا لەسەر جەلال جەوهەر تۆمار بکات، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان. جەوهەر کرمانج لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) لەوبارەوە گوتی "هێشتا سکاڵام تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەوە مافی خۆمە و ئەوە بە بەپێشێلکاری دەزانم کە کەسێک ڕابردووم بەخیانەتکاریی نێوببات".

بەگوێرەی قسەکانی کرمانج، سەرکردەکەی گۆڕان "تۆمەتی خیانەت و جاشایەتی و دژ بە بەرەی گەلی داوەتە پاڵ تێکۆشەرانی یەکێتی لە ڕابردوودا، منیش بەشێکم لەو ڕابردووەدا هەیە کە 10 ساڵ پێشمەرگایەتی و 35 ساڵ تەمەنی گەنجێتیم لەسەری داناوە". جەوهەر کرمانج نووسیویەتی "دەبوو کۆنە مستەشارێکی فەوجە سووکەکان ئەو قسانەی بکردایە، کە دوای پرۆسەی ئازادی گەڕانەوە لای بەرەی میللەت".

جەلال جەوهەر، ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و یەکێک لە سەرکردەکانی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی ئەو لە قسەکانیدا لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا ئەو دەستەواژە و تۆمەتانەی بۆ کەس هەڵنەبەستووە کە جەوهەر کرمانج باسیان دەکات. بەڵام گوتی بە پێداگیرییەوە دەڵێ نادادپەروەرییەکی زۆر هەیە "من گووتوومە ناعەدالەتی هەیە، بۆ ئەو قسەیە 120 گەواهیدەرم هەیە، تاڵەبانیش ئەو قسەیەی کردووە، ئیدی شکایەت لەچی دەکات". جەلال جەوهەر گوتیشی "هەر کات دادگا لەسەر ئەو قسانەم بانگم بکات ئامادەم بچمە بەردەم دادگا و هەموومان لەبەردەم دادگا خۆمان بە بچووک دەزانین".

هەروەها دەڵێ "دەبوایە کاک جەوهەر وردتر بووایە لەهەڵبژاردنی وشەو ڕستەکانیدا، چونکە تۆمەتی جاش وخیانەتکار لەلایەن منەوە بەکارنەهاتووە. ئەوە هەڵبەستراوەو لەڕاستییەوە دوورن، دەبووایە بەسەر ئەو هەڵانەدا نەچێ، ئەمە زوڵمێکە کاک جەوهەر لە ئێمەی دەکات کە بەناڕەوا وشەو ڕستەکانی منی گۆڕیوەو دەستکاری نێوەڕۆکی قسەی ئێمە دەکات. ئێمە هیچ کەسمان بەخیانەتکار ناونەبردووە، ئەوە ئەوانن کە ئێمە بەخیانەتکار ناودەبەن، ئەو کەسانە بەخیانەتکار ناو دەبەن کە لەگەڵیان نین".

هەروەها گوتی "کەواتە ماف بەمنە سکاڵای لەسەر تۆماربکەم چونکە قسەی منی گۆڕیوە، زۆر دڵخۆشکەرە کە ئەوان پەنا دەبەنە بەر دادگا، شتێکی تازەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان پەنابەبەنە بەر دادگا. هیوادارم دادگا ببێتە دوایین ڕێگامان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان".

### لە دوای 2006 هاتوونەتە کەرکووک

# زیاتر لە 6500 خێزانی عەرەب لە کەرکووک دەنگدەدەن

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**ڕووداو- کەرکووک**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی بەرپرسی پۆلیسی گشتی شاری کەرکووک و دەزگا ئەمنییەکان و نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکووک پێکهێنراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەو عەرەبانەی لە دوای ساڵی 2006 ەوە هاتوونەتە کەرکووک کە زیاتر لە 8 هەزار خێزان دەبن.

عەبدوڵڵا فازڵ، بەرپرسی نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکووک، کاری ئەو لیژنەیەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە و گوتی "کاری ئەو لیژنەیە، زانینی ژمارەی تەواوی ئەو خێزانانەیە کە لەدوای ڕووداوی تەقاندنەوەی هەردوو مەزارگەی شیعەکان لە سامەڕا لە ساڵی 2006 لە پارێزگاکانی بەغداو دیالە ڕوویانکردووەتە شاری کەرکووک و بەشێوەی کاتی لە کەرکووک نیشتەجێبوون". ناوبراو گوتیشی "دەستمان کردووە بە سەرژمێرکردنی ئەو خێزانانە و ژمارەیان زیاتر لە 8 هەزار خێزان دەبێ و نزیکەی 1500یان گەڕاونەتەوە پارێزگاکانیان، بەڵام ناویان لە نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران نەسڕیوەتەوە". عەبدوڵڵا فازڵ ئاشکرایکرد هەر یەک لەو خێزانانە بڕی 1-1.5 ملیۆن دیناریان دەدرێتێ وەک یارمەتی، لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ پارێزگاکانیان.

سەبارەت بەبەشداریکردنی ئەو عەرەبانە لە هەڵبژاردنی 7ی ئادار، فەرهاد تاڵەبانی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی کەرکووکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو عەرەبانەی فۆرمی خۆراکیان بۆ کەرکووک گواستبێتەوە دەتوانن لەشاری کەرکووک دەنگبدەن، ئەگەرنا دەبێ لە ڕۆژی دەنگدان بچنەوە پارێزگاکانیان بۆ دەنگدان"، ناوبراو گوتیشی "نیوەی ئەو عەرەبانەی لە دوای 2006ەوە هاتوونەتە کەرکووک فۆرمی خۆراکیان بۆ کەرکووک گواستووەتەوە".




### بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێ 15% بمێننەوە

# پارتی و یەکێتی 10 پەرلەمانتاری خولی ڕابردوو کاندید دەکەنەوە و کۆمەڵ و یەکگرتووش هیچ

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

هەریەک لە پارتی و یەکێتی، پێنج پەرلەمانتاری بەغدایان کاندید کردووەتەوە بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان و بزووتنەوەی گۆڕانیش بایەزید حەسەنی لەناو لیستەکەیدا داناوەتەوە. بەڵام کۆمەڵ و یەکگرتووی ئیسلامی هیچ پەرلەمانتارێکی پێشووی خۆیان کاندید نەکردووەتەوە.

لەلایەن پارتییەوە هەریەک لە د.مەحموود عوسمان، سیروان کاکەیی، عارف تەیفور، محەممەد خەلیل و موحسین سەعدون. لەلایەن یەکێتیشەوە د.فوئاد مەعسوم، فریاد ڕواندزی، خالید شوانی، ئاڵا تاڵەبانی و عەبدولباری زێباری، کاندید کراونەتەوە بۆ خولی داهاتووی پەرلەمانی عێراق.

زۆر لە لیستە عێراقییە عەرەبەکان ژمارەیەکی زیاتریان لە پەرلەمانتارەکانیان کاندید کردووەتەوە، کە ڕێژەکەیان دەگاتە 20% لەنێو هەندێ لیست دا. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش دەبێ ڕێژەکە 15-20%یە، بۆ ئەوەی شارەزایی لە پەرلەماندا بمێنێتەوە.

جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی دەڵێ، ئێمە وەک پارتی ئەو پێنج پەرلەمانتارەمان لەسەر ئەو بنەمایە کاندید کردووەتەوە، کە ڕۆڵی زۆریان هەبووە لەبەرگریکردن لە کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان. ئیمینکی بۆ (ڕووداو) گوتیشی لە وڵاتانی دیموکراسیدا ژمارەیەک لەو پەرلەمانتارانەی ڕۆڵی باشیان گێڕاوە، جارێکی دیکە کاندید دەکرێنەوە "ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە ئەو پێنج پەرلەمانتارەمان کاندید کردووەتەوە".

بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی لەدەستنیشانکردنەوەی ئەو پێنج پەرلەمانتارەی یەکێتیدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان ئێمەو پارتی نەبووە کە ئەوپەرلەمانتارانەمان پاڵاوتووەتەوە، بەڵکو لەسەر پێوەری جوگرافی ئەو پێنجەمان کاندید کردەوە". شۆڕش ئیسماعیل گوتیشی "هیوادارین ئەوانە لەخولی داهاتووی پەرلەماندا ڕۆڵی زیاتریش بگێڕن".

لەساڵی 2003 سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی بڕیارێکی دەرکرد کە هیچ کەسێک لەنێو یەکگرتوودا بۆی نییە دووبارە پۆستی حکومی و پەرلەمانی وەربگرێتەوە. هەر لەچوارچێوەی ئەو بڕیارەدا، هیچ کام لە پەرلەمانتارەکانی یەکگرتوو کە ئێستا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانن لە بەغدا کاندید نەکراونەتەوە.

سەلاحەدین بابەکر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەو بارەیەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "تەنها سەرکردایەتی یەکگرتوو دەتوانێ بڕیارەکە بگۆڕێ". سەلاحەدین بابەکر ئەو بڕیارەی پێ دروستە و دەڵێت هەموو ئەندامانی یەکگرتووش پێیەوە پابەندن.

وەک سەرچاوەیەکی ئاگادار ڕایگەیاند لەکاتی دیاریکردنی کاندیدەکاندا دوو ڕای جیاواز لەناو یەکێتیدا هەبووە، ڕایەکیان پێیوابووە زیاتر لەو پێنج کەسە کاندید بکرێنەوەو ڕای دووەمیش لەگەڵ ئەوەبووە هەموو کاندیدەکان نوێ بن.

د. مەحمود عوسمان، کە وەک کاندیدی پارتی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە سلێمانی جارێکی دیکە کاندید کراوەتەوە، پێیوایە دەبوو هەموو ئەو پەرلەمانتارانەی کاری باشیان کردووەو لەناو پەرلەماندا دیاربوون، جارێکی دیکە کاندید بکرێنەوە "حەق نەبوو ئەوانە بگۆڕدرێن"، هەروەها گوتیشی "هەر حیزبێک ئەو خەڵکانەی خۆی دانەنێتەوە کە ئەزموون و لێهاتووییان هەیە، خۆی زەرەر دەکات". ئەو لەبارەی خۆیەوە گوتی "من کاک مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لێکردم کە خۆم بپاڵێومەوەو خۆشم پێم باش بوو کە جارێکی دیکە بچمەوە پەرلەمان، حەزم نەکرد بەنیوەناچڵی ئیشەکان جێبهێڵین، چونکە هەندێک بابەت هەن ئێمە تانیوەی کارمان تێدا کردووەو پێویستە تەواوی بکەین".

بایەزید حەسەن، کە لەسەر لیستی بزووتنەوەی گۆڕان کاندید کراوەتەوە، مانەوەی هەندێ لە پەرلەمانتارانی 2005 لەپەرلەمان بە گرنگ دەزانێ و دەڵێ ئەوانەی تازە دێن هیچ زانیارییان لەکاری پەرلەمانی نییە و لەو بڕوایەشدایە ئەو پەرلەمانتارانەی کاندید کراونەتەوە دەنگی زیاتر بەدەستدێنن "ئێمە پێشتر کارو چالاکیمان هەبووەو خەڵک زیاتر دەماننناسن". د.بایەزید هەڵبژاردنی ئەمجارە بەقورس دەزانێ و دەڵێ "جاری پێشوو ئێمە بۆخۆمان دادەنیشتین و حیزب بانگەشەی بۆ دەکردین، بەڵام ئەمجارە دەبێت خۆمان مشووری خۆمان بخۆین و بچینە ناو خەڵک".

هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانتاران لە دونیادا شتێکی باوەو مامۆستایەکی کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانیش دەڵێ هیچ یاسایەک نییە لەدنیادا ڕێگە لەکاندید کردنەوەی پەرلەمانتاران بگرێت. ئیبراهیم محەممەد، مامۆستای کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سەلاحەدین گوتی "دەکرێ کەسەکان خۆیان بڕیار بدەن کە خۆیان نەپاڵێونەوە تاکەسانی دیکە بێنە پێشەوە، بەڵام مەسەلەی وەرگرتنی پسپۆڕی زۆر گرنگە، چونکە دەبێ بمێننەوە، تاوەکو پسپۆڕییەکانیش لەناو پەرلەماندا بمێننەوە".

> ئەو پەرلەمانتارانە کاریگەری زۆریان لەسەر کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان هەبووە
>
> بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی

> لەسەرداوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان خۆم کاندید کردەوە و خۆشم پێم باشبوو
>
> د.مەحموود عوسمان

> هیچ کەسێک لەنێو یەکگرتوودا ناتوانێ دووبارە پۆست وەربگرێتەوە
>
> بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی

# لەخانەقین گرژی دەکەوێتە نێوان گۆڕان و یەکێتی

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سلێمانی**

دوای ئەوەی بەرپرسێکی یەکێتی لە خانەقین دەچێتە نێو بزووتنەوەی گۆڕان، لەگەڵ نوێنەری مام جەلال لە پارێزگای دیالە دەبێتە شەڕیان و لەلایەن خێزان و منداڵەکانی ئەو بەرپرسەوە نوێنەرەکەی مام جەلال بەردباران دەکرێ و زیان بەر ئۆتۆمبێلی پاسەوانەکانی دەکەوێ.

بەپێی قسەی گەواهیدەران لە شوێنی ڕووداوەکە، ڕۆژی هەینی 2010/2/12 لەیەکەم ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی عێراق، ئیبراهیم عەلی ڕەزا نوێنەری سکرتێری گشتیی یەکێتی لەسنووری پارێزگای دیالە، چووەتە سەر ماڵی سلێمان فەرمان، جێگری یەکەمی بەرپرسی کۆمیتەی ئازادی یەکێتی لە خانەقین و داوای ئەو مومتەلەکاتانەی لێکردووەتەوە کە لایەتی. سلێمان فەرمان بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "هیچ مومتەلەکاتێکی یەکێتیم لانەماوە تەنیا ئۆتۆمبێلێک نەبێ، ئەویشم ناردووەتەوە بۆ مەڵبەند، بەڵام نوێنەرەکەی مام جەلال داوای تفەنگ و دەمانچەی لێکردوومەتەوە، کە گوتوومە لام نییە بەپاسەوانەکانی گوتووە بە بڕیاری مەلا بەختیارو مەکتەبی سیاسی قۆڵبەستی بکەن". (ڕووداو) هەوڵی زۆریدا بۆ پەیوەندی بە نوێنەری مام جەلال لەو سنوورە، بەڵام بێ ئەنجام بوو.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوکێشەیە بە (ڕووداو)ی گوت "دوو شەو پێشتر کوردۆ قاسم، سەرکردەی گۆڕان لەو سنوورە لەماڵی سلێمان فەرمان بووە، بۆیە یەکێتی لەوە نیگەران بووە کە سلێمان هێشتا وازهێنانەکەی پێشکەشی یەکێتی نەکردووە و، لەگەڵ گۆڕان دانیشتووە"، سەرچاوەکە گوتیشی "سلێمان فەرمان باوکی دوو شەهیدی سەنگەری یەکێتییە، خۆی بەغەدر لێکراو دەزانێ لەنێو ئەو حیزبەدا، بۆیە چووەتە نێو بزووتنەوەی گۆڕان".

لەماوەی سێ هەفتەدا، ئەوە دووەمین جارە لەنێوان یەکێتی و لایەنگرانی گۆڕان لەخانەقین گرژی بێتە ئاراوە، جاری یەکەم هێزێکی ئاسایشی یەکێتی لەو شارە هەڵیانکوتایە سەر بارەگای ئەو بزووتنەوەیەو داوایان لێکردن پاسەوانەکانیان بەچەکەوە نەیەنە بەردەرگا. بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لەخانەقین بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕان مۆڵەتی ڕەسمییان نییەو ناتوانن بە چەکەوە بێنە بەردەرگا".

# کوردستانی

## سوریا کوردێک بە ئەشکەنجە دەکوژێت



ڕووداو- Gemiya Kurdan

لیژنەی مافی مرۆڤ MAD لە سوریا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە زیندانییەکی کورد بەناوی محەممەد مستۆ ڕەشید، خەڵکی ناوچەی عفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، کە چوار مانگ بوو لە زیندانی ناوەندی حەلەب بوو، بەهۆی ئەشکەنجەدانی زۆر گیانی لەدەستدا. محەممەد مستۆ پێشتریش بەهۆی شیرەزیوونی بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە بردرابووە نەخۆشخانە و جارێکیتر گەڕێندرابووەوە زیندان. بەپێی بەیاننامەکە دوای مردنیشی تاوەکو ئێستا هۆی گرتنەکەی نەزاندراوە.



# 3 هەزار منداڵی کورد لە زیندانەکانی تورکیادان

## کەزیبان یێلماز پارێزەرێکی منداڵانی دەستگیرکراو: دەوڵەت بەدەستگیرکردنی ئەو منداڵانە دوژمن بۆ خۆی دروستدەکات

**فرات کەلەمکی**
**تایبەت بە ڕووداو**

ڕۆژ نییە لە شارەکانی باکووری کوردستان و تورکیا چەند منداڵێکی کورد بە تۆمەتی " بەرد هاوێشت" یان "پروپاگەندەو ئەندامێتی ڕێکخراوی نایاسایی" یان "هاوکاریکردن لەگەڵ ڕێکخراوی نایاسایی" دەستگیر نەکرێن و ڕەوانەی زیندانەکانی تورکیا نەکرێن.

ئەو منداڵانە دوای دەستگیرکردنیان لەژێر ناوی پێشێلکردنی یاسای کۆبوونەوەو خۆپیشاندان TMK لە دادگاکانی ئاسایشی دەوڵەت DGM دادگایی دەکرێن و سزادەدرێن، کە زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان 11–17 ساڵ دایە. بەپێی ئاماری ژووری پارێزەرانی دیاربەکر لە ماوەی ساڵەکانی 1984–1997دا زیاتر لە 2600 منداڵ لە دادگاکانی ئاسایشی دەوڵەت دادگاییکراون. لەوانەش 624 منداڵ بەتاوانی بەرد هاوێشت، ئەندامبوون یان هاوکاریکردنی ڕێکخراوی نایاسایی حوکمدراون. هەروەها لە ماوەی 4ساڵی ڕابردووشدا 2400 منداڵ لە دادگای سزا قورسەکان دادگایی کراون، کە 175یان سزا دراون.

### منداڵانی فەلەستینی قارەمانن و منداڵانی کورد تیرۆریست

تائێستا ئامارێکی ورد لەبەر دەست نییە لەسەر ئەو منداڵە کوردانەی کە ئێستا لە زیندانەکانی تورکیادان، چونکە گرتن و ئازادکردنی ئەو منداڵانە بەردەوامە، بەڵام بەپێی قسەی ژنە پارێزەر کەزیبان یێلماز، کە پارێزەرێکی منداڵانی کوردە "بەگشتی لە شارەکانی تورکیا و باکووری کوردستان 3 هەزار منداڵ دەستگیرکراون". لە هەمانکاتدا ڕوونیکردەوە کە ئامارێکی ورد لەوبارەوە لە بەردەستدا نییە "بۆ نموونە لە ساڵی 2008دا تەنیا لەدیاربەکر 106 منداڵ لە زینداندا بوون، لە مانگی ئەیلولی هەمان ساڵ 28 منداڵ هەبوون، لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمدا ژمارەی منداڵانی دەستگیرکراو گەیشتە 85 . دوای ڕووداوەکانی مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم ژمارەی منداڵانی دەستگیرکراو و دەستبەسەرکراو بووە 106 کەس، ئێستا 83 منداڵ لەدیار بەکر لە زیندانن".

لەبارەی تۆمەتی دەستگیرکردنی منداڵەکانیش وەک ئەو پارێزەرە بۆ (ڕووداو) گوتی " بەگشتی منداڵەکان بە تۆمەتی ئەندامێتی لە ڕێکخراوی نا یاسایی و پروپاگەندە بۆ ڕێکخراوی نایاسایی و تیرۆریستی دەستگیر دەکرێن".

بورهان زۆرۆ ئۆغلۆ، سکرتێری لقی دیاربەکری کۆمەڵەی مافی مرۆڤ IHD، ڕەخنە لە حکومەتی تورکیا دەگرێت کە سووکایەتی بە منداڵانی کورد دەکات و گوتی "بەداخەوە لەلایەن پۆلیس، دادگا و دەوڵەتەوە سووکایەتی بە منداڵانی کورد دەکرێت".

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە کۆنگرەی داڤۆس لەبارەی ئەو منداڵە فەلەستینیانەی بەرد دەگرنە سەربازانی ئیسرائیل گوتی "ئەوانە قارەمانن"، بەڵام لەسەر دەستگیرکردنی منداڵانی بەردهاوێژ لە باکووری کوردستان دەڵێت "هەر شتێک پێویست بێ دژی ئەو منداڵانە ئەنجامبدەین". پارێزەر کەزیبان یێلماز، ئەم هەڵوێستەی ئەردۆغان بە "دووڕوویی" وەسفکردو گوتی "ئەو هەڵوێستەی ئەردۆغان جگە لە دووڕوویی هیچی دیکە نییە".

### ئەشکەنجەی دەروونییان دەدەن

کەزیبان یێلماز، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ منداڵانی دەستگیرکراودا کردووە ئاشکرایکرد "لە زیندانەکانی دیاربەکر هیچ توندوتیژییەک بەرامبەر منداڵان ناکرێ، بەڵام زۆریش بۆیان باش نین، کەچی کاتێک منداڵەکان دەگوازرێنەوە دادگا، سەربازەکان ئەشکەنجەی دەروونییان دەدەن و منداڵەکان خۆیان پێیانگوتم وەکو تیرۆرست سەیرمان دەکەن". یێلماز، دەڵێت لە زیندانەکانی دیکەدا دۆخەکە جیاوازە "بۆ نموونە منداڵانی زیندانەکانی ئەدەنە دەیانگوت لەلایەن چاودێرانی زیندانیشەوە توندوتیژییەکی زۆر خراپ بەرامبەرمان دەکرێ".

سکرتێری IHD قسەکانی یێلمازی پشتڕاستکردەوەو گوتی "لەزیندانی پۆزاتلی شاری ئەدەنە و لەکاتی بردنی منداڵەکان بۆ دادگا دەیانترسێنن و پێیاندەڵێن ئێوە لەسێدارەدەدرێن، ئەو قسەیەش کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دەروونی منداڵ"، تۆگلۆ گوتیشی "بەپێی یاسا منداڵ دەبێ لەژێر چاودێری دەروونناسەکاندا دادگایی بکرێن، بەڵام لێرە وەکو گەوران ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ".

سەبارەت بە بینینی ئەو منداڵانە لەلایەن کەسوکاریان کەزیبان گوتی "خێزانەکان دەتوانن هەفتەی یەکجار منداڵەکانیان ببینن، بەڵام ئەگەر منداڵەکان لەشارە دوورەکان بن، کەسوکاریان لەبەر کێشەی دارایی ناتوانن سەردانیان بکەن".

لەبارەی ئەوگرتووخانانەی کە منداڵان تێیدا دەمێننەوە، زۆرۆ ئۆغلۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "منداڵەکان لە زیندانی گەوراندا دەمێننەوە، بەڵام ئەوان ژووری تایبەت بە خۆیان هەیە. کەچی بەداخەوە لە هەندێ شوێن کە ژمارەی منداڵان کەم بێت و ژووریان نەبێت، لەگەڵ گەوراندا دەمێننەوە، ئەمەش دۆخێکی زۆر خراپ و نالەبارە بۆ ئەو منداڵانە".

### ئەوروپا لێیان دەپرسێتەوە

پارێزەر کەزیبان، ڕایگەیاند بە هاوکاری لەگەڵ پارێزەرانی (عەدالەت بۆ منداڵان) و چەند گرووپێکی دیکە لەبواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانیاریان لەبارەی منداڵانی قوربانی یاسای TMK، داوەتە یەکێتی ئەوروپا "کار و چالاکییەکانمان بەردەوامن، شاندە ئەوروپییەکانیش هاتن و ئێمەش دۆخەکەمان بۆ شیکردنەوە".

بەپێی قسەی ئەو پارێزەرە ساڵی ڕابردوو بڕیاردرا کە هەندێک گۆڕانکاری لە یاسای TMKدا بکرێ "پرۆژە یاسایەکە ئامادەکرا، بەڵام دواتر DTP داخرا، ڕووداوی توندوتیژ دروستبوون، ئەمەش بووە بیانوویەک کە پرۆژە یاسایەکە نەچێتە بەردەم پەرلەمان".

بەبڕوای ئەو پارێزەرە ئەو گۆڕانکاریانەی بڕیاربوو لە یاساکەدا بکرێن، هیچ چارەسەرێکی گرفتەکە ناکەن و گوتی "زۆربەی ئەو منداڵانەی دەستگیرکراون لە بنەڕەتدا تاوەکو 13 ساڵ و نیو سزایان بەسەردا سەپێندراوە، بە لەبەر چاوگرتنی تەمەنیان سزاکەیان بۆ 7–8 ساڵی دابەزێندراوە، ئەگەر یاساکەش دەستکاری بکرێ، سزاکەیان بۆ 5 ساڵ و نیو دادەبەزێ، بۆیە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوونادات، هەروەها پێشتر ئەگەر کەسێک 15 ساڵی تەواو کردبا بەپێی ماددە 250 دادگای دەکرا، بەڵام بەپێی گۆڕانکارییەکە ئەمە دەبێتە 18 ساڵ".

بە بڕوای ئەو پارێزەرە ئەو کارەی دەوڵەت بەرامبەر ئەو منداڵانە دەیکات، دوژمن بۆ خۆی زیاتر دەکات "تۆ ئەوان دەخەیتە گرتووخانەو لەپەروەردە و خێزانەکانیان جیا دەکەیەوە، بەسیستمێکی نادادپەروەرانە دادگاییان دەکەی، بەمەش دوژمن بۆ خۆت دروست دەکەیت".




پۆلیسی تورکیا هێرش دەکەنە سەر منداڵێکی کورد لە دیاربەکر (فۆتۆ: DIHA)

---

## دوای ڕێگرتن لە BBC و VOAی فارسی

# ئێران پەخشی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات دەوەستێنێ

**تایبەت بە ڕووداو**

دوای ڕێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی پەخشی بەرنامەکانی کەناڵی BBC و VOA بە زمانی فارسی لە ئێران، وەشانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی سەر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگیرا و ئەو لایەنانەش دەڵێن کۆماری ئیسلامی بە ناردنی شەپۆلی شێوێنەر (پارازیت) پەخشی تەلەڤزیۆنەکانیانی لە ئێران ڕاگرتووە.

بەرنامەکانی بەشی فارسی BBC لەسەر مانگی دەستکردی هۆتبێرد، لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە زۆر بە فراوانی تەماشا دەکران، بە تایبەتی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لەئێران و دەستپێکردنی نارەزایەتییەکانی بزووتنەوەی سەوز. حکومەتی ئێران فلتەری خستووەتە سەر BBCی فارسی و VOAی ئەمریکی بە زمانی فارسی، لەقۆناخی یەکەمدا ڕێگەی لە بڵاوبوونەوەی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە گرت . لەئەنجامی ئەو بۆشاییە، کەناڵە کوردییەکان بوونە جێگرەوەی ئەو دوو کەناڵە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی نارەزایی، بۆیە ئێران لە ڕێگەی شەپۆلی شێوێنەر (پارازیت) پەخشی تەلەڤزیۆنەکانی ئاسۆ سات، نەورۆز، ڕۆژهەڵات، کورد کەناڵی شێواندووە . یەکەم کەناڵیش کە بەر ئەو شەپۆلە کەوت، کەناڵی ئاسۆسات بوو، کە سەر بە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانە.

ئەمیر سەلەواتی، بەرپرسی بەشی فارسی ئاسۆسات ناردنی شەپۆلی شێوێنەر بۆ سەر تەلەڤزیۆنەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی کوردی و ئێرانی بە بەشێک لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی زانی بۆ بەرەنگاربوونەوە و کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانە لە ئێران. ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ڕوونیکردەوە کە " لە چەند مانگی ڕابردوودا پەرلەمانی ئێران یاسایەکی پەسەندکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دەزگایانەی دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی نەرم، لەیەکەم قۆناخی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەشدا، لەڕێگەی ناردنی شەپۆلی شێوێنەر پەخشی هەردوو تەلەڤزیۆنی BBC و VOAی لە ئێران ڕاگرت، دواتریش بڵاوبوونەوەی وەشانی چەندین تەلەڤزیۆنی دیکەی لەوانەش ئاسۆسات وەستاند لە ئێران"، ناوبراو گوتیشی "بۆ دڵنیایی زیاتر پەیوەندیمان بە بەڕێوەبەرانی سەتەلایتی هۆتبێردەوە کرد و ئەوان ڕایانگەیاند کە شەپۆلێکی بەهێز بەری بە بڵاوبوونەوەی ئاسۆ سات و 7 تەلەڤزیۆنی ئەوروپایی گرتووە".

ئێران لەدوایین ڕیزبەندی وڵاتاندا لەبارەی مامەڵە کردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا بە "زیندانی ڕۆژنامەنووسان" ناونراوە، بەهۆی زۆری ڕۆژنامەنووسانی گیراو لە ئێران. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی (ئیعتمادی میللی)، کۆماری ئیسلامی بۆ فیلتەرکردنی 10 ملیۆن ماڵپەڕی ئینتەرنێت، 7ملیۆن دۆلار لە بودجەی گشتی وڵات خەرجدەکات.

عەبدوڵلا بەهرامی، بەرپرسی کەناڵی ئاسمانی کوردکەناڵ کە سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستانە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) پشتڕاستیکردەوە کە بەرنامەکانیان بەهۆی ناردنی ئەو شەپۆلە پارازێتیە کە لەلایەن دەزگا شێوینەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بڵاودەبنەوە، شێوێندراون "ئەو کۆمپانیایەی کە ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کردووە پێیانراگەیاندین کە وەستانی پەخشەکەتان بەهۆی شەپۆلی شێوێنەرە".

TISHK
Komala

---

# لە ئێران حەرامە کورد ببنە پارێزگار!



سابیر قادری
chuarchra@gmail.com

**تایبەت بە ڕووداو**

نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان لە پەرلەمانی ئێران داوا دەکەن بەرپرسانی باڵا لە چوار پارێزگاکەی کوردستاندا، کورد بن، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران گوێ بەو داواکارییانە نادەن.

پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە محەممەد ڕەزا ڕەحیمی جێگری سەرۆک کۆماری ئێران، وەک کوردێک لەلایەن مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆمارەوە بۆ ئەو پۆستە دانراوە، ئەوە لەلایەن هەندێکەوە وا لێکدرایەوە کە پاش تێپەڕینی 30 ساڵ بەسەر تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، سەرەتای گۆڕانێکی ڕاستەقینەو کرانەوەی دەرگا بێت بەڕووی کورددا. بەڵام جەلال جەلالیزادە، نوێنەری شاری سنە لەخولی شەشەم و حەوتەمی پەرلەمانی ئێران کە لەنزیکەوە ڕەحیمی دەناسێ، ڕەتیکردەوە کە ناوبراو کوردبێت و ئاماژەی بەوەکرد کە ڕەحیمی لە یەکێک لەبنەماڵە بەنێوبانگەکانی تورکی قرەوەی نزیک هەمەدانە و "حکومەت ڕێگە بە کورد نادات بگاتە پۆستێکی باڵای وا، ڕەحیمی باوکی تورکە و دایکی کوردە، خۆشیان بەزۆری بە کوردی قسە ناکەن، هەرچەندە لەناو کورددا دەژین".

لەماوەی 31 ساڵ دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامیدا، لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرپرسانی باڵا لەکەسانی غەیرە کورد دادەنرێن و ئێستا پارێزگاری هیچ یەک لە چوار پارێزگا کوردنشینەکە ( ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام) کورد نین.

لەمێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی مەشرووتەییەت کە بۆ یەکەم جار یاسای بنەڕەتی ئێران (دەستوور) لەساڵی 1906 نووسرا، لەژێر کاریگەری ئازەرییەکان و ڕۆڵیان لەو شۆڕشەدا، ماددەیەک لەیاسای بنەڕەتیدا پەسەندکرا کە ڕێگە بە نەتەوە نافارسەکان دەدا بەشداریی لە بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو وڵاتەدا بکەن. ئەو یاسایە کە بە یاسای بەڕێوەبردنی ئەیالەت و ولایەتەکان (14 ئەیالەت و 30 ولایەت) بەنێوبانگ بوو، ڕێگەی بە دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکانی ئێران دەدا کە لەبەڕێوەبردنی دەسەڵات و کاروباری خۆجێیی ناوچەکانی خۆیاندا ڕۆڵیان هەبێت. بەڵام ئەو یاسایەش هیچ کاتێک بە کردەوە جێبەجێ نەکرا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی 1979، یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتە سەرلەنوێ نووسرایەوەو لەچەندین ماددەی ئەو یاسایەدا ئاماژە بە یەکسانی نێوان دانیشتووانی ئەو وڵاتەدا کراوە، بەڵام ئەوەی زۆرتر گرنگی پێدراوە مافە کولتووری و ئایینییەکان بووە (ماددەکانی 3، 19، 15، 13، 12، 26، 41، 44 و 48)، لەڕووی سیاسیشەوە یاسایەک نییە باس لەبەشداری نەتەوەکانی ئێرانی بکات لەبەڕێوەبردن.

ئەوە وایکردووە کە ڕێگە لەبەشداریکردنی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوانیش نەتەوەی کورد بگیرێ لە بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەکانی، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی ئێران لە گوفتاردا پێچەوانەی ئەوە دەڵێن.

نوێنەرانی کوردی شارە کوردنشینەکان لەڕێگەی نووسین و بانگهێشتکردن و لێپێچینەوە لەوەزیری ناوخۆ و کاربەدەستانی باڵای کۆماری ئیسلامی، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتەیان داوە، بەڵام ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. عەبدولجەبار کەرەمی نوێنەری شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتی لەو سیاسەتە دەردەبڕێ و داوا دەکات کۆتایی بەوسیاسەتە بێت کە پترلەسەرخوێندنەوەی ئەمنی بۆ ناوچە کوردنشینەکان وەستاوە. کەرەمی لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ئێمە وەک نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکان زۆر جار داوامانکردووە کە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکان کەڵک لە هێزی خۆجێیی وەربگیرێ، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ وەڵامێکی ئەرێنیمان وەرنەگرتووە".

هەرچەندە ئەحمەدی نەژادی سەرۆک کۆمار، لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دا ڕایگەیاندبوو کە کابینەی دەوڵەت دەبێ ڕێگەی بەشداری بە 70 ملیۆن دانیشتووی ئێران بدات لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەڵام ئەوە تائێستا هەر قسەیەو هیچی لێ سەوز نەبووە. کەرەمی لەبارەی مکوڕبوونی ئێران لەسەر درێژەدان بەو سیاسەتی پشتگوێخستنی کورد، گوتی "ڕوانگە و خوێندنەوەی ئەمنییەتی زاڵ بۆ کوردستان وایکردووە کە ئەو ویستە لەمێژینەیەی بەشداری کورد نەیێتە دی".

هەر لەوبارەوە د.فەرهمەند، گوتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد لە پەرلەمانی ئێران، دەڵێت " کە دەسەڵات ڕێگە نادات خەڵکی خۆجێیی کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن، خوێندنەوەیەکی مێژوویی لەپشتە و لەکۆنەوە دەسەڵات لەکورد ترساوە کە جیابێتەوە، ئەوەش تایبەت نییە بە کوردی ئێران و ئێران بەتەنیا، بەڵکو بەرامبەر کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان ئەوە هەیە". هەروەها گوتیشی "کوردیش بەهۆی ئەو خوێندنەوەیەی دەسەڵات، خۆیان بەهاووڵاتی ئەو وڵاتانە نەزانیوەو ویستوویانە ئەو هەڵاواردنە بەهەرشێوەیەک بێت قەرەبوو بکەنەوە و بیر لەسەربەخۆیی بکەنەوە".

ئەحمەد عەزیزی، چالاکڤانی سیاسی و دانیشتووی شاری جوانڕۆ پێیوایە لەئێران ئەگەر کوردێک بکرێتە پارێزگار (ئوستاندار)یش یان لە هەر پۆستێکی دیکەدا دابنرێ، تەنیا شتێکی ڕواڵەتی و کارتۆنی دەبێت. ئەو لەوبارەوە کرماشان بەنموونە دێنێتەوەو دەڵێت "عەبدولمەجید غەفووری کە کوردێکی کرماشانی بوو، هیچ سەرکەوتوو نەبوو لە بەڕێوەبردنی پۆستی پارێزگاری ئەو پارێزگایەدا، بەڵام ئەوە لەبەر لاوازی خۆی نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەوە بوو کەحکومەتی ناوەندی هیچ دەسەڵاتێکیان پێنەدابوو، بەڵام تورک نەژاد کە کابرایەکی فارس بوو، بەهۆی ئەوەی کە جێی متمانەی دەسەڵاتداران بوو، دەسەڵاتی تەواوی پێدرابوو، بۆیە وا دەردەکەوت کە سەرکەوتووترە، ئەوەش بەشێکە لەسیاسەتی دەوڵەت".

## کاروباری سیاسی

### دەنگدەران دەنگی خۆیان بە بەتانی و سۆپا نافرۆشن



رووداو- الفیحاء

لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (الفیحاء )، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق گوتی پاڵێوراوان ناتوانن ویژدانی دەنگدەرانی عێراق بە پارە و دیاری بکڕن "پارە کاریگەریی لەسەر دەروون نەخۆشەکان هەیە، هەندێک پاڵێوراو پارەی دەرەوەیان بۆ کرینی دەنگ هێناوەتەوە". مالیکی گوتیشی "عێراقییەکان ئامادەنین دەنگی خۆیان بە 200 دۆلاریان بە بەتانی و سۆپایەک بفرۆشن"، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە "هاووڵاتیان دەڵێن پارە لەو کەسانە وەردەگرین و دەنگیشیان پێنادەین".



پسپۆڕێکی ئەمریکی بۆ (رووداو):

# وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆک کۆماریی لە کورد کارێکی هەڵەیە

**هاوار عەبدولڕەزاق**
**رووداو- هەولێر**

واین وایت پسپۆڕی ئەمریکی لە لیژنەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شارەزای کاروباری نێوخۆی عێراق و هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە شیعەو سوننە کارێکی هەڵە دەکەن ئەگەر بیانەوێ پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لە کورد وەربگرنەوە. هاوکات گوتیشی کە "لەبەرژەوەندیی کوردە" ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەپێچەوانەی سیاسەتی رابردوو "بەجیدی گوێ لەنیگەرانیی کەمینە نەتەوەکانی دیکە بگرن و هاوسۆزییەکی راستەقینە بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵکی غەیرە کورد پێشان بدەن".

واین وایت کە بەشارەزاییەکی زۆرەوە لەبارەی رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق قسەدەکات، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) بە دووری زانی ئەو ململانێ و رکابەرییە سیاسییەی لەهەرێمی کوردستاندا پەیدابووە، زیان لەپێگەی کورد بدات لە بەغدا و لەو باوەڕەدایە کە بەپێچەوانەوە "رەنگە پێگەی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات". وایت هیوایشی خواست کە هەڵمەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستان بەرەو ئاژاوەو توندوتیژی نەڕوات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا گوتی "نابێ ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ و ئاژاوە بەدوور بزانرێ".

## نابێ ئەگەری دروستبوونی شەڕ لە کوردستان بە دوور بزاندرێ

لەبارەی ئەوەش کە ئاخۆ ئەو دابەشبوونە سیاسییە دەبێتە هۆی ئەوەی کورد لەپاش هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار لەدەستبدات وەک ئەوەی هەندێک لە چاودێران پێشبینیی دەکەن، گوتی "ئەگەر لایەنە کوردییەکان زۆر توند بوون لەگەڵ یەکدی، ئەوا رەنگە زیان لە پێگەی کورد لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کارێکی نادروستە ئەگەر سوننە و شیعەکان هەوڵبدەن پۆستی سەرۆک کۆماری لە کورد بستێنن. لەبەرئەوەی سەرۆکایەتی کورد لەم چەند ساڵەی رابردوودا رۆڵێکی گرنگی بینیوەو هەوڵیداوە ئەوە وەبیر هەمووان بێنێتەوە کە بەرژەوەندی نیشتمانی لەبەرچاو بگرن". هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتی "تاڵەبانی تەنانەت بەو هۆیەوە هەندێ لایەنگری خۆی لەنێو هەرێمی کوردستان لەدەستداوە، لەبەرئەوەی هەندێ جار کورد وایان هەستکردووە کە ئەو بەرژەوەندییەکانی کوردی پێشتگوێ خستووە،

## فرە لیستی پێگەی کورد لە بەغدا لاواز ناکات ئەگەر بێ شەڕ هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن

بەڵام من لەو باوەڕەدام کە ئەوانە هەڵەن. تاڵەبانی سەرۆکێکی تەواو عێراقی بووە و دەبێ کورد تێبگات کە پێویستە تاڵەبانی لەو پۆستە گرنگەدا ئەو کارانە بکات".

وایت لە ساڵانی نێوان 2000 تاوەکو 2005 جێگری سەرۆکی نووسینگەی توێژینەوەو زانیاری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووش لە بەشی کۆکردنەوەی زانیاریی سەر بە وەزارەتی دەرەوە، لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاری کردووە.

ئەوەی کە وایت بۆ هەرێمی کوردستان بەپێویستی دەزانێ، هاوپەیمانیکردنی لایەنە کوردییەکانە لەگەڵ لایەنێکی سیاسیی عێراقی، بەڵام دەڵێت "بەو مەرجەی مەبەستەکە تەنیا ئەوە نەبێت کە زیان بە لایەنێکی دیکەی نێو هەرێمی کوردستان بگەیێنێ".

لەبارەی ئەوەش کە کورد پێویستە چی بکات بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا دەنگێکی زیاتر لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بهێنێ، گوتی "پارتە سیاسییەکانی کورد دەبێ هاوسۆزییەکی راستەقینە بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵکی غەیرە کورد پیشانبدەن. لە رابردوودا سیاسەتی کورد بۆ خەڵکی عەرەب، تورکمان و مەسیحییەکان وا دەرکەوتووە کە تەنیا لەسەر یەک شێوازە و تەنیا بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو دەگرێت. بۆیە لەبەرژەوەندی کوردە ئەگەر بە جیدی گوێ لە نیگەرانیی کەمینە نەتەوەکانی دیکە بگرێ. هەرچەندە لەمێژە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگایەک بووە کە نەتەوە و کەمینەکانی دیکەی لەخۆ گرتووەو تەنانەت بەرگریشی لێکردوون".

خالید شوانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق:

# کێشەی کەرکووک بە پەرلەمان چارەسەر ناکرێ



**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**رووداو- کەرکووک**

خالید شوانی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان رایگەیاند، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، 137 یاسا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پەسەندکراون و راشیگەیاند لەکۆی 14 یاسای رژێمی بەعس حەوتیان هەڵوەشێنراونەتەوە و حەوتیان ماون "کە هەڵوەشاندنەوەی شەشیان بۆ کورد زۆر گرنگە".

کاری پەرلەمانتارانی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا بەردەوام جێگەی رەخنە بووە، رەنگە لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانیش رووبەڕووی رەخنەی پتر ببنەوە، بەتایبەتیش لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، بەڵام ئەو پەرلەمانتارانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە دوای تەواوبوونی کارەکانیان بە دەستی خاڵی نەگەڕاونەتەوە کوردستان.

خالید شوانی، کە پەرلەمانتارێکی دیاری نێو فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی لە دەستکەوتەکانی فراکسیۆنەکەی کرد و گوتی "ئێمە توانیومانە لەو ماوەیەدا بەشێک لە یاساکانی کۆنی عێراق، بەتایبەتی یاساکانی بەعس هەڵبوەشێنینەوە، هەروەها مادەی 24 بە مادەی 23 بگۆڕین کە بە زیانی کەرکووک بوو. لەسەر یاسای هەڵبژاردنەکانی 3/7، شەڕێکی زۆرمان کرد، تاوەکو یاساکە

## حەوت یاسای بەعس ماون هەڵبوەشێندرێتەوە، کە هەڵوەشاندنەوەی شەشیان بۆ کورد زۆر گرنگن

بەو شێوەیەی ئێستا قبوڵکرا". شوانی گوتیشی "لەو ماوەیەدا لەکۆی 14 بڕیارو یاسای قیادەی سەورەی بەعس حەوتمان هەڵوەشاندوونەتەوە، کە هەندێکیان پەیوەندییان بە تەعریبکردنی شاری کەرکووکەوە هەیە. لەوانە بڕیاری 42ی 1986، کە باس لەدانی ئیمتیاز بە عەرەب و لێسەندنەوەی زۆربەی مافەکان لە کورد دەکات، بەتایبەتیش لە کەرکووک. بڕیاری 199 کە بەهۆیەوە بەشێکی زۆری عەشایرەکانی کورد کرابووە عەرەب، بڕیاری 137، کە تایبەتە بە داگیرکردنی زەوی کوردانی کەرکووک لەلایەن وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی عێراق، کە ئێستا خاوەن زەوییەکان دەتوانن داوای یاسایی لەسەر ئەو لایەنانە تۆمار بکەن".

## هێنانی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ پەرلەمان کارێکی هەڵە بوو

ئەوەی لە هەڵمەتی هەڵبژاردن بەڕووی هاوپەیمانی کوردستان دەدرێتەوە بە پلە یەک چارەسەرنەکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی مادەی 140 و گرێبەستە نەوتییەکان و مەسەلەی پێشمەرگەیە. خالید شوانی لەو بارەوە دەڵێ "چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لە توانای پەرلەماندا نییە، ئەوە پێویستی بە تەوافوقێکی سیاسییە لەنێوان حیزبە گەورەکانی عێراق و کوردستان". هەروەها دەڵێت "هێنانی ئەو کێشانە بەتایبەتیش کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بۆ پەرلەمان هەڵە بوو".

هەرچەندە شوانی پێداگیری لەسەر "کۆمەڵێک دەستکەوت" دەکات، بەڵام تاوەکو ئێستا بستێک لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، خالید شوانی لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەم بابەتە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی مادەی 140 ەوە هەیە، مادەی 140، بە تایبەتیش ئەو بەشەی باسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەکات، پەیوەستە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم، بۆ ئەوەش پێویستمان بە ئاساییکردنی بارودۆخی ئەو ناوچانەیە".

ئەو پەرلەمانتارەی هاوپەیمانیی کوردستان، کە بڕیاردەری لیژنەی یاساییشە لە پەرلەمانی عێراق، فراکسیۆنەکەی بە کەمتەرخەم نازانێ لەو کێشانە و پێیوایە ئەوان بێ دەستکەوت نەبوون لە بەغدا و گوتی "لەو 137 یاسایەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا لە پەرلەمانی عێراق دەرچوون، یەک یاسا لەوانە دەرنەچووە کە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەمبکاتەوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستان ئامادەیی نەبووایە، ئەوا رەنگە زۆر لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەمبکرابانانەوە، ئەوە ئێمە بووین نەمانهێشت تەعدیلاتی دەستوور بکرێت، بەو شێوەیەی کە زیان بە هەرێمی کوردستان بگەیێنێت". هەروەها دەڵێت "ساڵی رابردوو سەد ملیار دینارمان بۆ بوودجەی مادەی 140 زیاد کرد، لەکاتێکدا نەیارەکانی ئێمە دەیانگوت مادەی 140 مردووە. هەموو نەیارەکانمان سووربوون لەسەر ئەوەی دەبێ هەڵبژاردنی کەرکووک بەشێوەی کۆتا بێت، یا دوابخرێت، ئێمەبووین ئەوەمان هەڵوەشاندەوە".

لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو خولەی پەرلەمانی عێراق، تائێستا 52 هەزار دۆسیەی موڵکداری لە پارێزگای کەرکووک بەبێ چارەسەرکراوی ماونەتەوە. خالید شوانی لەبارەی چارەسەری ئەو دۆسیانە دەڵێ " ئەگەر ئەو حەوت یاسایەی سەردەمی بەعس کە ماون هەڵبوەشێندرێنەوە دەتوانین نیوەی زیاتری ئەو کێشانە چارەسەر بکەین. بۆیە دەبێ لە پەرلەمانی داهاتووی عێراق ئەو بڕیارانە هەڵبوەشێندرێنەوە".

پرۆژە یاسای تاپۆکردنی خانووە تەجاوزەکانی شاری کەرکووک لە پەرلەمانە، کورد بە پرۆژەی خۆی ناودەبات و فراکسیۆنی ئیئتیلافیش بەهی خۆیانی دەزانێ، خالید شوانی لەو بارەیەوە دەڵێت "ئەوە پرۆژەیەکی هاوبەشی لیژنەی سکاڵای عێراقە، کە سەرۆکەکەی عەرەبێکی شیعەیە لە ئیئتلافی عێراق، لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، پرۆژە یاساکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بۆیە دەبێ لە داهاتوودا بە هاوبەشی هەردوولا دەنگی کۆتایی لەسەر بدەین و ئەو یاسایە دەربچێ".



# پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەوێتە بەر مەترسی زیاتری بەغدا

## پەرلەمانتارێکی پێشوو: راوێژکارە ناشارەزاکان کێشەی دەستووریان بەم رۆژە گەیاند

**رێبەند سەعدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وادەی هەڵبژاردنەکان، لەنێو دەستەبژێری سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستاندا ترسێک پەیدابووە کە هەلی بڕیاردان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە راپرسییەکدا، تەواو لاواز بووبێ و ئەو رۆژگارە بەسەرچووبێ کە کورد بەوشێوەیەی خۆی دەیەوێ بڕیار لەسەر پرۆژە دەستوورەکەی بدات.

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە حوزەیرانی رابردوودا بەکۆی دەنگی 97 پەرلەمانتار پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی پەسندکرد، بڕیاربوو لە 25ی تەمموزی رابردوودا هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەکە بخرێتە ریفراندۆمەوە، بەڵام بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی چەند لایەنێکی نێوخۆیی و دواتر نارەزایی بەغدا و گوشاری ئەمەریکا بوونە هۆی دواخستنی ئەنجامدانی راپرسییەکە.

د.نوری تاڵەبانی پسپۆڕی یاسایی و ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان کە لە دوای راپەڕینی یەکێکبوو لەوانەی داوای دانانی دەستووری هەرێمی کوردستانی دەکرد دەڵێ "چەندین جار داوامکرد پێش ئەوەی دەستووری عێراق پەسندبکرێ، ئێمە دەستوورێک بۆ خۆمان دابنێین، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای داواکارییەکانمان و ئەوەی کە دەمانەوێ لە دەستووری عێراقدا دابڕێژرێ، بەڵام نەیانکرد". لەبارەی ئەوەندە دواکەوتنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە گوتی "کەسانی ناشارەزا کە راوێژکاری لایەنە سیاسییەکان بوون، کێشەی دەستووریان بەو رۆژە گەیاند".

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئەو لەپشت گوشاری ئەمریکاوە بوو بۆ راگرتنی دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان. ئێستاش لەلایەن هەندێ چاودێرەوە مەترسی ئەوە دەکرێ کە دوای هەڵبژاردنەکانی 2010/3/7 گوشارەکانی بەغدا زیاتر ببن لەسەر ئەو پرۆژەیە، بەتایبەتی ئەگەر دەسەڵاتێکی بەهێز لەدوای ئەو هەڵبژاردنەوە دروستببێ کە پێگەی کورد تێیدا لاوازبێ.

مەحموود عوسمان، پەرلەمانتاری هاوپەیمانیی کوردستان کە دووبارە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاندیدکراوەتەوە، دەڵێ "بێگومان گوشار دروست دەبێ وەک چۆن لە حوزەیرانی ساڵی رابردوودا کە کورد ویستی بیخاتە دەنگدانەوە، بەغدا کێشەی دروستکرد و بەئەمریکییەکانیان گوت". بەڵام لە هەمانکاتدا گوتیشی "تەنیا دادگای باڵای عێراق دەتوانێ دەستووری هەرێمی رابگرێ، دوای ئەوەی سکاڵای پێ دەگات لە دژی دەستوورەکە، بێگومان لە کاتی خستنە راپرسیشەوە دەشێ هەر دەسەڵاتێکی عێراقی وەک پەرلەمان یان حکوومەت رەخنە لە نێوەڕۆکی دەستوورەکە بگرێ".

تاریق جەوهەر، گوتەبێژی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو پرسیارەی دەبێ چ لایەنێک وادەی خستنە راپرسیی دەستوورەکە دیاری بکات، گوتی "بەپێی یاسا دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوئاهەنگی لەگەڵ پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رۆژێک بۆ ئەنجامدانی راپرسیی گشتی دیاری بکات". بەڵام پێیوابوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لایەنەکانی سەرقاڵکردووەو بەم هۆیەوە نەپەرژاونەتە سەر پرۆژەی دەستوور. هەندێ چاودێری سیاسی پێشبینی دەکەن لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە تشرینی یەکەمی داهاتوودا، بخرێتە ریفراندۆمەوە.

سۆزان شەهاب، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی خولی نوێی پەرلەمانەوە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا کە رۆژێک دیاری بکرێ بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان".

بەڵام پرۆژەکە جگە لە نارەزایی بەغدا، رەخنەیەکی زۆری نێوخۆیشی لەسەرە. بەڵام مەحمود عوسمان لەڕووی یاساییەوە ئەوە بە گرفتێکی گەورە نابینێ، چونکە "یاسای پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەو کێشەیەی یەکلایی کردووەتەوە، بەپێی ئەو یاسایە دەبێ دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بڕیاری هەموارکردنی دەستوورەکە بدەن، ئایا ئەوانەی داوای هەموارکردنی دەکەن ئەو رێژەیە پێکدێنن؟".

سۆزان خاڵە شەهاب رووی نارەزایی لەو هێرشانە کرد کە لە ناوخۆدا کرانە سەر نێوەڕۆکی دەستوورەکە و گوتی "ئەگەر لە ناوخۆدا ئەو هەموو هێرشە نەکرابایە، ئەوا دەستوورەکە لە 25ی تەمموزدا دەخرایە راپرسییەوە، بەڵام بەداخەوە بۆ دژایەتیکردنی دەستوورەکە دەنگی نارەزایی گەیێنرایە عێراقیش".

نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان لە حوزەیرانی رابردوودا دوای پەسندکردنی پرۆژەکە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، رایگەیاند کە ئەو پرۆژەیە رەتدەکاتەوە و لە دادگای فیدراڵی سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات. هەروەها زۆر لە رۆشنبیرانی کوردستانیش رەخنەیان لە پرۆژەکە گرت و داوای راگرتنیان کرد. هەر لەبارەی دواکەوتنی ریفراندۆمی پرۆژەی دەستوورەوە، پەرلەمانتار زانا رەئوف لە فراکسیۆنی گۆڕان، گوتی "پێشبینی دەکەم دەسەڵاتدارانی کوردستان دەستووریان دانابێ وەک بەشێک لە سەفقەیەکی سیاسی لەپێناو مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کوردستاندا".

لەلایەکی دیکەوە عومەر عەبدولعەزیز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو گوتی "یەکگرتوو بەپێویستی دەزانێ هەرچی زووترە قسە لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێ، چونکە پێمانوایە دواخستنی باش نییە و بوونی دەستوورێکی کرچ و کاڵ باشترە لە نەبوونی هیچ دەستوورێک بۆ هەرێمی کوردستان". هەروەها گوتیشی هیچ یاسایەک نییە رێگری لەوە بکات دەستوورەکە بخرێتەوە بەردەم پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە، گوتیشی "کەلێنێکی یاسایی بۆ گەڕاندنەوەی دەستوورەکە هەیە و لەهەر کاتێکدا بەرژەوەندی گشتی و خوێندنەوەی نوێ بخوازێ دەتوانرێ دەستوورەکە بگەڕێنرێتەوە بەردەم پەرلەمان".

لەبارەی کاردانەوەی بەغداش لەسەر دەستوورەکە گوتی "نێوەڕۆکی دەستوورەکە هەرچۆنێک بێ، خەڵکی شۆڤێنیستی عەرەب هەن کە ئەگەر دەستوورەکە پاشکۆیەتی کورد بۆ ئەوان نەسەلمێنێ و بەدڵیان نەبێ، بەڕەوای نابینن".

# کێ دەبێتە سێیەم لیستی کوردستان، یەکگرتوو یان کۆمەڵ؟



هێمن رەحیم بابان
heminb24@yahoo.com

**رووداو- هەولێر**

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ بۆ بەدەستهێنانی ریزبەندی سێیەم لەنێو لیستەکانی کوردستاندا لەهەڵبژاردنەکانی 2010/3/7، رکابەرایەتی یەکگرتوو دەکەن، بەڵام بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو دەڵێت ئەوان رکابەرایەتی کۆمەڵ ناکەن و سێیەمبوونیان مسۆگەرە.

زانا رووستایی، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند کە حیزبەکەیان بە لیستێکی سەربەخۆ لە 6 پارێزگای عێراق بە 43 پاڵێوراو بەشداری دەکات و، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنیاندا جەخت لەسەر پارێزگای سلێمانی دەکەن، چونکە "زۆرترین دەنگدەرانی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە پارێزگای سلێمانین پاشان لە هەولێر و ئینجا دهۆکن". بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵ پێشبینی بەدەستهێنانی 2-3 کورسی دەکەن"بەلانیکەم دوو کورسی بەدەستدێنین". رووستایی روونیکردەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا "لەسەرجەم پرۆسەکەدا ئیسلامیبوونمان پێوە دیاردەبێت، زیاتر جەخت لەسەر مەسەلە ئاینی و ئەخلاقییەکان دەکەینەوە، لە دروشمەکانیشماندا جەخت لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی و جوانکردنی سیمای هەرێمی کوردستان لەبارەی رەوشی مافی مرۆڤ دەکەینەوە".

بەرپرسەکەی دەزگای هەڵبژاردنی لیستی کۆمەڵ رکابەرایەتیکردنی لیستەکەیانی لەگەڵ لیستی یەکگرتوو بۆ بەدەستهێنانی ریزبەندی سێیەم لە هەڵبژاردنەکاندا نەشاردەوە و گوتی "کار لەسەر ئەو جەماوەرە دەکەین کە بڕیاری نەداوە دەنگ بۆ کێ بدات، ئەوانیش 20%ی دەنگدەران پێکدەهێنن، چاوەڕوانیشین لە کوردستاندا لیستی سێیەم بین لەپاش هاوپەیمانی و گۆڕان و، موناقەسەمان لەگەڵ یەکگرتوو دەبێت بۆ لیستی سێیەم".

بەڵام بەشیر محەممەد، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو کە لیستەکەیان لە 7 پارێزگا بە 122 پاڵێوراوەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا دەکات، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی سێیەمبوونی ئەوان مسۆگەرە و کۆمەڵ رکابەریان نییە لەسەر ئەوە "بەپێی پێشبینییەکان لیستی گۆڕان لە کوردستاندا دووەم دەبێ، بۆیە لیستی یەکگرتوو حەتمەن لیستی سێیەم دەبێ، چونکە وا چاوەڕواندەکرێ گۆڕان کورسی زیاتر لە ئێمە بەدەستبێنن، هەرچەندە هەموو هەڵبژاردنێک موفاجەئاتی خۆی هەیە، ئێمە رکابەرایەتی کۆمەڵ ناکەین، چونکە سێیەمبوونی ئێمە یەکلایی بووەتەوە".



**لەسەر لیستی سێیەم رکابەرایەتی یەکگرتوو دەکەین**

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی کۆمەڵ



**سێیەم بوونمان مسۆگەرە**

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی یەکگرتوو

بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) بێ متمانەیی حیزبەکەیان بەرامبەر یەکێتی و پارتی نیشاندەدا و بەهۆکاری نەبەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵیاندا بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایندەی دادەنێت و، دەڵێت کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق لەخزمەتی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندایە. لەلایەکی دیکەوە، هادی عەلی، رەخنە لە قسەکانی پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو دەگرێ کە بە (رووداو)ی راگەیاندبوو یەکگرتوو ئەمجارە لە پەرلەمانی عێراق 3 کورسی دێنێ.

**هەڤپەیڤین: هێمن بابان رەحیم**



**سامی ئەترۆشی نەدەبوایە ئەو لێدوانە بدات**

**لە هەڵبژاردنی پێشوودا زۆر لەو دەنگانەی چاوەڕواندەکرا بۆ ئێمەبن بۆ گۆڕان چوون**

## بەرپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

# ئێمە حیزبێکی ئاینی نین

**رووداو: پێشبینی بەدەستهێنانی چەند کورسی دەکەن لەو هەڵبژاردنەدا؟**

**هادی عەلی:** ئێستا پێنج کورسیمان هەیە، هیچ پێشبینییەکمان نییە و هێشتا زووە بڵێین چەند دێنین.

**رووداو: سامی ئەترۆشی کە پەرلەمانتاری یەکگرتووە لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت یەکگرتوو ئەمجارە 3 کورسی زیاتر بەدەستناهێنێت؟**

**هادی عەلی:** ئەوە رای خۆیەتی، نەدەبووایە لێدوان لەوبارەوە بدات. لەسەر ئەوەش گلەیی لێکراوە. هەوڵدەدەین پێنج کورسییەکە کەم نەکەینەوە ئەگەر زیادی نەکەین.

**رووداو: لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانیشدا ئەنجامەکانتان دووربوون لە پێشبینییەکانتان؟**

**هادی عەلی:** جیاوازی زۆرە لەنێوان هەڵبژاردنەکانی رابردووی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق. ئەمجارە لە چوار پارێزگای دیکەش لیستمان هەیە. جاری پێشوو لەگەڵ سێ لایەنی دیکەدا هاوپەیمانبووین و بەشاهێدی زۆر کەس لەو 13 کورسییەی لیستەکە

## رەوتی گەشە کۆتایی هات و داواکانمان جێبەجێکردن

بەدەستیهێنان، دوو سێ کورسی بەدەنگی ئێمە بەدەستهاتن، بەڵام بەر خۆمان نەکەوتن. هەروەها بەشێک لەخەڵک بەهۆی هاوپەیمانبوونی یەکگرتوو لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دەنگیان بە یەکگرتوو نەدا. خیتابی پێشوومان خیتابێکی نەرمبوو و رەچاوی رەوشی کوردستانمان کردو ئەوەش کاریگەریی نێگەتیڤی هەبوو، بۆیە ئەو جیاوازییانە وا دەکات کە نەکرێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پێشووی کوردستان بکرێنە بنەما بۆ ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە.

**رووداو: ئەمجارە زمانی هەڵمەتی هەڵبژاردنتان توندتر دەکەن؟**

**هادی عەلی:** گوتاری پێشوومان لاوازبوو. گوتاری سیاسیشمان گوتاری موعارەزەبوونە ئەمجارە.

**رووداو: لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا دەتانگوت ئێمە لیستی دووەم دەبین، بەڵام گۆڕان دووەم بوو، ئەمجارەش هەر وانابێت؟**

**هادی عەلی:** چاوەڕوانی ئەوەبووین، بەڵام وادەرنەچوو. ئەگەری زۆر ئەوەیە گۆڕان ئەمجارەش دووەم بن. هەموو لیستەکان تارادەیەک رێژەیەکی نەگۆڕی ئەندام و لایەنگری خۆیان هەیە، بەڵام کێبرکێ لەسەر دەنگەکانی دیکەی دەرەوەی بازنە حیزبییەکەیە، ئەوەش دەمێنێتەوە سەر کاریگەری خیتابی سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن و هەندێک هۆکاری دیکە. توانای ئیداری و دەسەڵات و پارەیەکی زۆر لەدەست لایەنە دەسەڵاتدارەکاندایە،جگە لەوە ناڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر کۆمیسیۆنیش هەیە. کاریگەری یەکێتی و پارتی لەسەر کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ئاشکرابوو. ئەو کاژێرەی زیادکرا لە هەڵبژاردنی پێشوو کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ئەنجامەکان.

**رووداو: واتە مەبەستت ئەوەیە کۆمیسیۆن خزمەتی یەکێتی و پارتی کرد؟**

**هادی عەلی:** وەکو پێویست پیشەییانە و بێلایەنانە نەبووە، بێگومان لە خزمەتی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندایە، ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەمەش هەیە، چونکە هیچ گۆڕانکارییەک لە کۆمیسیۆن روویندداوە.

**رووداو: لەو بڕوایەدان لەو هەڵبژاردنەدا ساختەکاری روونەدات؟**

**هادی عەلی:** نەوەڵڵا، چونکە لایەنە دەسەڵاتدارەکان توانایان زۆرەو لە خۆشیان دەترسن. بۆیە ئەگەرزۆرە پەنا بۆ ساختەکاری ببەن. رۆڵی چاودێرە بیانییەکانیش شتێکی ئەوتۆ نییە.

**رووداو: چیتان هەیە بۆ ئەوەی بە خەڵکی تووڕە و رەخنەگر بڵێین کە ئێوە باشترن لە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ نوێنەراتیکردنی ئەوان؟**

**هادی عەلی:** یەکگرتووی ئیسلامی شانزە ساڵە حیزبێکی میانڕەو و تێنەگلاوە لەهیچ مەسەلەیەکی گەندەڵی، بۆیە یەکگرتوو توانای باشتری هەیە نوێنەرایەتی گەلەکەمان بکات و دەسەڵات بگرێتە دەست و باشتر چاکسازی بکات و خاوێنتر و دڵسۆزانەتر و بەرپرسیارانەتر ئەرکەکانی جێبەجێ بکات.

**رووداو: ئەمجارە زەمینەی دروستکردنی لیستی ئیسلامی نەبوو، یان خۆتان نەتانویست؟**

**هادی عەلی: ئێمە لە بوونی لیستێکی سەربەخۆلەبەغدائە**زموونێکی سەرکەوتوومان هەیە، لیستێکی هاوبەشیشمان لێرە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە ئەزموونێکی سەرنەکەوتووبوو، بۆیە لە نێوان ئەو دوو ئەزموونە راپرسییەکمان لە نێوخۆی حیزب کرد و زۆرینەی هەرەزۆر رایان لەگەڵ لیستی سەربەخۆبوو، لە هەڵبژاردنی پێشووش زۆر لەو دەنگانەی چاوەڕواندەکرا بۆ لیستەکەی ئێمەبن بۆ گۆڕان چوون، هاوپەیمانێتییەکەی پێشوومان زیانداربوو.

**رووداو: مام جەلال پێشبینی دەکات ئێوە و کۆمەڵ و گۆڕان 20کورسی بێنن، تۆ رات چییە؟**

**هادی عەلی:** مام جەلال دابەشینەکردووە تا قسەی لەسەر بکەین، نازانم چۆنە.

**رووداو: بۆچی هاوپەیمانێتیتان لەگەڵ حیزبی ئیسلامی نەبەست، بەتایبەت لە پارێزگاکانی عێراق؟**

**هادی عەلی:** ئێمە حیزبێکی کوردستانین و گوتار و کێشە و گۆڕەپانی ئێمە لە حیزبی ئیسلامی جیاوازە، گوتارمان لەچوارچێوەی کوردستاندا دادەڕێژرێت.هێشتا عێراق نەچووەتە ئەو قۆناخەی هاوپەیمانێتی لەسەر ئاستی عێراق دروستبکرێت، هەموو هاوپەیمانێتییەکان بەشێک لە ناوچەگەرێتییان تێدایە، لە ناوچەی کورد و شیعە و سوننە.

**رووداو: بۆچی نەچوونە هاوپەیمانێتیی یەکێتی و پارتییەوە؟**

**هادی عەلی:**لەبەر هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان. ئەوەشمان تاقیکردووەتەوە. ئێمە لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا لەساڵی 2008 لەگەڵ یەکێتی و پارتی بەشداریمان کرد، بەڵام لە موسڵ هەرچەندە نوێنەری ئێمە بە تەنیا 7200 دەنگی بەدەستهێنا، بەڵام بێبەشکراین. هەموو ئێزدیەکانی عێراق لە کۆتا سێ کورسییان هەیە، یەکێتی و پارتی وایانکردووە لە دوانزە کورسییەکەی لیستی برایەتی نەینەوا هەشتیان لە ئێزدیەکانی شنگاربن، کەچی شوێنەکانی دیکەش یەک دوو نوێنەریان نەبێت ئەمە چۆن دەبێت. بۆیە ئێمە متمانەمان بە یەکێتی و پارتی نەبووە بۆ ئەوەی پێکەوە لیستێک بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق دروستبکەین.

## هاوپەیمانێتییەکەی پێشوومان زەرەری هەبوو

**رووداو: بەپێی هەندێ راپرسی حیزبە ئیسلامییەکان لە عێراق لە پاشەکشەدان، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

**هادی عەلی:** ئەوانەی لە حوکمڕانیدان بێگومان رای خەڵک ئەگەر بەرامبەریان گۆڕابێت پەیوەندی بە کارەکەیانەوە هەیە لە ماوەکانی رابردوودا، بەڵام مەرج نییە ئەو شکست و لاوازییەی حیزبە ئیسلامییەکان رووبەڕووی یەکگرتوو ببێتەوە. ئێمە جیاوازین لە حیزبە ئیسلامییەکانی عێراق. ئێمە هەر لەسەرەتاوە بە سروشتی هاتووینەتە گۆڕەپانەکە و رێزمان لە رای بەرامبەر گرتووە و توندوتیژیمان رەتکردووەتەوە، جیاوازی زۆرمان لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکانی عێراق بە شیعە و سوننەشەوە هەیە، تەنانەت لە روانینیشماندا بۆ ئیسلام جیاوازییمان هەیە.

**رووداو: رەوتی گەشە لەنێو یەکگرتوو ماوە؟**

**هادی عەلی:** نەخێر، رەوتی گەشە لەنێو یەکگرتوو نەماوە، ئەوان کۆمەڵە گەنجێک بوون لەبواری رۆشنبیری و راگەیاندن و قوتابیاندا کاردەکەن، دەیانگوت دەبوایە گوتاری سیاسیمان لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا گوتاری ئۆپۆزسیۆن بێت و لیستی سەربەخۆمان هەبووایە، لەوە نیگەران بوون. داوایانکردووە حیسابی زیاتر بۆ رێکخستنەکان و ئەندامانی خوارەوە بکرێت و بایەخی زیاتر بە گەنجان بدرێت، داواکارییەکانمان جێبەجێکردوون، چونکە هەموویان پۆزەتیڤ بوون. داوکارییەکانی ئەوان داواکاری زۆرینەی هەرە زۆری رێکخستنەکانی خۆمان بوون. ئەگەر ناعەدالەتییەکیش لە یەکگرتوودا هەبێت عەجایب نییە، چونکە هەموومان بەشەرین و پێویستە بەخۆدابچینەوەو نەیانهێڵین. مەسەلەی رەوتی گەشە کۆتایی پێهاتووەو، ئێمە هیچ گوشار و داوامان لێنەکردن کە ئەو رەوتە هەڵوەشێننەوە.

**رووداو: یەکگرتوو لەمانەوە وەک حیزبێکی ئایینی و بوونە حیزبێکی کشتگیری نزیک لە داو گەشەپێدان، لەوبارەوە زۆر قسەتان کرد، ئەو ململانێیە گەیشتە کوێ؟**

**هادی عەلی:** ئێمە رۆژێک لە رۆژان نەمانگوتووە حیزبێکی ئاینین، گوتوومانە حیزبێکی سیاسین و بەمەرجەعیەتی ئیسلامی کاردەکەین، هەوڵیش نادەین ببینە کۆپی هیچ لایەنێک، دەمانەوێ سوود لە ئەزموونە سیاسییەکانی حیزبەکانی ناوەوەو دەرەوە وەربگرین، راو رای جیاوازیش لەسەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەبارەی ئیسلامی بوون و نەبوون هەیە و شتێکی ئاساییە.

**رووداو: هەستناکەن بەو شێوەیەی ئێستا زۆر کەسی دیکەی وەک عەبدولڕەحمان سدیق کە دوای چەندین ساڵ وازی لێهێنان، وازتان لێبێنن؟**

**هادی عەلی:** کۆمەڵگەی کوردستانی و عێراقی بەرەو پێشەوە دەڕوات، مەرج نییە کەسێک خۆی و کوڕەکانی تاوەکو دنیا دنیایە لە حیزبێکدابن، ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە واهاتووە کە کەسێک ئەگەر لە حیزبێکدا بوو تا دنیا دنیایە دەبێت خۆی و کوڕاوکوڕی لەو حیزبەدا بێت، پێمان خۆش نەبوو عەبدولڕەحمان سدیقمان لێبچێت، بەڵام رای خۆی بوو و رێزیشمان گرت. کەسمان لێ زیادنییە.

## ئێمە و حیزبە ئیسلامییەکانی عێراق لەروانیندا بۆ ئیسلامیش جیاوازین

**رووداو: چۆن دەڕواننە کارەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان؟**

**هادی عەلی:**لەبەرئەوەی ئۆپۆزسیۆنی تێدایە، چاوەڕواندەکرا پەرلەمانێکی کارا و باشتربووایە، بەڵام دیارە سیاسەتی یەکێتی و پارتی بەئاراستەیەکە نایانەوێت پەرلەمانێکی کارابێت، بۆ لاوازکردنی ئۆپۆزسیۆن لەماوەی چوار مانگی دەستبەرکاربوونیدا 13کۆبوونەوەی کردووە، دواتر بڕیاری لەسەر دوو مانگی پشوو داوە، ئەو ماوەیەش بۆ ئەوەیە کە پەرلەمان رۆڵی نەبێت و پەرلەمانێکی ناکارا بێت، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دیموکراسی لە کوردستان هەیە. ئەو بارگرژییەی نێوان یەکێتی و گۆڕان دەبووایە لە پەرلەمان چارەسەربکرێت، نەوەک حیزبەکانی بۆ کۆبکرێتەوە، ئەو کۆبوونەوەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ لایەنەکان دەڕژێتە لاوازکردنی رۆڵی پەرلەمان.

**رووداو: لە کابینەی چوارەمدا وەزیری داد بووی، پێتانوایە کابینەی پێنجەم و شەشەم لە چوارەم باشترین؟**

**هادی عەلی:** هەر کابینەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆخۆم کابینەی چوارەمم لە کابینەی پێنجەم پێ باشترە، کابینەی شەشەمیش هێشتا زووە بۆ هەڵسەنگاندنی.

**رووداو: گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەمدواییەی رەوشی ئەمنیی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**هادی عەلی:** لەتبوونی لایەنێک بۆ دوو بەش تاوەکو بتوانن تەفەهومی یەکتربکەن شتێکی ئاڵۆزە، شەڕی ناوخۆی نەوەتەکان لە شەڕی راگەیاندنەوە دەستی پێکرد، ئەو گرژیانەش بەتایبەت لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکان و بەتایبەت لە سلێمانی مەترسی تەقینەوەیان هەیە.

## کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە خزمەتی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندایە

### ژمارەکانی یەکگرتوو لە هەڵبژاردن دا



هەروەک بەپرسی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ، ئەوان لە 7 پارێزگا لیستیان هەیە و، کۆی پاڵێوراوەکانیان 122 پاڵێوراوە. جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان لە کەرکووک، موسڵ و دیالە و بەغداش لیستیان هەیە.

بەپێی قسەی هادی عەلی، یەکگرتوو کە مانگانە بودجەیەکی 450 ملیۆن دیناری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ، هەوڵدەدات پێنج کورسییەکەی لە بەغدا کەمنەکاتەوە ئەگەر زیادی نەکات.

| دینار | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|
| $ 100 | 118500 | $ 485 |  |
| € 100 | 162050 | $ 114 |  |

## ئابووری

### داوای کردنەوەی لقی بانکەکانی ڕەشید و ڕافیدەینمان کردووە

ڕووداو-هەولێر
ڕەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند بە مەبەستی سوودمەندبوونی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەو قەرز و پێشینانەی حکومەتی عێراق دەیانداتە فەرمانبەران کە بەگشتی دەگاتە 50 ملیۆن دینار، داوای کردنەوەی لقی بانکەکانی ڕەشید و ڕافیدەینیان لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کردووە "بەڵام هێشتا بەغدا ڕەزامەندیی لەسەر کردنەوەی ئەو لقانە نەداوە"، ڕوونیشیکردەوە "لە کوردستاندا لقەکانی ڕافیدەین و ڕەشید هەن، بەڵام پارەیان بۆ تەرخاننەکراوە تاوەکو بتوانن ئاسانکاری پێشکێشی هاووڵاتیان بکەن، وەکو سندوقی نیشتەجێبوون و پێشینەکان".



## بریکاری کۆمپانیای TOYOTA لە کوردستان:

# ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای TOYOTA لە کوردستان گرفتیان نییە

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی گرفتێکی میکانیکی لە ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای تۆیۆتا TOYOTA چەندین کەس لە ئەمریکا و ئەوروپا گیانیان لەدەستدا، لەبەر ئەوە کۆمپانیای ناوبراو زیاتر لە 2 ملیۆن ئۆتۆمبێلی لە بازاڕەکانی ئەمریکاو ئەوروپا کشاندەوە. بریکاری کۆمپانیای تۆیۆتا لە هەرێمی کوردستان دەڵێ ئەو گرفتە لە ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیاکە نییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

هونەر عەبدوللەتیف، بەڕێوەبەری پێشانگای کۆمپانیای جیهان، کە کۆمپانیای جیهان بریکاری کۆمپانیای تۆیۆتایە لە هەرێمی کوردستان، گوتی "ئەم گرفتە لە ئۆتۆمبێلەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کوردستان ڕووی نەداوە و ئێمە ناگرێتەوە، چونکە ئێمە ئۆتۆمبێلی ئەو کۆمانپایانە ڕاستەوخۆ لە ژاپۆن دەهێنین، ئەوانی دیکە لە ئەمریکاو ئەوروپا بەرهەمدەهێندرێن".

سەرەتای ئەمساڵ، کۆمپانیای تۆیۆتای ژاپۆنی زیاتر لە 2 ملیۆنی ئۆتۆمبێلی جۆری (CAMRY، COROLLA، AVALON) ی مۆدێل 2010 ی لە بازاڕەکانی ئەمریکاو ئەوروپا کشاندەوە، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی چەند هەڵەیەکی میکانیکی لە بەشی سکلێتەری بەنزین، ئەمەش بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین هاووڵاتی، چونکە لەکاتی لێخوڕیندا سکلێتەری بەنزین نەدەگەڕایەوە شوێنی خۆی.

هونەر عەبدوللەتیف، بەڕێوەبەری پێشانگای کۆمپانیای جیهان گوتی "ئێمە کە زانیمان ئەو کێشەیە هەیە بە زووترین کات پەیوەندیمان بە کۆمپانیای تۆیۆتاوە کرد، ئەوانیش گوتیان ئەو گرفتە لە ئۆتۆمبێلەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نییە، تەنیا لە ئۆتۆمبێلی کارگەکانمانە لە ئەمریکاو ئەوروپا".

دوای دەرکەوتنی ئەو گرفتە کۆمپانیای تۆیۆتا تووشی زیانێکی زۆر هات و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەنێو بەکارهێنەران، تەنانەت لە کوردستانیش دروستکرد، هونەر ئەو دڵەڕاوکێیەی بەکارهێنەرانی لە هەرێمی کوردستان دەڕەوێنێتەوەو دەڵێ "تا ئێستا ئەو کێشەیە لە ئۆتۆمبێلەکانی کوردستان نەبووەو ناشبێت، بەڵام ڕاگەیاندنەکان و کۆمپانیاکانی دیکەی دروستکردنی ئۆتۆمبێل گرفتەکەیان ئەوەندە گەورە کرد، ئەگەرنا گرفتەکە زۆر بچووکە و دەتوانرێ بە نیو کاژێر چاکبکرێتەوە".

ماوەیەک بەر لە ئێستا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە کۆمپانیای جیهان ئۆتۆمبێلی TOYOTA لە کارگەکانی مالیزیا و ئەندەنوسیا دەهێنێ و بە نێوی ژاپۆنی دەیانفرۆشێتەوە، هونەر ئەو دەنگۆیەی ڕەتکردەوە و گوتی "ئەو قسەیە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نییە، ئێمە ئەو ئۆتۆمبێلانە لەخودی TOYOTA لە کارگەکانی ژاپۆن دەکڕین، بۆ دڵنیابوونیش هەر کەسێک ئۆتۆمبێلێکی TOYOTA لە ئێمە بکڕێ ئێمە بەرپرسین لەو بەڵگەنامەیەی کە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە دەیدەینە هاووڵاتیان کە لە چ وڵاتێک دروستکراوە"، گوتیشی "بۆ دڵنیابوونی هاووڵاتیان، چەند ڕۆژێکی دیکە لۆگۆی کۆمپانیای TOYOTA کە لە ژاپۆن دروستکراوە بەفەرمی دەگاتە کوردستان و ئێمەش لە هەولێر هەڵیدەواسین".





سکلێتەری تۆیۆتا کە کێشەی هەبوو

# نان کەوتە سەر بازاڕی پۆستەر

## هەندێک لیست و کاندید پۆستەرەکانیان لە چین چاپکرد

**ڕووداو-سلێمانی**

گەرموگوڕی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارە، بەر لە هەموو شت گیرفانی خاوەن چاپخانەکانی شاری سلێمانی گەرم کردووە .کەم چاپخانەی ئەو شارە هەیە چەند دەستەیەک پۆستەرو کارنامەی کاندیدەکانی بەئامادەکراوی تێداهەڵنەچنرابێ. زۆری پۆستەرەکان بەرپرسانی شارەوانیی ئەو شارەوەی ترساندووەو هەر لە ئێستاوە دەیانەوێ ڕێگەیەک دابنێن بۆ ئەوەی خاوەن ئەو پۆستەرانە ناچار بکەن لەکاتی تەواوبوونی بانگەشەکاندا، لەگەڵ کارمەندەکانی خۆیاندا پێکەوە کۆیان بکەنەوە.

محەممەد ڕەئوف ڕەحیم، خاوەنی چاپخانەی دیلان لە شاری سلێمانی دەڵێ "لە ئێستاوە سوودێکی زۆرمان لە هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بینیوە"، خاوەنی چاپخانەکە گوتی "جیاوازی لەنێوان لیستەکاندا ناکەین بۆ پارە وەرگرتن، بۆ هەموویان بە یەک نرخ چاپی دەکەین، بەڵام هەتا ژمارەی پۆستەرەکە زۆرتربێ، کرێی کەمتر لێ وەردەگیرێ".

ئارام شێخ محەممەد، سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)سەرۆکی دامەزراوەی هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند بەشێک لە پۆستەری کاندیدەکانیان لەسەر خەرجی بزووتنەوەکەیان دەبێ "بەڵام ئازادن ئەگەر بیانەوێ هی دیکە بۆ خۆیان دروست بکەن، لەسەر خەرجی خۆیان، چونکە بودجەیەکی دیاریکراومان نییە ناتوانین خەرجی هەموو پۆستەری کاندیدەکانمان دابین بکەین".

دەروون محەممەد، کە خاوەنی چاپخانەی بابانە نایشارێتەوە لە ترسی پارە نەدان و قەرز، پۆستەرو کارتی بۆ چەند کاندیدێکی کەم چاپکردووە، ئەو دەترسێ بەدەردی هاوکارەکەی بچێ کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردوودا، 3500 دۆلاری کەوتە لای لیستێک، بەڵام هەر نەیاندایەوە تا لەبەر زۆری قەرزەکانی ناچار دووکانەکەی هەراجکرد فرۆش کرد و چووەوە ئەڵمانیا. دەروون گوتی "یەکێک لەو کاندیدانەی لەم ڕۆژانەدا پۆستەرم بۆ چاپکرد، زۆر پاڕایەوە تاوەکو پارەی کەمتری لێ بستێنم، پێیگوتم لەسەر گیرفانی خۆم چاپی دەکەم"، بۆیە دەروون زۆر لەو کەسانە دەترسێ کە پارەکەی نەدەنەوە ئەگەر لەکاتی هەڵبژاردن دەنگی تەواو نەهێنن.

بەپێی قسەی محەممەد ڕەئوف، خاوەنی چاپخانەی دیلان، ئەمجارە لیستی هاوپەیمانی کوردستان زۆرترین پۆستەرو فلێکسی بانگەشەی لە شاری هەولێر چاپکردووە و کەمترین کاندیدیان لە شاری سلێمانی چاپیان کردوون. محەممەد گوتیشی هەندێک لە کاندید و حیزبەکان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە پۆستەرەکانیان ناردووەتە وڵاتی چین تا لەوێ بۆیان چاپ بکرێن، هۆکاری ئەوەش بەبڕوای خاوەنی چاپخانەی دیلان، هەرزانی نرخ و باشی کوالێتی چاپخانەکانی وڵاتانی دەرەوەیە لەچاو ئەوانەی کوردستان.

وەک پێشبینی دەکرێ ئەمجارە سەردیوار و شەقامەکان پۆستەرو وێنەیەکی زۆری پێوە هەڵبواسرێ، ئەمەش بەرپرسانی شارەوانیی سلێمانی ترساندووە، کە نەتوانن بەئاسانی کۆنترۆڵی ئەو شوێنانە بکەن کە بەپێی یاساکانی ئەوان قەدەخەدەکرێن پۆستەر و لافیتەیان پێداهەڵبواسرێ. ڕزگار حوسێن، بەرپرسی بەشی خزمەتگوزاریی لەو شارەوانییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شارەوانیی سلێمانی بەنیازە لەڕێگەی وەرگرتنی پارە لەو کاندیدانەی پۆستەرو وێنەی خۆیان هەڵدەواسن، گرەنتی ئەوە وەربگرێ کە لە شوێنی قەدەخەکراو هەڵیاننەواسن و لەدوای تەواوبوونی بانگەشەکان لێیان بکەنەوە، ئەگەر سەرپێچی ئەو داواکارییانەیان کرد ئەوا بەو پارەیەی لێیان وەرگیراوە کرێکار دەگرین بۆ لێکردنەوەیان".

> **لیستێک لە هەڵبژاردنی مانگی تەممووزدا 3500 دۆلاری خاوەن چاپخانەیەکی خوارد**
>
> خاوەنی چاپخانەی بابان



چاپخانەیەک لە کاتی چاپکردنی پۆستەری پاڵێوراوێک (فۆتۆ: ڕووداو)

## ناوی کوردی چووە نێو بازاڕی خۆراکی جیهانی

# فوولی کوردی لە لوبنان دروستدەکرێ و لە هەموو جیهان دەفرۆشرێ




**ڕووداو-ئەڵمانیا**

Chtoura Garden کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی خواردن لە لوبنان دەستیکرد بە دروستکردنی فوولی کوردی، کە لە پاقلە و نۆک و بەهاراتی جیا دروستکراوە.

پاقلە و فوول خواردنێکی سەرەکییە لە میسر و سوریا و لوبنان. لەسەردەمی فیرعەونەکانەوە وەک خواردنێکی گرنگ تەماشا دەکرێ. لەبەر زۆری پرۆتینەکەی و هەرزانی نرخەکەی، لە میسر لەوانەیە هەر ماڵێک لە زیاتر لە جەمێکدا بیخوات.

پاقلەمەنی کوردی لە وڵاتانی عەرەبیدا بەنێوبانگە و بە لاتینی پێیدەگوترێ Vicia faba، هەروەها وەک خواردنێکی میللیش ناسراوە.

فوولی کوردی ئەمجارە بەنێوی خۆیەوە کەوتە بازاڕەوە. ئیدی لە سەرتاسەری جیهان و بەتایبەتی لە ئەوروپا، ئەو پاقلەیە بەنێوی Kurdish Recipe لە بازاڕەکانی ئەوروپا دەستدەکەوێ. هەروەها لە ڕەچەتەکەدا پاقلەی ئەمریکیش بەکارهاتووە.

ئەو پاقلەیە بەگوێرەی تامی دەمی کوردانی لوبنان دروستکراوە، کە لە پاقلە و نۆک و چەند جۆرە بەهاراتێک دروستکراوە.

لە ئەوروپا ناوی کوردی لەسەر ژمارەیەکی زۆر کەم لە خواردنەکان هەیە، ئەو کۆمپانیایانەش کە خاوەنەکانیشیان کوردن، خواردنەکانیان بەناوی خواردنی تورکی و عەرەبی دەدەنە بازاڕ.

Chtoura Garden کە لە لوبنان لە شاری شتورە Chtoura خواردنەکانی بەرهەمدێنێ، بەو ڕەچەتەیەی خۆی ناوی کوردی خستە نێو بازاڕی نێودەوڵەتی خواردنەوە.

# 5%ی داهاتی دەروازە سنوورییەکان دەدرێتە پارێزگاکانیان

## بەپێی یاسای بودجەی عێراق مووچەی سەرۆک و وەزیر و پەرلەمانتاران کەمدەکرێتەوە

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو- هەولێر**

لە بودجەی عێراقدا بۆ ساڵی 2010 تەنها 1 دۆلار لە هەر بەرمیلێکی بەرهەمهێنراوی نەوت بۆ پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان تەرخانکراوە، بەڵام 20 دۆلار کە لە هەر گەشتیارێکی شوێنە پیرۆزەکان وەردەگیرێت، بۆ ئەو شارانە دەبێت کە مەزارگەکانی لێیە. پەرلەمانتارێکی کوردیش دەڵێ "ئەگەری زۆر هەیە ئەمساڵ 17%ی پشکی هەرێمی کوردستان کەم ببێتەوە".

لە خەملاندنی بودجەی گشتی عێراقدا نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بە بڕی 60 دۆلار دیاریکراوە، لەکاتێکدا بەرمیلێک نەوتی عێراق کە "بە بەردەوامی 8-10 دۆلاری لە نرخی نەوتی جیهانی کەمترە"، لەوماوەیەدا کە نرخی نەوت بەرزبووەوە بۆ 75 و 78 دۆلار، نەوتی عێراق بە 68 دۆلار دەفرۆشرا. سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق پێیوایە زۆر جار داهاتەکان خەمڵێندراون، بۆیە "لەبەرئەوەی نرخی نەوت لە هەڵکشان و داکشاندایە، نرخی بەرمیلی نەوت بە مەزەندە دادەنرێت، لە سعودیە و کوێت ئەو نرخە بە 45-50 دۆلار دانراوە". هەروەها ڕوونیکردەوە کە "ئەو بڕە پارەیەی لە داهاتی خەمڵێندراو زیاترە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە بەکاردێت"، هاوکات بەدووری دەزانێت حکومەتی عێراق ئەمساڵ بودجەی تەواوکاریی هەبێت.

لەلایەکی دیکەوە ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق ڕای وایە عێراق دەتوانێ ئەو کورتهێنانەی لە بودجەدا هەیەتی بە ئاسانی لەڕێگەی ئەو زیادەیەی هاتە سەر نرخی نەوت پڕ بکاتەوە "ئەو بڕە پارەیە بە زیادەوە کورتهێنانی بودجەی عێراق پڕدەکاتەوە، ئەگەریش هەیە عێراق ئەمساڵیش بودجەی تەواوکاری هەبێت، چونکە ئەگەر لە2010 ڕۆژانە نرخی هەر بەرمیلێک 1 دۆلاری بێتە سەر، ساڵەکە هەموو 766ملیۆن دۆلار دێتە سەر بودجە".

داهاتەکانی بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2010 بە بڕی 61 تریلیۆن و 735 ملیار و 312 ملیۆن و 500 هەزار دینار، خەرجییەکانیشی بە 84 تریلیۆن و 657ملیار و 467 ملیۆن و 556 هەزار دینار خەملێندراوە، بڕی کورتهێنانیش 22 تریلیۆن 922 ملیار و 155ملیۆن و 56 هەزار دینارە.

لە ماددەی 18ی بودجەی عێراقدا هاتووە پاش ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لەعێراق، بەزیاد و بە کەم بودجەی هەرێمی کوردستان کە بە بڕی 17% دیاریکراوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ. سامی ئەترۆشی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانی بێت، ڕێژە و پشکی هەرێمی کوردستان بۆ 13% کەمدەبێتەوە"، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە بودجەی هەرێمی کوردستان پاش ئەنجامدانی سەرژمێری بۆ 14 - 15 % کەمدەبێتەوە، لەوبارەوە گوتی "ئەگەری زۆر هەیە ئەمساڵ 17%ی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق کەم ببێتەوە".

بەڵام جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانیی عێراقی بە ناڕاست زانی، گوتیشی "هەرێمی کوردستان بەپێی ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق نزیکەی چوار ملیۆن و دووسەد هەزار کەسە، بەڵام لەوەش زیاترە". بەپێی ماددەی 16ی بودجەی عێراق بڕی 17%ی کۆی خەرجییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دیاریدەکرێت، پاش بڕینی خەرجییە سیادییەکان.

بودجەی عێراق بڕی 23 تریلیۆن و 676 ملیار و 772 ملیۆن و 604 هەزار دیناری بۆ خەرجییەکانی وەبەرهێنان تەرخانکردووە، بڕی 60 تریلیۆن و 980 ملیار و 694ملیۆن و 952 هەزار دیناریشی بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن.

لە بودجەی 2010ی عێراقدا لە دوو شوێندا مووچەی هەریەک لە ئەندامانی سێ سەرۆکایەتییەکە، ئەنجوومەنی نوێنەران و دوو جێگرەکەی، سەرۆکی کۆمار و دوو جێگرەکەی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و جێگرەکەی 20%. کەمکراوەتەوە. هاوکات مووچەی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و وەزیرەکان و ئەوانەی لەپلەی ئەواندان و بریکاری وەزیرەکان و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و ئەوانەی لە چوار سەرۆکایەتییەکە کاردەکەن لە ڕاوێژکاران و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی لەپلەی ئەواندان و خاوەن پلە تایبەتەکان بە ڕێژەی 10%ی مووچەکانیان کەم کراوەتەوە. سامی ئەترۆشی لەمبارەیەوە دەڵێت "ئەو بڕیارە پێشتریش هەبوو، ئەمەش لەپێناو کەمکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەتە، هاوکات بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییە کە لە مووچەدا هەیە".

بەپێی بڕگەی دووەمی ماددەی 21ی بودجەش نابێت تا پێکهێنانی ئەنجوومەنی خزمەت، هیچ کەسێک لەو 115 هەزار فەرمانبەرەی لەیاساکەدا بۆ دامەزران دیاریکراون، دابمەزرێندرێن، بەڵام ئەترۆشی دەڵێ "هەرێمی کوردستان دەتوانێ بەبێ پێکهێنانی ئەو ئەنجوومەنەش دامەزراندنی خۆی دەست پێ بکات".

بەپێی زانیارییەکان مووچەی پەرلەمانتارانی عێراق پێشتر 9 ملیۆن و 900 هەزار دیناری عێراقی بوو، دواتر بڕی 3 ملیۆنی دیکەشیان وەکو دەرماڵەی مەترسی بۆ خەرجکرا و، کۆی گشتیی ئەوەی وەریدەگرن 12ملیۆن و 900 هەزار دیناری عێراقییە، جگە لەوەی هەر پەرلەمانتارێک دەتوانێ تاوەکو 30 پاسەوانی هەبێت.

لە بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2010 بڕی 26 تریلیۆن و 540 ملیار دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکان تەرخاندەکرێت.

لە ماددەی 43ی بودجەدا بڕی 1 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێکی بەرهەمهێنراوی نەوت بۆ پارێزگای بەرهەمهێن یان ئەو پارێزگایە دەبێت کە نەوت دەپاڵێوێت، جگە لە تەرخانکردنی 1 دۆلار بۆ هەر 150مەتر سێ جای غازی سروشتیی بەرهەمهێنراو بۆ هەر پارێزگایەکی بەرهەمهێنەر، لەکاتێکدا بڕی 20 دۆلار لە هەر گەشتیارێکی بیانی مەزارگە ئاینییەکان وەردەگیرێت و تەنیا بۆ ئەو شارانە خەرج دەکرێت کە مەزارگەکانی لێیە، هەروەها بڕی 5%ی داهاتی دەروازە سنوورییەکان، لەو پارێزگایانەی دەروازەی سنووریی نێودەوڵەتییان هەیە بۆ گەشەپێدانی ئەو پارێزگایانە تەرخاندەکرێت. ئەوەش هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند دەبن.

> **ئەگەرێکی زۆر هەیە بودجەی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان بۆ 13% کەمبکرێتەوە**
>
> سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق



شۆڕش حاجی، هەڵسوڕاوی باڵای گۆڕان لە هەولێر:

# لە سلێمانی و کەرکوک یەکەم و لەهەولێریش دووەم دەبین



شۆڕش حاجی دەڵێ، ئێمە بەشێک نین لە عێراق، بەڵکو شەریکین (فۆتۆ:ڕووداو)

شۆڕش حاجی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و سەر لیستی گۆڕان لە هەولێر پێشبینی دەکات کورد 60–65 کورسی لە پەرلەمانی عێراق بەدەستدێنن و، پشکی ئەوان لە 15 کورسی کەمتر نابێت. هەروەها دەڵێت لیستەکەیان لە سلێمانی و کەرکووک یەکەم دەبێ و لە هەولێر دووەم و، لە دهۆکیش لەجاری پێشوو باشتردەبن. هەروەها دەڵێ لە هەموو مەسەلەکاندا هاوهەڵوێستی لیستی هاوپەیمانی کوردستان نابن لەبەغدا:

**هەڤپەیڤین: هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو–هەولێر**

### ئێمە دەمانەوێ کورد شەریک بێ لە حوکمی عێراقدا نەک بەشدار

### شتێک نییە بەناوی کۆسرەتییەکان و دەنگمان لە هەولێر کەم نابنەوە

### 15 کورسی کەمتر بەدەست ناهێنین

**ڕووداو: خۆ ڕێکخستنەوەی گۆڕان وەک قەوارە یان حیزبێکی سیاسی گەیشتە کوێ؟**

**شۆڕش حاجی:** بەنیاز نین ببینە حیزبێکی سیاسی، بەڵام قەوارەیەکی سیاسین و لە پەرلەمان پرۆژە یاسایەکمان پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی یاسای حیزبەکانی کوردستان بەشێوەیەک بێت تەنها بۆ حیزبەکان نەبێت، بەڵکو قەوارەی سیاسیش بگرێتەوە. لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسیدا لە خۆ ڕێکخستنەوەداین، چونکە ئەگەر ببینە حیزبی سیاسی ڕەنگە ئەوکاتە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی دیاریکراومان هەبێت و هەندێک خەڵک لەو چوارچێوە ئایدۆلۆژیەدا جێی نەبێتەوە. گۆڕان جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی،

### کورد هێشتا برا بچووکە لە عێراقدا

سیاسی فراوانە، لەم سەری ڕاست تا ئەوسەری چەپ لەخۆدەگرێت. خەڵکمان تێدایە دۆست و لایەنگری حیزبەکانی دیکەن، هەمانە بێلایەنن، دەمانەوێ ببینە ڕێکخراوێک جێگەی هەموو کەسێکی تێدا ببێتەوە.

**ڕووداو: چۆن خۆتان ڕێکدەخەنەوەو هەیکەلی قەوارەکەتان چۆن دادەڕێژن؟**

**شۆڕش حاجی:** جارێ ناچینە نێو وردەکارییەکانەوە. بەدڵنیاییەوە بیر لە ڕێکخستنێک دەکەینەوە کە لەو پەیکەرە ڕێکخراوەیە حیزبییە کلاسیکیانەی تائێستا لەکوردستان پەیڕەوکراون جیاوازبن. دەمانەوێ شتێکی نوێ دابهێنین، بەشێوەیەکی وا کە هەموو خەڵکێک کە پشتیوانی گۆڕان و پاڵپشتیی پرۆسەی گۆڕینی دیموکراسی دەکات هەست بکات بەشدارە لە داڕشتنی بڕیار و بەرنامەی سیاسی ئەو ڕێکخراوە و جێبەجێکردنیاندا. ڕەنگە یەکێک لە جیاوازییەکانی ئێمە ئەوەبێت کە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیمان نابێت.

**ڕووداو:لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پێشووتاندا نەهێشتنی گەندەڵی گرنگترین دروشمی ئێوە بوو، بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە جەخت لەسەر چ دەکەن؟**

**شۆڕش حاجی:** سەرەکیترین دروشممان ئەوەیە وەک کورد دەمانەوێ هاوبەشی و شەراکەتێکی ڕاستەقینەمان هەبێت لە عێراق دا، دەمانەوێ وەک نەتەوە شەریک بین لە حوکمکردنی عێراق و ئەو بڕیارە سیاسییانەی لە عێراق دەردەچن و لە جێبەجێکردنیشیاندا، نەک تەنها ڕێژە بین. کورد تائێستا بەشداربووە لە حوکمی عێراقدا نەک شەریک. کورد تائێستا لەعێراقدا برا بچووکە، نامانەوێ چیتر برا بچووک بێت، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی تۆکمە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسی کورد کە ئەو هاوسەنگییە نیشانبدات کە کوردیش نەتەوەیە و کورد و عەرەب پێکەوە عێراق پێکدەهێنین و، بەهێزی کورد بەهێزی عێراقە و بەهێزی عێراقیش بەهێزی ئێمەیە. نەمانتوانیوە نیشانیبدەین ئێمەش نەتەوەین، نیشانمانداوە بەشێکین لەعێراق. ئێمە بەشێک نین لە عێراق، ئێمە شەریکین لە عێراق دا و دەمانەوێت پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر کە ئێستا لەسەر ئاستی کەس و حیزبەکانە بگۆڕین بۆ ئاستی پەیوەندیی ئۆرگانیکی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی.

**ڕووداو: کەواتە جێگرەوەتان (البدیل) بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چییە؟**

**شۆڕش حاجی:** بەدیلمان بۆ شێوازی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە هەیە، دەمانەوێ ئاستی دەستکەوتە سیاسییەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا زیاتر بکەین. تائێستا هەوڵی جیددی نەدراوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140. دەبووایە سەرکردایەتی سیاسیی کورد نەیهێشتبا کێشەی کەرکووک بهێڵدرێتەوە بۆ ئەوەی بخرێتە نێو دەستوورەوە، پێشتر چارەسەری کردبا. دەبێ کورد هەوڵبدات کارتە بەهێزەکانی خۆی بەکاربێنێت، بەرپرسی جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 ئەو برادەرانەن کە لە بەغدا بوون، لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی کورد لەوێ. دیارە ئەوان ئەولەویاتی دیکەیان هەبووە. ئەگەر ویستێکی ڕاستەقینە بۆ ماددەی 140 هەبووایە کورد دەیتوانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بگەڕێنێتەوە. کورد نەک تەنیا سەرکەوتوونەبووە لە گوشار خستنە سەر بەغدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، بەڵکو نەیتوانیوە قەناعەت بە عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوورییەکانی کەرکووک و ناوچەکانی دیکە بێنێ کە بەرژەوەندی ئەوان لە گەڕانەوەیانە بۆ سەر کوردستان، چونکە کورد نمونەیەکی حوکمڕانیی نادروستی نیشانی عەرەب و تورکمانەکان داوەو بەشێوەیەک ترساندوومانن کە ئەوان دەچن گوشار دەخەنە سەر بەغدا و تەدەخول بە هێزەکان دەکەن بۆ ئەوەی ماددەکە جێبەجێنەکرێت.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەن هێندەی ساڵی ڕابردوو دەنگ بێننەوە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئومێدمان هەیە لەجاری پێشوو زیاتر دەنگ بەدەستبێنین و باشتر بین. یەکەم، گۆڕان لە 2010/7/25 جوڵانەوەیەکی تازەبوو، خەڵکی کوردستان ئێمە و بەرنامەی سیاسی ئێمەی نەناسیبوو، ئەو پڕوپاگەندەیەی هەبوو گوایە گۆڕان چەند کورسییەکی کەم دێنێت وایکرد خەڵکێکی زۆر نەچنە دەنگدان، ئەمە ئێستا گۆڕاوە. کاری پەرلەمانتارەکانیشمان ئومێدی بەخەڵکی کوردستان داوە، سەرباری ئەوە بەخۆداچوونەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان. ئەمانە هۆکاری سەرەکی ئەو گەشبینییەی ئێمەن. جگە لەوە دەنگدانی کوردانی دەرەوە و کەرکووکیش تای تەرازوو بەلای گۆڕاندا

### سەرۆکایەتی کۆمار دەستکەوتێکی نەتەوەیی ئەوتۆی نەبووە

دەشکێنێتەوە.

**ڕووداو: لە بانگەشەی ئەمجارەتاندا زیاتر سەنگی خۆتان لە چ پارێزگایەکدا دەبیننەوە؟**

**شۆڕش حاجی:** بانگەشەی هەڵبژاردنمان لە هەموو ئەو پارێزگایانەی بەشداریمان کردووە وەکو یەکە، جگە لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، لە کەرکووک، دیالە، سەلاحەدین، موسڵ و بەغداش لیستمان هەیە. بەڵام ڕەنگە ئەمجارە خەڵکی هەولێر لەجاری پێشوو زیاتر بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچن. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو سەنگمان زیاتر لە سلێمانی بوو، هەولێر شارێکی گەورەیە و پایتەختە، دەزگاکانی حکومەت و کونسوڵخانەکان لێرەن، دەبێ بایەخی زیاتری پێبدرێت. لە هەڵبژاردنی پێشوودا لەهەولێر نەمانتوانی وەک پێویست

### دەمانەوێ پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر لەسەر ئاستی کەس و حیزبەکانەوە بگۆڕین بۆ ئۆرگانی

قەناعەت بەخەڵک بکەین بەرەو سندووقەکانی دەنگدان بچن.

**ڕووداو: لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان چ پارێزگایەک خاڵی هێز و کامەیان خاڵی لاوازی گۆڕانە؟**

**شۆڕش حاجی:** بێگومان ئەزموونێکی دوورودرێژی یەکێتیش نەوەک بەتەنها ئێمە هەیە، ڕەنگە نەمانتوانیبێت تائێستا وەک پێویست خۆمان بەخەڵکی پارێزگای دهۆک ئاشنا بکەین و خەڵکی ئەوان بەبەرنامەکەی ئێمە ئاشنابن، بەڵام ئەمجارە لە دهۆکیش لەجاری پێشوو باشتر دەبین. دەزانین قاعیدەی جەماوەری ئێمە لە دهۆک بۆ نمونە لە پارتی کەمترە، تەنانەت یەکێتیش لە 1975ەوە تائێستا نەیتوانیوە پێگەیەکی بەهێز لەبادینان دابنێت، دهۆک نابێتە خاڵی لاوازی ئێمە.

**ڕووداو: بەپێی هەندێ لێکدانەوە لەهەڵبژاردنی پێشوودا لە هەولێر دەنگی لایەنگرانی کۆسرەت ڕەسوڵ بۆ ئێوە**

### یەکێتی خۆی بەهەزاران کادیری لە بادینان نییە کەچی دەڵێ بەهەزاران کادیری گۆڕان لە بادینان گەڕانەوە

**هاتبوون، دوای ئەو توندبوونەی کەوتە نێوان کۆسرەت ڕەسوڵ و نەوشیروان مستەفا، دەگوترێ ئەمجارە لایەنگرانی ئەو کە هەندێ کەس پێیاندەڵێ کۆسرەتییەکان دەنگ نادەنە ئێوەو دەنگەکانتان کەمتر دەبن لە جاری پێشوو. ڕای ئێوە چییە؟**

**شۆڕش حاجی:** پێموانییە شتێک هەبێت بەناوی کۆسرەتییەکان. ئەمجارە دەنگەکانمان لە هەولێر ئەگەر زیاتر نەبن کەمتر نابن. ناکۆکی شەخسی لەنێوان کاک نەوشیروان و کاک کۆسرەتدا نییە، ئەو وەڵام و وەڵامکارییانەش پەیوەندییان بەو شاڵاوە ڕاگەیاندنە هەبوو کە لە پلینیۆمدا کرایە سەر گۆڕان، ئەوەش کە بڵاوکرایەوە، بەشێکبوو لە یادەوەرییەکانی کاک نەوشیروان.

**ڕووداو: لە هەولێر زیاتر پشت بە دەنگەکانی ناو شاری هەولێر یان قەزا و ناحییەکانی دەبەستن؟**

**شۆڕش حاجی:** پشت بە هەموو دەنگەکان دەبەستین، بەڵام زیاتر تەرکیزمان لەناو شاری هەولێرە، چونکە ژمارەی دانیشتوانی ناو شارەکەی زۆرترە، جاری پێشووش ژمارەیەکی زۆریان نەچوون بۆ دەنگدان.

**ڕووداو: ڕکابەرایەتیی ئێوە ئەمجارە زیاتر لەگەڵ کێ دەبێت؟**

**شۆڕش حاجی:** جاری پێشوو دەنگی لایەنگرانی یەکێتی و پارتی و حیزبە ئیسلامییەکانیش بۆ ئێمە هاتبوو، جگە لە خەڵکی بێلایەن، بە پلەی یەکەم ئێمە مونافەسەی لیستی هاوپەیمانی دەکەین.

**ڕووداو: دوای گەیشتنە پەرلەمانی بەغدا هەڵوێستتان لەگەڵ هاوپەیمانی یەکدەخەن یان جیاواز دەبن؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە نەک ئەوکاتە، ئێستاش لەگەڵ یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و هەموو لایەنەکانی دیکەش لەمەڕ مەسەلە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە کورد یەکهەڵوێستین و یەکدەنگیش دەبین، جیاواز دەبین لەشێوەی بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمڕانی، لەبەغداش لەسەر شێوازی کارکردنمان و سیاسەتی کورد لە بەغدا جیاواز دەبین، بۆیە مەرج نییە لەهەموو هەڵوێستێکدا لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستانی بین.

**ڕووداو: مام جەلال ئەمجارەش پاڵێوراوی پارتی و یەکێتییە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار بۆ خولێکی دیکە، گۆڕان ئامادەیە دەنگی بۆ بدات؟**

**شۆڕش حاجی:** بەلای گۆڕانەوە گرنگ نییە کێ چ پۆستێک وەردەگرێت، گرنگ ئەوەیە هەر کوردێک هەر پۆستێک وەردەگرێت چەند سوودی بۆ گەلەکەمان هەیە، بەرنامە و ئامانجی سیاسی بەلای ئێمەوە گرنگە، ئەو دەستکەوتانەی کە کورد دەستی دەکەون ئەوانە گرنگن، نەوەک کەسایەتییەکان، ئەگەر بزانین بوونی کوردێک لە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار یان هەر پۆستێکی دیکە بۆ کورد گرنگ نەبێت ئەوکات بەلامانەوە گرنگ نابێت.

**ڕووداو:کاری مام جەلال وەک سەرۆکی کۆمار چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**شۆڕش حاجی:** پۆستی سەرۆک کۆمار لەڕووی تەشریفاتییەوە قازانجی بۆ کورد هەبووە، بەڵام لەڕووی نەتەوەییەوە باوەڕناکەم دەستکەوتێکی ئەوتۆی هەبووبێت. ئێمە کەسێکمان دەوێ لە پۆستێکدا بێت دەسەڵاتی هەبێت و دەسەڵاتەکەشی بۆ خزمەتی دۆز و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان بەکاربێنێت.

**ڕووداو: ئەمجارە بێ گۆڕان، کورد یان هاوپەیمانی کوردستان دەتوانێ پۆستی سیادی وەربگرێت؟**

**شۆڕش حاجی:** تا ئێستا لە عێراقدا تەوافوقێکی سیاسی هەیە کە بەو پێیە کورد مافی خۆیەتی یەکێک لە پۆستە سیادییەکانی بەربکەوێت، فرە لیستی کاریگەری لەسەر ئەوە نییە.

**ڕووداو:دەگوترێ هەندێ لیست و لایەنی عەرەبی داوای هاوپەیمانێتییان لە گۆڕان کردووە، ئەوانە کێن؟**

**شۆڕش حاجی:** زۆر لیست و هاوپەیمانێتییە عەرەبییەکانی عێراق داوای هاوپەیمانێتیان لێکردووین، لەنێویاندا ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، بەڵام ئێمە دەمانەوێ سەنگی خۆمان و کورد لە بەغدا بزانین. دوای هەڵبژاردن کام ئیئتیلاف یان قەوارەی سیاسی لەگەڵ بەرنامەکەی ئێمە یەکبگرێتەوە، دەبینە هاوپەیمانی. پێمان ئاساییە لەگەڵ لایەنێکی عەرەبی یان تورکمانی هاوپەیمانی بکەین.

**ڕووداو: پێشبینی بەدەستهێنانی چەند کورسی بۆ کورد دەکەن، گۆڕان چەند کورسی دەهێنێت؟**

**شۆڕش حاجی:** ئێمە هەندێ حساباتمان کردووە، بە بۆچوونی ئێمە ژمارەی کورسیی کورد لە پەرلەمان لەنێوان 60-65ە، پێشبینی کردنی کورسییەکانی گۆڕان هەندێک زەحمەتە، چونکە بە ڕادەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن پەیوەستە، جگە لە بوونی ساختەکاری، ئەگەر بەشداری زۆربێت و ساختەکاری نەبێت، پێموایە وەکو چۆن لە پەرلەمانی کوردستان یەک لەسەر چواری کورسییەکانمان بەدەستهێنا، لە بەغداش یەک لەسەر چواری کورسییەکانی کورد دەهێنین، واتە بەلانی کەم 15 کورسی دەهێنین.

**ڕووداو: گۆڕان چەند پارەی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن تەرخانکردووە. سەرچاوەی ئەو پارانە کێن؟**

**شۆڕش حاجی:** نازانم چەند دیاریکراوە، بەڵام سەرچاوەی داراییمان بریتییە لە کۆمەکی دەوڵەمەند و دۆستانی گۆڕان لە کوردستان وەک جاری پێشوو، ئەو بڕە پارەیەش زۆرە. پارەمان لە ئەمریکییەکان و هیچ وڵاتێک وەرنەگرتووە. مەسرەفی گۆڕان زۆر نییە، گەورەترین مەسرەفمان لە کەناڵی KNNە. زۆرینەی هەرە زۆرمان بەخۆبەخش کاردەکەین. تەنانەت ئێمەش وەک هەڵسوڕاوە باڵاکانی گۆڕان، جگە لە چەند کارمەندێکی کەممان نەبێت، پارە وەرناگرین. بەشێک لە کرێی هەندێک لە بارەگاکانیشمان لەلایەن پەرلەمانتارەکانمانەوە دەدرێ.

**ڕووداو: ئەو سەرمایەدارانەی هاوکاری ئێوە دەکەن لە سلێمانین یان هەولێر؟**

**شۆڕش حاجی:** لەهەموو کوردستان، زۆرترینیان لە سلێمانین.

**ڕووداو: داوای هاوکاری داراییتان لە**

### پەیوەندی تایبەتمان لەگەڵ پارتی نییە و ئەگەر هەشمان بێ ئاساییە

**حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە؟**

**شۆڕش حاجی:** تا ئێستا هیچمان لە حکومەت وەرنەگرتووە، داوامان لە یەکێتی و پارتیش نەکردووەو هیچیشمان وەرنەگرتووە.

**ڕووداو: گۆڕان ئامادەی ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ یەکێتی؟**

**شۆڕش حاجی:** شەڕمان لەگەڵ کەس نەکردووە تاوەکو ئاشت بینەوە. لەلایەن هەندێک لایەن و ڕاگەیاندنەوە پەلاماردراوین، دەرگامان کراوەیە بۆ هەموو لایەک. ئامادەین لەگەڵ هەموو لایەنەکان دابنیشین، بەڵام تائێستا بەفەرمی لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی و پارتیش دانەنیشتووین.

**ڕووداو: پەیوەندییەکی تایبەتیتان لەگەڵ پارتی بەجیا لە یەکێتی نییە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئەوەی خەڵک پێیوایە ئێمە پەیوەندیی تایبەتمان هەبێت شتی وانییە، ئەگەر هەشبێت پێمان ئاساییە و بە گوناهیشی نازانین، بەڵام ئەو تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەیەک ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی پەلاماری گۆڕان و خەڵکی گۆڕانیان دەدا، بەڵام ڕاگەیاندنەکانی پارتی ئەمەیان نەکرد، بۆیە ئەو تەسەورە دروستبووە.

**ڕووداو:پێشبینی دەکەن لەکاتی بانگەشەی**

### بەرپرسانی کورد لە بەغدا بەرپرسن لە جێبەجێنەکردنی ماددەی 140

**هەڵبژاردندا توندوتیژی بەرامبەرتان بکرێ؟**

**شۆڕش حاجی:** ئومێددەکەین ڕوونەدات، ئەگەر ڕوویدات ڕێگەی یاسایی دەگرینەبەر.

**ڕووداو: ئەو ژمارانەی کوردستانی نوێ، زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی لەبارەی گەڕانەوەی گۆڕانەکان بۆ نێو یەکێتی بڵاویدەکاتەوە ڕاستن؟**

**شۆڕش حاجی:** هەندێک خەڵک یان لەترسان یان لەبرسان گەڕاونەتەوە، بەڵام ئەو ژمارە زۆرەی لە میدیاکاندا بڵاودەکرێتەوە ڕاست نییە و زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت، لەیەکێک لە هەواڵەکاندا باسی گەڕانەوەی هەزاران کادیر و هەڵسوڕاوی گۆڕانیان کرد لە بادینان، یەکێتی پاش 35ساڵ لە دروستبوونی هەزاران کادیری لە بادینان نییە، چۆن گۆڕان توانی لە دوو مانگدا هەزاران کادیر و هەڵسوڕاو لەو دەڤەرە دروست بکات و هەمووشی بگەڕێنەوە نێو یەکێتی، ئەو موبالەغەیە ڕەنگە بۆ بەرزکردنەوەی وورەی ئەو کەسانەبێ کە بڕوایان بە حیزبەکە نەماوە یان بۆ شکاندنی وورەی ئەو خەڵکانەیە کە پشتیوانی لە گۆڕان دەکەن.

**ڕووداو: گۆڕان دەتوانێ ئەمجارە سلێمانی بباتەوە؟**

**شۆڕش حاجی:** ئومێدمان زۆرە سلێمانی و کەرکووکیش ببەینەوە، ژمارەی پاڵێوراوەکانی ئێمە کە دەردەچن لە سلێمانی و کەرکووک لە پاڵێوراوەکانی هاوپەیمانی زیاتر دەبن، لەهەولێریش دووەم دەبین و لە دهۆکیش لە جاری پێشوو باشتر دەبین.

**ڕووداو: پێشبینی ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکان دەکەن؟**

**شۆڕش حاجی:** ساختەکاری بووەتە نەریتێک لە نێو کورددا، هەندێک لایەن کە قازانجیشیان زۆرە لەوەی بکرێت، سەرباری ڕێگرییەکان، بەڵام ئەمجارە ساختەکاری لە جاری پێشوو کەمتر دەبێت.

**ڕووداو: لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئێوە لیستی چەندەم دەبن؟**

**شۆڕش حاجی:** بەدڵنیاییەوە لیستی دووەمین، لەپاش هاوپەیمانی.

## شەیدا و بروسک و ڕۆژ لە نەورۆز پێکەوە دەبن





**ڕووداو — قامشلۆ**
گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان (شەیدا) نەورۆزی ئەمساڵ لە ئەڵمانیا دەبێ.کۆمەڵەی کوردانی سووریا لەبەرلین ڕایگەیاند، هەرسێ هونەرمەندی کورد، شەیدا و، بروسک محەممەد شێخۆ و ڕۆژ عەلی، ڕۆژی 7ی لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن.



## ئیبۆ رازینەبوو کۆنسێرا نەورۆزێ بکەت

# سیبەل جان ب 40 هزار دۆلاران نەورۆزێ پیرۆز دکەت

**عەبدوللا نهێلی**
**ڕووداو– دهۆک**

ئیبراهیم تاتلیسس رازینەبوو ل رۆژا نەوروز ئاهەنگێ بو کوردان بگێرپیت، پاشان کۆمپانیا پیرۆگرووپ پەیوەندی ب سیبەل جانێ کر، سیبەل جانێ ژی ل دەستپێکێ نەدڤیا شەڤا ئاگرا هەلدکەن سترانا بو کوردان بێژیت، پاشی رازیبوو، دێ شەڤا نەورۆزا ئەڤ ساله ئاهەنگێ بۆ کوردان کەت و سترانێت کوردی ژی بێژیت.

سیبەل جان ئێک ژ سترانبێژێن بەرنیاسێن تورکە و هەر وەک خودانێ کۆمپانیا پیرۆگرووپ دیارکر "سیبەل جان ئێکە ژ حەفت هونەرمەندێن پلە ئێکێن تورکیا"، لەورا وان ئەو دەست نیشانکریە بۆ ئاهەنگا نەورۆزا ئەڤ ساله.

کۆمپانیا پیرۆگرووپ یا گەشتوگوزارێ ل دهۆکێ گەشتەک رێکخستییە بۆ قوبرس و دنیڤا وێ گەشتێدا دێ ئاهەنگەکێ بۆ سیبەل جانێ سازکەن، هەمی کوردێن قوبرسێ ژی دشێن بەشداری ئاهەنگێ بن.

### گرێبەستا سیبەل جانێ ب 40هزار دۆلارایە

کۆمپانیا پیرۆگرووپ دەستپێکێ دڤیا گرێبەستێ دگەل ئیبراهیم تاتلیسەس گرێدە، بەلێ ئیبراهیم تاتلیسس دخاست ل رۆژێن 17 یان 3/23 ئاهەنگێ بگێرپیت، لەورا کۆمپانی رازینە بوو. عەبدولرەحمان دۆسکی خودانێ پیروگروپ دبێژی"مە گۆتە ئیبراهیمی ئەگەر ل شەڤا نەورۆز تو نەهێیە ئاهەنگێ ئەم گرێبەستێ ناگرێدەین، ئیبراهیم رازینەبوو، پاشان مە پەیوەندی ب سیبەل جانێ کرو سیبەل جانێ ژی دەسپێکی نەدڤیا ل 20ی نەورۆزێ ئاهەنگێ بگێرپیت، بەلکو دڤیا ل 22 بیت، بەلێ ئەز رازینە بووم و من گۆتێ: ئەگەر ل 20 نەهێی ئەم گرێبەستێ گرێنادەین، پاشان سیبەل رازیبوو".

خودانێ کومپانیا پیرووگرووپ بۆ (ڕووداو) ئاشکەرا کر کو گرێبەست لەسەر 40هزار دۆلارایە "مە وەکو کۆمپانیا پیرۆگرووپ لبەرە گەلەک کارێن دی دگەل سیبەل جانێ بکەین، لەورا رازیبوو ب 40 هزار دۆلاران بهێتە ئاهەنگا مە یا قبرس، چونکە سیبەل ب 100 هزار دولاران کێمتر ناچیتە ئاهەنگان".

ل دوڤ گوتنێن خودانێ پیرۆگرووپ هونەرمەندێن بیانی بۆ وان خەم نینە چ ئاهەنگە و چ هەلکەفتە بتنێ، ئەوتنێ بەرخوە ددەنە گرێبەستێ، لەورا سیبەل جان رازیبوو ل نەورۆزێ ئاهەنگێ بگێرپیت و گۆت "ل هەمی ئاهەنگێن مە، هونەرمەند یێ هەر نەتەوەیەکێ بیت، دێ بۆ مە سترانێت کوردی بێژیت، بێگومان د وێ ئاهەنگێدا ژی سیبەل جان دێ سترانێت کوردی ژی بێژیت".

### هونەرمەندێن کورد ئاریشەنە

عەبدولرەحمان دۆسکی رەخنە ل هونەرمەندێن کورد د گری و دبێژی"ب خۆ من لبەر نەبوو ڤێ چەندێ رابگەهینم، بەلێ دی بۆ (ڕووداو) بێژم: شینا سیبەل جانێ دەسپێکێ ئەم دگەل هونەرمەند نازدارێ ئاخفتین، بەلێ نازدار رازینەبوو و گۆت: من ئاهەنگ ل ئەوروپا هەنە، ژبەر هندێ رازینە بوو"، و گوتژێ" راستی مە ئاریشەکا مەزن هەیە دگەل هونەرمەندێن کورد ئەوژی نەبوونا رێڤەبەرێن کاروبارێن وان یێن هونەریە، ژبلی زەکەریا عەبدوللا چ هونەرمەندێن مە یێن دی یێن کورد رێڤەبەرێن کاروبارێن خو یێن هونەری نینە، یان ئەگەر هەبن ژی نە د روەشەنبیرن و مرۆڤ نەشێت سەرەدەریێ دگەل بکەت، هەروەها هونەرمەندێن مە چ تشت نینە، دڤێت مرۆڤ موزیک ژەنا، ئامێرێن موزیکی بۆ بینیت و هۆلا بۆ ئامادە بکەت هەتا بێن سترانابێژن".

### پشتی نەورۆزێ سیبەل ل هەولێریە و بۆچی نە ل دهۆکێ ؟

خودانێ کۆمپانیا پیرۆگرووپ ب رێکا (ڕووداو) بۆ حەژێکەرێن دەنگێ سیبەل جانێ راگەهاند "پشتی نەورۆزێ یەکەم کارێ مە دگەل سیبەل جانێ دێ ئەو بیت کۆنسێرتەکێ ل هەولێری بۆ سازکەین". مە ژ عەبدولرەحمان دۆسکی پرسی بۆچی ل هەولێرێ و نە ل دهۆکێ؟ د بەرسڤێدا ب دەنگەکێ بلند گۆت:

"هەولێرێ، هەولێرێ، هەولێرێ ئەڤە سێ جار بەسە، ب راستی خەلکێ مە یێ دهۆکێ خەلکەکێ شازە، حەزدکەن بچنە ئاهەنگا بەلێ شەرم دکەن، هەر ئەڤ خەلکەیە ئەم دبەینە ترکیا و وەلاتێن بیانی ل وێرێ ژی 80% ناهێنە ئاهەنگێن مە کوردا، بەلکو دچنە ئاهەنگێن بولغاریا و کچکێن بیانی و دیسکۆیا، ل سەرێ سالێ مە ئاهەنگەک بو هونەرمەند کاروان کامل ل ترکیا سازکر، بتنێ 20% گەشتیارێن دهۆکێ هاتنە ئاهەنگا مە، یێن دی هەمی چۆنە ئاهەنگێن کچێن بیانی و دیسکۆیا، بەلێ خەلکێ هەولێر و سلێمانیێ وەکو یێن دهۆکێ نینە، هەر کارێ زەوقێ وان لێدا دکەن، یێن دهۆکێ ژبەر عادات و تەقالیدا شەرم دکەن، وان بۆشایەکا هزری یا هەی، دیسان بمخابنی ڤە دبێژم هەتا نوکە مە لدهۆکێ هۆلێن ئاهەنکا نینە، مە هولەک ل ئالۆکا دروستکر، بەلێ ژ مە هاتە وەرگرتن".



ئەو (پاسەوان)ەی لە کوردستان باسنەکرا لە سوێد دەنگیدایەوە

# (پاسەوان)ی کوردستان سوێدی داگیرکرد

**کاوە ئەمین**
**ڕووداو–سوێد**

ئێوارەی 2010/2/6، بۆ منێکی سەرمابردەڵە، زۆر جیاوازبوو لە ئێوارە ساردەکانی دیکەی شاری ئۆپسالا. چەند ڕۆژێک بوو خۆمان ئامادەکردبوو بۆ بینینی شانۆگەری مۆنۆدرامای (پاسەوان) کە لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد سالارەوە نمایشکرا و ئەرسەلان دەروێش کاری دەرهێنانی کردبوو، شانۆگەرییەکەش لە نووسینی دڵشاد مستەفا.

یەکەمین جارە شانۆی نەتەوەیی سوێد لە ئاستێکی وا بەرزو بە پرۆگرامێکی وا چرەوە میوانداری هونەرمەندێکی کورد دەکات و لە چەند شارێکی سوێد پێشوازی لێ دەکرێ. شانۆگەری پاسەوان یەکەمجار لە ساڵی 2006 لە شاری سلێمانی نمایشکراوەو پاشان لە شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان و 2007 یش لە بەرلین.

شانۆگەریەکە لە کوردستان زۆری لەسەر نەنووسرا و بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدرا، وەک زۆربەی کارە هونەرییەکان، چونکە میدیای کوردی میدیایەکی لێوانلێوی سیاسییە. بەڵام لەسوێد هەم ڕۆژنامەکانی داگرت و هەمیش ئەو ڕۆژەی ئێمە چووین بۆ نمایشەکەیان 10 کەس لەبەر بێ جێگەیی لە دەرەوە مانەوە.

ئەرسەلان دەروێش دەربارەی بیرۆکەی هێنانی شانۆگەریەکە بۆ سوێد لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بیرۆکەی هێنانی ئەم کارە بۆ سوێد، دەگەڕێتەوە بۆ دوو ساڵ پێش ئێستا، دوای ئەوەی گفتوگۆمان لەگەڵ هونەرمەند دانا ڕەئوف کرد، سەرەتا بڕیاربوو تەنها لە ستۆکهۆڵم پێشکێش بکرێت، بەڵام پرۆژەکە گەورەتر کرا و شانۆی نەتەوەیی سوێد کارەکەی گرتە ئەستۆ و لە 9 شاری سوێد نمایشکرا". هۆیەکی دیکەی هەڵبژاردنیشیانی بۆ سوێد گەڕاندەوە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی کوردان کە لە سوێد دەژین " هاوکات سوێدیش هاوسۆزییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دۆزی کورد".

لە شانۆگەریەکەدا، ئەحمەد سالار، ڕۆڵی پاسەوانێک دەبینێت، پاسەوانێک کە دیار نییە بەتەواوی چ دەپارێزێ. ئەحمەد سالار لەبارەی پاسەوانییەکەیەوە گوتی "ئێمە لەو شانۆگەرییەدا



## ئەم ئێوارەیە ئێمە لێرەوە زەنگمان لێدا

ئەحمەد سالار

باسی ئەو نەهامەتییە دەکەین کە بەسەر ژنان و کیژانی ئێمەیاندا هێنا. پاسەوان یانیش ئەو جەنگاوەرەی کە من ڕۆڵی دەگێڕم، کەسێکە دولبەرەکەی نەک ئەنفال بەڵکو چەند جارێک ئەنفال کراوە، چونکە بە وڵاتێکی دیکەیان فرۆشتووەو کارێکی پێ دەکەن کە دوورە لە هەموو داوونەریتێکی کوردەواریی خۆمان، ئەمەش ئازارێکی گەورەیە لە گیانی ئەو کەسەدا".

### بلیتەکەی خۆم دا بە کەسێکی دیکە

کامیلا بیلکۆس، بەرپرسی ڕاگەیاندنی شانۆی ئۆپسالا ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکێکی زۆر پێشوازییان لە شانۆگەری (پاسەوان) کرد و گوتی "ئێمە بۆ خزمەتی دانیشتوانی شارەکەمان هەین، هەر بۆیە میوانداری شانۆکارانی دەرەوە دەکەین کە خۆمان پێمان باشە و بینەرانمان حەزیان لێیە. ئەمجارە هاوکارییەکەمان لەگەڵ شانۆی نەتەوەیی سوێد بوو چونکە ئەوان میوانداری پاسەوانیان کردووە". کامیلا بیلکۆس گوتیشی "بۆ ئەوەی بتوانین ئێوارەکەمان زیاتر جێگەی ڕەزامەندی بێت و تایبەتمەندی زیاتری کوردانەی پێ بدەین، داوامان لە ڕێکخراوی لاوانی کورد (گەنجکورد) کرد کە هاوکاریمان بکەن تاوەکو گرووپێکی هەڵپەرکێیی کوردی بەشداریمان لەگەڵ بکەن و هەروەها میوانەکانمان گوێ لە موزیکی کوردی بگرن و شیرینی و پاقلاوەی کوردیش بخۆن". بەڵام کامیلا خۆی شانۆگەری و هەڵپەرکێیەکەی نەبینی "بەداخەوە من خۆم شانۆگەرییەکەم نەبینی، لەبەر ئەوەی بلیت نەمابوو، بلیتەکەی خۆم دایە کەسێکی دیکە".

### پاسەوان ڕۆژنامەکانی سوێد داگیر دەکات

ڕۆژنامەکانی سوێد زۆر بە بایەخەوە لەسەر پاسەوانیان نووسی. ئاستريد کلایسۆن، لە وتارێکی ڕەخنەییدا پاسەوان هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێ "ئەگەرچی پاسەوان ئەوەندەی باسی چەوساندنەوەی ژنانە، ئەوەندە باسی خۆشەویستی نییە، کەچی تێکستەکە زۆر شاعیرانە بوو، لەلایەکی دیکەوە شانۆگەرییەکە باسی نەتەوەیەک دەکات کە چەوسێنراوەتەوە، تەنها تاوانیشیان ئەوەیە کە کوردن. بەداخەوە دەبێت ئەو پرسیارە نارەحەتکەرە بکەم: ئایا لەبەرئەوەیە کە من خۆم سوێدیم بۆیە تێی ناگەم؟ خۆ شانۆگەرییەکە کرابووە سوێدی و پڕبوو لە مێتافۆر و پێناسەکردن، لەوێدا دەربڕینێکی جیاوازی کولتوریی دەبینرێ".

کامیلا بیلکۆسیش لەو بڕوایەدا بوو کە بەشداربووان زۆریان پێخۆش بوو، بەڵام ئەوانەی کە کوردی و سوێدیان دەزانی گلەیی ئەوەیان هەبوو کە وەرگێڕانەکە پڕاوپڕی دەقی شانۆگەرییەکە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەحمەد سالار پێیوایە ئەگەر شانۆگەرییەکە نەشکرابووایە سوێدیش، بینەر بەشی ئەوەی هەر لێ هەڵدەکڕاند کە بزانێت باسی چی دەکات "زمانێک هەیە لە شانۆدا کە زۆر باڵاترە لە زمانی قسەکردن، ئەویش زمانی ناخە، زمانی جەستەیە، منیش دوای ئەو هەموو ئەزموونە فێری ئەو زمانە بووم".

لە شانۆگەرییەکدا تەنها تاوانەکانی داگیرکەران نیشان نادرێت، بەڵکو دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیش دەخرێتە بەر ڕەخنە، ئایا ئەو شانۆگەرییە دەیەوێ دەسەڵاتی داگیرکەر و دەسەڵاتی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بەراورد بکات، بەتایبەتی مەسەلەی ژن کە ئەمڕۆ زۆر باسی لێوە دەکرێت، ئەرسەلان دەروێش لە وەڵامدا دەڵێت "ئەو کارە ئەوەندەی داکۆکیکردنە لە ئازارو مەینەتی تاکی کورد، پێموایە بەراورد نییە، لەهەر سەردەمێکدا هونەرمەند دەبێت ویژدانی گەلەکەی بێت و بوێرانە داکۆکی لە هاووڵاتیانی بکات".

تیپی شانۆی سالار یەکێکە لەو تیپە شانۆییانەی بێ پرۆژە نەبوون، ئەحمەد سالار دوای ئەوەی خۆشحاڵی بۆ گەرموگوڕی بینەرانی پاسەوان دەربڕی دەربارەی کاری داهاتوویان گوتی "خەریکی نمایشکردنی شانۆگەرییەکی مۆسیقی گۆرانی دەبین



## دوای ئەو شانۆگەریە درامایەک ئامادە دەکەین بە سێ ساڵ پەخشدەکرێ

ئەرسەلان دەروێش

کە باسی شاعیری گەورە و ئازای کورد فایەق بێکەس دەکات. ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی منە، کاک ئەرسەلان دەریهێناوە و بڕیارە کاک غەمگین فەرەج مۆسیقاکەی بۆ دابنێت".

ئێستا بەهۆی نیشاندانی زنجیرە دراما بیانییەکان لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستاندا خەریکە کولتوورێکی نامۆ باڵ بەسەر باشووری کوردستاندا دەکێشێت، بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو هێرشە کولتورییەی دەوروبەر کەمبکرێتەوە، تیپی شانۆی سالار و ئەرسەلان دەروێش دەیانەوێ بەکاری خۆماڵی سەرنجی خەڵک بۆلای خۆیان رابکێشن. ئەرسەلان دەروێش دەڵێت "ئێستا سەرقاڵی زنجیرە درامایەکین لەسەر شاری سلێمانی کە لە شەست بەش پێکهاتووە، بە سێ ساڵ پێشکەش دەکرێت، کە زنجیرە درامایەکی کۆمەڵایەتی ئەڤینداریی و باسی ڕووداوەکانی ساڵانی حەفتا هەتا سەرەتای ڕاپەڕین دەکات و ئێمە وەکو نمونە سلێمانیمان وەرگرتووە لەوشارەشدا گەڕەکێکمان هەڵبژاردووە. دراماکە لە نووسینی دڵشاد مستەفایە، دەرهێنانی منە و غەمگین فەرەج مۆسیقاکەی دادەنێت و ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی شاری سلێمانی و شارەکانی دیکە بەشداری تێدا دەکەن".

شاعیری نێوداری کورد عەبدوڵڵا پەشێو لە شیعرێکیدا دەڵێت: سەدان ساڵە لە وێرانە ماڵی خۆمدا ئاوارەم و لەبەر دەرگای دزانی خۆم پاسەوانم. کە لە ئەحمەد سالارم پرسی، ئاخۆ ئێمە توانیومانە پاسەوانی ئەو بەشەی وڵاتەکەمان کە بەدەست خۆمانەوەیە بکەین یان داگیرکەران تەراتێنی تێدا دەکەن، لە وەڵامدا گوتی "نەخێر، تەراتێن دەکەن و ئەم شانۆیەی ئێمە زەنگێکە، ئاخر شانۆ وەکو ڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتی ئەو زەنگەی بەدەستەوە بووە و لێیداوە، ئەم ئێوارەیە ئێمە لێرە ئەو زەنگەمان لێدا".

## تاراوگە



### ئۆکرانیا نوێنەرێکی PKK دەستگیر دەکات

**ڕووداو-ئۆکرانیا**

ماوەی دوومانگە ئەندامێکی PKK لە وڵاتی ئۆکرانیا، لە شاری ئۆدیسا دەستگیرکراوە کە ناوی (هەڤاڵ مەناڵ)ە، ئەو کە بە نوێنەری PKK دادەنرێ، بەپێی هەندێ سەرچاوە لەسەر داوای تورکیا لەلایەن دەزگای هەواڵگری ئۆکرانیا دەستگیرکراوە، کە لەڕێگەی پۆلیسی نێودەوڵەتی ئینتەرپۆلەوە داوای کردووە. ناوبراو کە ماوەیەک لە باشووری کوردستان بووە لە بارەگاکانی PKK، ئێستا باری تەندروستی خراپە و لە یەکێک لە گرتووخانەکانی شاری (کییێف)ی پایتەختی ئۆکرانیایە. ئەحمەد دەنیز، وتەبێژی کۆما جڤاکێن کوردستان KCK لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) هەواڵی دەستگیرکردنی مەنالی پشڕاستکردووە و گوتی" ئەوە دوو مانگە ئەو هەڤاڵەی ئێمە گیراوە، هەوڵدان هەبوون کە تەسلیمی تورکیا بکرێتەوە، بەڵام ئەوە ژیانی دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە لەلایەن هەندێ ڕێکخراوی مافپارێزەوە کار لەسەر دۆسیەکەی کراوە".

# ئەفسەرێکی کورد گەندەڵیی گەیاندە نێو پۆلیسی بەریتانیش

**ڕووداو- بەریتانیا**

ئەفسەرێکی پۆلیسی بەریتانی کە بە ڕەگەز کوردێکی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، بەتاوانی گەندەڵی و بەکارهێنانی پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، لەلایەن دادگایەکی بەریتانییەوە بە چوار ساڵ زیندانیکردن سزادرا.

میدیای بەریتانی ئاشکرای کرد کە ع. دزەیی فەرماندەی پێشووی کۆمەڵەی پۆلیسی ڕەشی نیشتمانیی بەریتانی NBPA، پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی بەکارهێناوە. ع. کەسێکی دەستگیرکردووە کە دیزاینەرەو دوایی ئاشکرابووە کە ناکۆکییەکی تایبەتی لەگەڵ ئەو هەبووە.

ماڵپەڕی BBC لەوبارەوە بڵاویکردەوە کە دادگا تەنیا دوو کاژێر کاتی پێویست بوو بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر تاوانبارکردنی ع. تەمەن 47 ساڵ بدات. بڕیاری دادگا ئەوەبوو کە ع. پۆستێکی حکومیی بۆ زیانگەیاندن بە خەڵک بەکارهێناوە.

دادوەری دادگاکە ڕایگەیاند کە پێویستە ع. بە سزایەکی توووند سزا بدرێ "بۆ ئەوەی ببێتە پەیامێکی ڕوون بۆ هەموو پۆلیسێک کە هیچ ئەفسەرێکی پۆلیس لەسەروو یاساوە نییە".

ش. دزەیی، سێیەم هاوسەری ع. لە دادگا ئامادەبوو، کاتێک پۆلیسەکان مێردەکەیان بەدەستبەستراوی بردە دەرەوە، ناوبراو سەری بادا و لە حوکمەکە ناڕازی بوو.

نیک هاردویک سەرۆکی لیژنەی سەربەخۆی سکاڵانامەی پۆلیس IPCC کە لێکۆڵینەوەیان لەو کەیسەدا کردبوو، ڕایگەیاند کە دزەیی "تاوانبارێکە جلوبەرگی فەرمیی پۆلیسی لەبەردایەو شەقاوەیە".

بەڵام کۆمەڵەی پۆلیسی ڕەشی نیشتمانی کە دزەیی ئەفسەرێکی چالاک بووە تێیدا، ڕایگەیاند کە سزاکە زۆر توووندە. چارلس کریچلۆ سەرۆکی ئێستای ئەو کۆمەڵەیە، لەوبارەوە گوتی "ئەمە بەسەرهاتێکی زەحمەت و تاڵە بۆ ع. دەزیی و خێزانەکەی".

ع. دزەیی لە تەمموزی 2008ەوە خرابووە ژێر چاودێری، دوای ئەوەی وەلید بەغدادی، تەمەن 23 ساڵی دەستگیر کردبوو. وەلید یارمەتی دابوو بۆ دروستکردنی ماڵپەڕێکی تایبەتی تا چالاکییەکانی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە.



ع. دزەیی لە دادگا

وەلید دەڵێ کە بڕیار بووە لەپاداشتی دیزاینی ماڵپەڕەکەیدا، ع. بڕی 600 پاوەندی بەریتانی بداتێ، بەڵام ع. پارەکەی نەداوەتێ و پاشان هەردووکیان لەبەردەم ڕێستورانتێکی شاری لەندەن ڕووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە.

ئەو دیزاینەرە دەڵێ کە دزەیی داوای لێکردووە



ئەو شیشە نێرگەلەی ژنەکەی ع. خۆی پێ بریندارکرد

شەڕی لەگەڵ بکات و دوای کەوتووە بۆ نێو ڕێستورانتەکە، ع. پێیگوتووە کە دەبێ چێشتخانەکە بەجێبێڵێ، کاتێکیش ویستوویەتی بچێتە دەرەوە، ع. دەستی کەلەپچە کردووە و دەستگیری کردووە.

ئەو ڕووداوە بە کامێرای شاراوەی ڕێستورانتەکە تۆمارکراوەو لەکاتی ڕووداوەکەشدا، هەردووکیان پەیوەندییان بە پۆلیسەوە کردووە.

پاش ڕووداوەکە وەلید لە بنکەیەکی پۆلیس ڕادەگیرێ. ع. دزەیی بە پۆلیس دەڵێ کە ژنەکەی هەڕەشەی کوشتنی لێکراوەو بە شیشە نێرگەلەیەک بریندارکراوە، بەڵام لە دوای پشکنینی پزیشکی بۆ برینی ژنەکەی، دەرکەوت کە ژنەکە بەئەنقەست خۆی بریندار کردووە. هەروەها کاسێتی کامێرای شاراوەش، پاڵپشتی لە قسەکانی وەلید کردووە.

پیتەر ڕایت، داواکاری گشتی دەڵێت "ئەم ئەفسەرە پلە بەرزە پۆستەکەی بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارهێناوە و دەسەڵاتی خۆی بەشێوەیەکی خراپ بەکارهێناوە".

کاربەدەستانی پۆلیسی بەریتانی ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکن لەسەر ع. دزەیی کە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە کارەکەی و ڕاگرتنی مووچەی خانەنشینیەکەشی. بەپێی ڕاپۆرتەکان ع. دزەیی لە ئەیلولی 2008وە مووچەی وەرنەگرتووە کە ساڵانە بڕی 90 هەزار پاوەندە.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتانە، چاوەڕوان دەکرا ع. دزەیی ساڵانە بڕی 60 هەزار پاوەند وەربگرێت وەک مووچەی خانەنشینی.

سێر پۆڵ ستیڤنسۆن گەورە بەرپرسی پۆلیسی بەریتانی لەوبارەیەوە گوتی "زۆر نیگەرانم بەوەی کە ئەفسەرێکی پایەبەرزی وا تاوانێکی لەوشێوەی ئەنجام دابێت و دەسەڵات و بەرپرسیارێتی خۆی بۆ مەرامی تایبەتی بەکارهێنابێ".

### لەسەر تاوانی سەربڕینی دوو پیاوی یۆنانی

# دادگایەکی ئەسینا گەنجێکی کورد بە 85 ساڵ سزا دەدات

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2010/2/10 دادگای شاری ئەسینای پێتەختی یۆنان، سزای 85 ساڵ زیندانی بۆ گەنجێکی کورد بەنێوی ڕێبوار بڕییەوە. سزاکە دوای ئاشکرابوونی دەستهەبوونی گەنجەکەبوو لەکوشتنی دوو پیاوی یۆنانی دوو مانگ لەمەوبەر. ڕێبوار خەڵکی باشووری کوردستانەو ماوەی زیاتر لەپێنج ساڵە لە ئەسینا دەژی.

لەکاتی گەڕان بەشوێن بکوژانی دوو گەنجی کورد لەئەسینا، پۆلیسی ئەو شارە بکوژی دوو پیاوی یۆنانی دۆزییەوە.

هاوڕێیەکی ڕێبوار لە ئەسینا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوو مانگ لەمەوبەر بۆ پارەکەیان ڕێبوار دوو هاووڵاتی یۆنانی لەشەوێکدا کوشت و، بڕی ئەو پارەیەش کە پێیان بووە 700 یۆرۆ بووە". هاوڕێیەکەی دەیگێڕێتەوە کە ڕێبوار بە کەتەر، لەپشتە ملەوە یۆنانییەکانی سەربڕیوە.

ڕۆژی 2010/1/7 لەئەسینا، پۆلیسی ئەو شارە تەرمی دووگەنجی کوردی لە شوققەیەکدا بەسەربڕاوی دۆزیەوە، کەناوەکانیان (ڕەزا سلێمان، 35 ساڵ و نەوزاد محەممەد ئەحمەد، 27 ساڵ)ە و خەڵکی شاری سلێمانی و قەزای دەربەندیخانن. سەرچاوەکەی (ڕووداو) لەئەسینا دەڵێ "هەفتەی یەکەمی کوشتنی ئەو دوو کوردە، پۆلیسی ئەسینا بەچڕی دەستیان بەلێکۆڵینەوە کرد، لەو ماوەیەدا هەر کوردێک و بیانییەک گومانبار بووبن لێی بۆ لێکۆڵینەوە دەیانبردە بارەگای پۆلیس، کاتێکیش ڕێبوار دەکەوێتە دەست مەفرەزەیەکی پۆلیس لەناوچەی دافنی ئەسینا، قۆڵبەستی دەکەن و بۆ لێکۆڵینەوەی دەبەن، لەدوای پشکنین، پۆلیس بۆی دەردەکەوێ جێدەستی ڕێبوار بەو کەتەرەوەبووە کە پێشتر دوو هاووڵاتی یۆنانی پێ سەربڕدراوە، بۆیە خێرا ڕێبواریش ڕاستی ڕووداوەکە بۆ پۆلیس ئاشکرا دەکات".

ڕێبوارمحەممەد، 30 ساڵ، خەڵکی قەزای سەیدسادقە ( 52 کیلۆمەتر لە خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی)، لەساڵی 2005ەوە چووەتە یۆنان و لە ئەسینای پێتەختی ئەو وڵاتە نیشتەجێبووە. بەگوێرەی قسەی هاوڕێیەکەی کە بۆ (ڕووداو)ی گێڕاوەتەوە، ڕێبوار تاوەکو ساڵی 2008 خەریکی کرێکاریی بووە، بەڵام دواتر بەهۆی بێ کاری و بێ پارەییەوە دەستیکردووە بەمافیاگەری و لەو ماوەیەدا لەسەر شەڕکردن وخراپەکاریی، زیاد لەجارێک خراوەتە زیندان. دوایین زیندانیکردنی لەسەر کوشتنی دوو پیاوی یۆنانییەو بە 85 ساڵ زیندان لەسەریان سزادراوە. ئێستا ڕێبوار لە زیندانی کوردەلۆ لەشاری ئەسینا، کە جێگەی پیاوکوژو باندە مافیاییەکانە زیندانیکراوە.



### کورد و فارس لە ئەڵمانیا یادی شۆڕشی گەلانی ئێرانیان کردەوە

# "فارسەکان بەشداری چالاکی و بۆنەکانی ئێمە ناکەن"

**مستەفا چوارتایی**
**کۆڵن- ڕووداو**

کوردانی دانیشتووی ئەڵمانیا لەگەڵ ئێرانییەکان یادی سی و یەکەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی 1979 یان کردەوە. لە مەراسیمێکدا نوێنەری سەوزەکانی ئەو وڵاتە هێرشیکردە سەر ئەحمەدی نەژاد و بە "ترسنۆک" ناوی برد. نوێنەرێکی کوردیش گلەیی لە فارسەکان کرد کە کەمتر لە بۆنە کوردییەکاندا ئامادە دەبن.

ڕۆژی 12 ی فێبریوەریی 2010، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کورد و فارس و ئازەر و بەلوچ و خەڵکانی هاوسۆزی ئەڵمان، لە کەشوهەوایەکی سارد و لەژێر پرووشەی بەفرباریندا، لە مەیدانی ڕۆدۆلف پلاتسی شاری (کوێلن)ی ئەڵمانیا کۆبوونەوە. دروشمەکانی ئەو خەڵکە، هاوسۆزیی ئەوانەشیان ڕادەکێشا کە لە دوورەوە دەیانبیست، یان بەوێدا تێدەپەڕین.

ئەوان داوای: یەکسانیی ژن و پیاو، وەستاندنی لەسێدارەدان، ئازادیی زیندانیانی سیاسی، هەڵبژاردنی ئازاد، نەهێشتنی حیجاب، جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت و پاراستنی تەواوەتیی مافەکانی مرۆڤیان دەکرد.

ئیبراهیم عەلی پوور، کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە مەراسیمەکەدا ئامادەبوو، گوتی "شۆڕشی گەلانی ئێران تەنیا ڕژێمی شای ڕووخاند، بەڵام داخوازییەکانی خەڵکی بەدی نەهێنا، بەڵکو کۆمەڵگای ئێرانی بۆ دواوە گێڕایەوە."

عومەر، بەشداربووێکی دیکەی مەراسیمەکە، وەک نوێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کورد بۆ (ڕووداو) گوتی "ڕێکخراوەکەمان پێیوایە کە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئێران هاتوونەتە پێشەوە، دەرفەتێکن کە هەمووان پشتگیریی لێبکەن و لەگەڵ خۆپیشاندەرانی ناو ئێران هاوئاهەنگی بکەن. لەهەر خۆپیشاندانێکیشدا کە دژ بە ڕژێمی ئێران بکرێت، ئێمە وەک کوردی دەرەوەی وڵات بەشداری دەکەین". سەبارەت بەوەی ئایا ئێرانییەکانی دیکەش بەشداری خۆپیشاندانەکانی کورد دەکەن؟ عومەر گوتی: "ڕاستییەکەی ئەو شتە کەمتر ڕوویداوە، وەکو دۆستی کورد هاتوون، بەڵام ئاوا بە خەڵکێکی زۆرەوە نا."

ئەوەی جێی سەرنجی ئامادەبووانی مەراسیمەکە بوو، ئەو وێنانە بوون کە بە ملی ئامادەبووانەوە هەڵواسرابوون. هەرچەندە ژمارەی بەشدارانی کورد لەچاو ژمارەی بەشدارانی فارس و نەتەوەکانی دیکە کەمتر بوو، بەڵام دیمەنی ناو وێنە هەڵواسراوەکان ئەو چالاکڤانە کوردانە بوون کە ملیان بە پەتی سێدارەوە بوو. یەکێک لە بەشداربووان بە جلوبەرگێکی تایبەت و بە شکۆوە وەستابوو. وێنەیەکی گەورەی زیندانییەکی لەملدابوو و لەسەری نووسرابوو"ئازادی بۆ حیشمەتوڵای تەبەرزەدی". ئەو بەشداربووە بەهرام عابدین، بەرپرسی ناوەندی فەرهەنگی لوڕەکانی بەختیاری، بوو. کاتێک زانی (ڕووداو) وەک ڕۆژنامەیەکی کوردی پرسیاری لێدەکات، گوتی "خۆشحاڵم بە بینینی ئێوەی هاونیشتمانیانی کوردم، من کوردێکی لوڕی بەختیاریم و بە نوێنەرایەتی لوڕەکانی بەختیاریشەوە دەدوێم. ئێمە هەموومان بەشداریمان لەو شۆڕشەدا کرد و بۆ ئەوەبوو کە داخوازییەکانمان بێنێتە دی، بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانە بوو". عابدین پێیوایە ناڕەزاییەکانی ئێستا ناگاتە ئەنجام هەتا ئێرانییەکان یەکنەگرن و لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش ڕێکنەکەون .

فەرەح، کە لەنێو کوردەکانی ئەڵمانیادا وەک ژنێکی چالاک ناسراوە و پێشمەرگەی کۆمەڵە بووە، ئێستاش بەشداری هەموو ئەو سەمینار و چالاکیانە دەکات کە دەربارەی کورد و ئێران ئەنجامدەدرێن. فەرەح بە (ڕووداو) ی گوت: "ئەو شۆڕشەی ئێمە کردمان ئەوە نەبوو". فەرەح پێیوایە کۆماری ئیسلامی ئێران "شۆڕشەکەی دزی و بووە کارەسات بۆ ئەوانی دیکە."

لە مەراسیمەکەدا نوێنەری سەوزەکانی ئەڵمانیا وتارێکی پێشکەش کرد، کە تێیدا پشتگیریی خۆی بۆ داخوازییەکانی خۆپیشاندەران ڕاگەیاند و لە وتەکەیدا هێرشیکردە سەر سەرۆک کۆماری ئێران و گوتی "ئەحمەدی نەژاد ترسنۆکە."مەراسیمەکە تا درەنگی ئێوارە درێژەی کێشا و لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانەوە پارێزگاریی دەکرا.




کورد و فارس لە ئەڵمانیا داوای نەهێشتنی زۆرداری لە ئێران دەکەن (فۆتۆ: ڕووداو)

Reklam

# چێشتخانەی ڕۆژ

بۆ پێشکەشکردنی بەتامترین و بەچێژترین خواردەمەنی




TEL : 2555500 MOB : 4770399 - 4770388

ناونیشان :هەولێر، ڕێگەی مەخموور بەرامبەر کارگەی پیپسی



پیاوێک خۆشەویستەکەی خۆی دەکوژێ

رووداو-PNA

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری هەولێر رایگەیاند کە کاژێر 9ی شەوی هەینی رابردوو لە گەڕەکی نەورۆزی شاری هەولێر پیاوێکی خێزاندار هێرشی کردووەتە سەر ماڵی خۆشەویستەکەی بەنێوی (ژ.م.ح) تەقەی لێکردووەو کوشتوویەتی. سەرچاوەکە گوتیشی "کچەکە پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەستداوە". باوکی کچە دەڵێت ئەو پیاوە پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ کچەکەی هەبووە، بەڵام دوای ئەوەی کچەکەی زانیویەتی ئەو پیاوە ژن و منداڵی هەیە، ویستویەتی وازی لێ بێنێ، بۆیە ئەویش کوشتوویەتی.

## دایکێک لەپێش چاوی منداڵەکانی دەسووتێت

# "باوکە ماڵەکەمان گڕی گرت.. دایکم مرد"



لەیاد قەرەداخی
Laiad_84@yahoo.com

**رووداو-سلێمانی**

هەمیشە چرکەو کاژێرەکانی رۆژی دەژمارد، تاوەکو رۆژی دیاریکراوی سەفەرەکەی بێتە پێشەوەو لەگەڵ هاوسەرەکەی بچێتە ئەوروپا بۆ دیداری دایک و خوشک و براکانی. شیلان هێندە بیری دایکی دەکرد، هەندێک جار لەبەر خۆیەوە دەیگوت "دەترسم بەر لەوەی بیانبینم بمرم". هەرواش دەرچوو، چونکە باوەشی دایکی خۆی نەبینیەوەو سووتا.

رۆژی 2010/1/28 لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی، منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵ تەلەفۆن بۆ باوکی دەکات و پێیدەڵێ "باوکە ماڵەکەمان گڕی گرت". دوای پێنج خولەک کە باوکی تەلەفۆنی بۆ دەکاتەوە، هەواڵێکی ناخۆشتر و گورچکبڕتر دەگەیێنێتە باوکی "دایکم سووتاو مرد".

شیلان جەبار کەریم، تەمەن 36ساڵ، کە هاوسەرەکەی مفەوەزی پۆلیسە، بەهۆی خراپی سۆندەی غازی چێشتخانەی ماڵەکەیانەوە، تەباخی غازەکە گڕدەگرێت و دەسووتێت.

رەفیق تۆفیق عەلی، هاوسەری شیلان، وادەزانێ بە رۆیشتنی شیلان هەموو دنیای لەدەستداوەو بەخەمبارییەوە دەڵێ "ئەو لەجێگەی هەموو کەسم بوو". رەفیق دەڵێ، "ئەوان ماوەی یازدە ساڵە پێکەوەدەژین "خۆشترین ژیان و باشترین ژن و مێردایەتیمان بەسەر بردووە، هیچ کەسێک گلەیی لەئێمە نەبووە، برواناکەم هیچ کەسێک بەقەد ئێمە ژیانی خۆش بووبێت".

هاوسەرەکەی شیلان کە هەست بەئازارێکی دەروونی زۆر دەکات لەناخیەوە دەڵێ "خۆزگە منیش بسووتامایە".

وەک رەفیق دەیگێڕێتەوە. بەیانی رووداوەکە کە لە خەو هەستاوە، وەک هەموو بەیانییەکی دیکە چووە نانی گەرمی هێناوەو خۆی نانی نەخواردووەو رۆیشتووە بۆ دەوام "لە دەوام بووم کە ئەلەندی کوڕم تەلەفۆنی کردو گوتی بابە ماڵەکەمان گڕی گرتووە". رەفیق دەڵێ، بەپەلە تەلەفۆنم بۆ دراوسێکان کرد "گوتم بچنە ماڵی ئێمە گڕی گرتووە تاخۆم دەگەمەوە ماڵەوە". بەڵام کاتێک رەفیق دەگاتەوە ماڵە سووتاوەکەی، جەستەی بێ رووح و سوتاوی هاوسەرەکەی دەبینێ.

ئەلەند رەفیق، تەمەنی هەشت ساڵەو بەچاوی خۆی سووتانی نزیکترین و خۆشەویسترین کەسی خۆی لەو تەمەنەدا بینی. ئەلەند بۆ (رووداو) گوتی "دایکم لە دەرەوە شتی کڕی و هاتەوە، لەچێشتخانەکە ئاگر کەوتەوەو ئیتر ئێمە هیچمان نەدەبینی". بەوشێوەیە شیلان لە پێش چاوی ئەلەند و ئاسای کچە حەوت ساڵەکەی سووتا.

رەفیق بەداخە لەوەی کە پێشتریش شیلان گوتویەتی غازەکەمان تەواو نییەو سۆندەکەی غازی لێدەچێت "بەڵام من پێمگوت بەقوربان ئەو غازە بەکارمەهێنەو یەکێکی دیکە کار پێ بکە".

شیلان جەبار، تەنها خۆی و برایەکی بەناوی رزگار لەکوردستان دەژین، بەڵام دایک و خوشک و براکانی دیکەیان هەموویان نیشتەجێی ئەوروپان. بریار بووە، شیلان لەگەڵ منداڵەکانی و رەفیقی هاوسەری و رزگاری برای رۆژی 2010/2/6 بچنە وڵاتی فینلەندا بۆ بینینی دایکی شیلان و کەوسوکاریان، بەڵام مەرگی شیلان هەموو شتێکی پێچەوانە کردەوە.

رزگار جەباری برای شیلان کە لەبەر گریان نەیدەتوانی زۆر بەسەر یەکەوە قسە بکات، واهەستدەکات کە سووتانی شیلان، واتە رۆشتنی ئازیزترین هاوڕێی "من و ئەو راستە خوشک و برابووین، بەڵام دوو هاوڕێی دڵسۆزی یەکیش بووین، هەرگیز هیچ شتێکمان لەیەک نەدەشاردەوە".

رزگار دەڵێ، رۆژێک پێش ئەو رووداوە لەگەڵ رەفیق بەیەکەوە بوون، رەفیق تەلەفۆنی بۆ شیلان کردووەو لێی پرسی غازەکە چاک بووە، شیلان گوتی بەڵێ چێشتم پێ لێناوەو عەیبی نییە. درێژەی دایە قسەکانی و گوتی "رۆژی رووداوەکە من لە دەوام بووم، کاتێک هەواڵم بیست تەلەفۆنم کرد بۆ شیلان ئەلەند هەڵیگرت و خێرا گوتی، خاڵە ماڵەکەمان سوتا و دایخستەوە". رزگار هەروەها دەڵێ، دیسان تەلەفۆنم کردەوە بۆشیلان و ئەلەند هەڵی گرتەوەو گوتی "دایکم مرد".

رزگار لەبارەی ژیانی ژن و مێردایەتی شیلان و رەفیقەوە دەڵێ، ئەوان ژیانێکی خۆشیان بەسەر دەبرد و رازی بوون لەیەکتری، بەڵام داخی هەرەسەختی رزگار ئەوەیە کە ئاگر شیلان و ئاواتەکانی پێکەوە سووتاند و نەیتوانی جارێکیتر دایکی ببینێتەوە "هەموو ئاواتی شیلان ئەوەبوو کەبەسەلامەتی بگاتە لای دایکم و جارێکیتر بیبینێتەوە". رزگار لەبارەی قسەیەکی چەند بارەی شیلانەوە دەڵێ "هەمیشە دەیگوت: هەموو ئاواتم ئەوەیە بگەمە دایکم، بۆ ئەوەی ئەگەر مردیشم لەوێ بمرم".

رێژنەی فرمێسک لەچاوەکانی رزگارەوە دەستیان بەوەرین کردو بەدەنگێکی لێوانلێو لەخەمگینیەوە گوتی "من ئێستا هەست بەتەنیاییەکی زۆر دەکەم، چونکە هەر کات سەیری شیلانم بکردایە، دایکم و براوخوشکەکانم دەبینیەوە، بەڵام ئەویش چوو".



### شیلان بەر لەمردنی:
### هەموو ئاواتم ئەوەیە بگەمە دایکم لە ئەوروپا

# شیرین لە رقی مێردەکەی خۆی سووتاند

**رووداو-کەسنەزان**

بڕیاری خۆسووتاندنی شیرین زۆر لە ناکاو بوو، مێردەکەی دەڵێ تەنیا پێیگوتبوو مەچووە ماڵی باوکم، شیرین خۆی سووتاند. ئەو ئێستا لەنێو هۆڵی سووتاوەکانی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی لەسەر قەرەوێڵەیەک راکشاوە.

شیرین جەلال، 31ساڵ، ژنی ماڵەوە دانیشتووی ناحیەی کەسنەزان، شەوی 2010/2/6 لەنێو ماڵەکەی، خۆی سووتاند. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، شیرین 27% سووتاوەو لە ئیفادەکەیدا دەڵێت "لە رقی مێردەکەم خۆم سووتاند"، مێردی شیرین ئێستا دەستگیرکراوەو دەڵێت "کێشەمان نەبووە، تەنیا لەبەرئەوە خۆی سووتاندووە، گوتی دەچمە ماڵی باوکت، گوتم مەچۆ، خۆی سووتاند".

شیرین 6 ساڵە مێردی بە شاخەوان کردووە، خزمی یەکترن. ئەو دایکی دوو منداڵە (مەنسور 3ساڵ، محەممەد 2مانگ). شاخەوان کە کرێکاری دەکات، ماڵی لە تەنیشت ماڵی باوکیەتی و تەنیا دیوارێکیان لە نێواندایە. خوشکی شاخەوان کە لەکاتی رووداوەکە لەوێ بووە بەسەرهاتەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوەو گوتی "زۆربەی ئێواران هەر ئێمە دەچووینە لای شیرین، چونکە ئەو منداڵی هەبوو نەیدەتوانی بێت". بەڵام بەپێی گێڕانەوەی خوشکی شاخەوان، ئەو شەوەی شیرین خۆی سووتاند، کە ویستوویەتی بچێتە ماڵی باوکی مێردەکەی، لەبەرئەوەی ئەو شەوە خولە وەرزشییەکانی تۆپی پێی ئەوروپا هەبوون، شاخەوان حەزی کردووە شیرین لەلای بێت، "بۆیە قسەیەکی پێدەڵێت تا نەیێتە ماڵی ئێمە". ئەو دەڵێ "شاخەوان بە شیرینی گوتبوو نەوسن مەچووە ماڵی باوکم، بەوە شیرین زۆر توڕەببوو". خوشکی شاخەوان بە پێکەنینەوە دەیگوت "بەخوا ئەو شەوە هیچیشمان نەبوو بیخۆین".

شاخەوان ئەو قسەیە دەکات و دەچێتە دەرەوە، شیرینیش منداڵە دوو ساڵییەکەی دەداتە خوشکی شاخەوان و پێیدەڵێت خۆم دەسووتێنم، بەڵام باوەڕی پێناکەن. خوشکی شاخەوان کە ئەوکاتە لەوێ بووە، وایانزانیوە گاڵتە دەکات "هیچ قسەم نەکرد، لەبەرئەوەی هەرچییەکم بگوتایە خراپ دەبووم، دەترسام بڵێن لەبەرئەو خۆی سووتاند".

هێندەی پێناچێت شاخەوان لە دەرەوە دەگەڕێتەوەو دەچێتە ماڵی باوکی، خوشکەکەیشی ئەو قسانەی بۆ دەگێڕێتەوە "گوتم شاخەوان شیرین دەڵێت خۆم دەسووتێم، شاخەوان لەسەری خۆیدا، دەیگوت چی بکەم؟"، ئەوان لەو قسانەدا دەبن زیڕە لە ماڵی شیرین بەرزدەبێتەوە. خوشکی شاخەوان باس لەوەدەکات خۆی بەسەر دیوار فڕێدایە ناو ماڵی براکەی و شیرینیش خۆی پێداداوە "قژم ئاگری گرت، دوو پەنجەم سووتا، دراوسێکان گەیشتنە سەرمان بە خۆڵ و ئاو کوژاندیانەوە".

شیرین ئێستا لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێرە، سکاڵای لە دژی مێردەکەی تۆمار نەکردووە. دایک و باوکی شیرین بێ تاوانییان بۆ شاخەوان مۆرکردووە. وەک خوشکی شاخەوان دەڵێت، براکەی و شیرین هەردووکیان "فەقیر حاڵن"، ماوەیەک لەمەوبەریش دزییان لێکرا "شەو دز چووبووە سەر ماڵیان، 4500دۆلاریان هەبوو هەموویان بردبوو، تەنیا شیرین لە ماڵ بوو، چاوی کردبووەوە دزەکان دەستیان لەسەر دەمی دانابوو خەریک بوو بخنکێت، دەم و چاوی بریندار ببوو".



## دیمەن یەک رۆژ پێش تەواوکردنی یەک ساڵی مێردکردنی خۆی کوشت

# بەر لەوەی خۆی بکوژێ گەردەنی خۆی بە کەسوکاری ئازا دەکات





سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-دارەتوو**

یەک رۆژ پێش تێپەڕبوون بەسەر یەکەم ساڵیادی هاوسەرگیرییەکەی، دیمەن تەلەفۆن بۆ زۆربەی خزمە نزیکەکانی دەکات و داوایان لێدەکات گەردەنی ئازاد بکەن. بەو مەرجەش لە ماڵی باوکی دێتە دەرەوە کە گەردەنی ئازاد بکەن، دوای تێپەڕبوونی دوو کاژێر بەسەر تەلەفۆن کردنەکانی، دیمەن بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند " دیمەن موسا، تەمەن 24 ساڵ، بە کلاشینکۆف خۆی کوشتووەو ئێستا مێردی دیمەن، کە ناوی ئومێد محەممەدەو تەمەنی 27 ساڵە بەپێی مادە 405ی یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە". نەقیب ژیلەمۆ گوتی "ئومێد لە ئیفادەکەیدا دەڵێت، پێشتر کێشەمان هەبووە، بەڵام لەو ماوەیەدا کێشەمان نەبووە، نازانم بۆچی خۆی کوشت؟، ئومێد تەنیا بۆ لێکۆڵینەوە گیراوەو، لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".

دیمەن، کە ژنی ماڵەوەیە، لە 2009/2/3 زەماوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ ئومێد گێڕا، بەڵام رۆژی 2010/2/2 لە نێو ئەو رەزەی تێیدا دەژیان لە نزیک گوندی مورتکەی سەر بە دارەتوو (7 کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی هەولێر)، بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ماڵی دیمەن پێشتر لە ناحیەی کەسنەزانی رۆژهەڵاتی شاری هەولێر بوو. یەکەم کێشەی ئەو لەوە دەستی پێکرد، نەیدەویست بچێتە گوند. شوان، کە ئامۆزای دیمەنە گوتی تەنیا 5 مانگ بەسەر زەماوەندی هاوسەرگیری دیمەن و ئومێد تێپەڕیبوو، کە دیمەن داوای دەکرد لە گوندەوە بێتە شار "بۆیە ئومێد لەبەر خاتری دیمەن هاتەوە شار، بەڵام دواتر ئومێد جارێکی دیکە ماڵەکەی بردەوە گوند، لەوێ سەرپەرشتی رەزێکی دەکرد".

دوای تێپەڕبوونی 9 مانگ بەسەر ژیانی هاوسەرییان، دیمەن منداڵی نابێ، وەک شوان دەڵێت ئەوە کێشەی نێوانیان بوو. ئومێد داوای منداڵی دەکرد، دەبێتە دەمەقاڵیان، بۆیە دیمەن دیسان زیز دەبێت و دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی "دیمەن دەیگوت ساڵێک زووە بۆ منداڵ بوون، خۆ بە دەستی من نییە، ئەو نەیدەویست بچێتەوە لای ئومێد، دەیگوت قسەی ناشرین دەکات".

دوای مانگێک تۆران، دیمەن خۆی دەگەڕێتەوە لای ئومێد، بە ئومێدی ئەوەی ژیانێکی تازە دەست پێ بکاتەوە، بەڵام زۆری پێناچێ کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. شوان دەڵێت دیمەن لە کۆتاییەکانی ژیانی هەڵسوکەوتێکی وای نەکردووە کە ئاماژە بێت بۆ خۆکوشتن، چونکە چەند رۆژ پێشتر لەگەڵ ئومێد چوونەتە بازاڕو شتی ناوماڵیان کڕیووە، جگە لەوەش "3 رۆژ بەر لە مەرگی دیمەن، لەگەڵ ئومێد چووبوونە ماڵی باوکی دیمەن و بە کفتە داوەتکرابوون، دوای نانخواردن گوتبووی گەردنم ئازاد بکەن زۆرم ماندوو کردن، هەتا گەردنم ئازاد نەکەن ناچمە دەرەوە، گەردن ئازایی خۆی بە دایک و باوکی کردبوو".

شوان باسی لەوە دەکرد کە نیوەڕۆی ئەو رۆژەی دیمەن خۆی کوشت، تەلەفۆنی بۆ بەشێک لە خزمە نزیکەکانی کردبوو، گوتبووی چێشتم بۆتان کردووە حەزدەکەم بێن، بەڵام لەبەرئەوەی لەکاتی نانخواردن تەلەفۆنی کردبوو بۆیە خزمەکانی نەیانتوانیبوو بەدەم داوەتەکەیەوە بچن "دیمەن کفتەی بۆ کرێکارەکانی رەزەکە لێنابوو، گومانی ئەوەی لێدەکەین کە ویستوویەتی خۆی بکوژێت، لە تەلەفۆن گوتبووی ئێوەم زۆر خۆشدەوێت وەرن، بەلانیکەم 10 تەلەفۆنی کردبوو".

کاژێر 2ی پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە ئومێد چاودێری کرێکارەکان دەکات، لەناکاو گوێی لە دەنگی گوللەیەک دەبێ، کە بەرەو ماڵەوە رادەکا، دەبینێ، تەرمی دیمەن کەوتووە. شوان دەڵێت دیمەن خەریکی ماڵ خاوێنکردنەوە بووە، پاشان لە دیار تەلەفزیۆن دانیشتووە، بالیفێکی لە پشتی دانابوو "کلاشینکۆفەکە مەخزەنی لەسەر هاتبووە خوارەوە، رەنگە مەبەستی پاککردنەوە بووبێت، بەڵام هەرگیز دەستکاری چەکی نەکردووە، گوللەکەش بە ژێر چەناگەی کەوتووە لەسەری هاتووەتە دەرەوە".

ئەو تەلەفۆنانەی دیمەن کردوویەتی و گەردن ئازایی و گوللە بە ژێر چەناگە کەوتنەکەی هەموو ئاماژەن بۆ خۆکوشتنی دیمەن. بەڵام شوان دەڵێت نازانن دیمەن خۆی کوشتووە یان نا. بەڵام گومانیان بۆ ئەوەش دەچێت گوللەی لە دەست دەرچووبێت. بنەماڵەی دیمەن سکاڵایان لە دژی ئومێد تۆمار نەکردووە، چونکە شوان دەڵێت شایەت هەبووە لەو کاتەدا ئومێد لەلای رەزەکە کاری دەکرد "دەمانەوێت ئومێد ئازاد بێت، سوڵحی عەشایری دەکەین، چونکە ئەو هۆکاری خۆکوشتنی دیمەن نەبووە".

# کۆمەڵایەتی

## دوو برا، برایەکی خۆیان دەکوژن



ڕووداو-شاوێس

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی دەشتی هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەناحیەی شاوێس دوو برا، برایەکی خۆیان بە چەقۆ کوشت. ئەو پیاوەی کوژراوە ناوی (ە.س.خ)ە و خێزاندارە. ئەو سەرچاوەی پۆلیس هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە دوو برا بکوژەکان لەسەر خانوو کێشەیان لەگەڵ باوکیان هەبووە، ئەو کوڕەش لەسەر باوکی بە وەڵام هاتووەو بووەتە شەڕیان، ئەوانیش چەقۆیەکیان لە ملی (ە)داوە "(ە) باری تەندروستی جێگیر بوو، بەڵام دوای هەفتەیەک لە ڕۆژی 2010/2/7 گیانی لە دەستدا".

# جوانی بۆ کاندیدە ژنەکان یەکاو یەکە



## کاتی بەهەند نەگرتنی ڕووخسار بەسەرچوو

ساکار ڕەئوف بێگەرد، کاندیدی لیستی گۆڕان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو—سلێمانی**

لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، وێنەی کاندیدە جوانەکان هێزێکی موگناتیزی هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هەندێک لەو دەنگدەرانەی، کە کارنامەو پرۆژەو کەسایەتی ناکەنە پێوەری دەنگدان. هەندێک لە کاندیدە ژن و کچەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوەو مامۆستایەکی زانکۆش دەڵێ جگە لەجوانی مەسەلەی زگورتیش کاریگەری هەیە بۆ دەنگدانی گەنجان.

لەهەر هەڵبژاردنێکی هەرێمی کوردستاندا کە وێنەی کاندیدەکان بڵاوکراونەتەوە، خاوەنی جوانترین وێنە چانسی باش بووە. پێشەوا محەممەد دەڵێ هەمیشە پاڵێوراوە جوانە ژنەکان بەلای منەوە گرنگ بوون "کاندیدە جوانەکان لای من بایەخی یەکەمیان هەیە". ئەو گەنجە تەمەن 28ساڵە گوتیشی "لەو هەڵبژاردنەشدا هەمان پێوەرم هەیە".

ساکار ڕەئوف بێگەرد، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەڵێ لەو سەردەمەدا "کە هەندێک کەس بەسەردەمی وێنە ناوی دەبەن"، وێنە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ "هەرچەندە دنیای ئێمە بەگشتی و کایەی سیاسی بەتایبەتی، لەسەر فەرامۆشکردنی جەستەو بەهەند نەگرتنی ڕەنگ و ڕووخسارو فیگەری دەموچاو کاردەکات،بەڵام لێرە بەدواوە ئەم شتە نایخوات". ساکار گوتیشی"بێگومان لەسەروەختی هەڵبژاردن دا و بەتایبەت بۆ خانمان، ڕەنگ و ڕووخسارو دەموچاو و شیک پۆشی، بەشێکن لەو شتانەی کاریگەری لەسەر دەنگدەر جێدێڵن".

کاندیدە کچ و ژنەکان، هەرچەندە خۆشیان دەزانن جوانی ڕۆڵێکی زۆری دەبێت لە پڕکردنی کیسەی دەنگەکانیان، هاوکات بە ڕەوای نازانن چارەنووسی ئەو کردە سیاسییە گرنگە بە ڕووخسارەوە ببەسترێتەوە. بەلای ئەمەل جەلال، کە کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە، هەڵبژاردنی وێنە کارێکی نەشیاوە "مەگەر نابێ دەنگدەر بزانێ ئەو کەسەی ئەو وێنەکەی بەلایەوە جوانە، چ پرۆژەو بەرنامەو کەسایەتییەکی هەیە". ئەمەل دەڵێت دەنگدەر ئازادە لە دەنگدان "بەڵام کاتێک ڕووخسار هەڵدەبژێرێت کارێکی نەشیاو و نەگونجاو دەکات، بۆیە ئومێد دەکەم لەسەر ئەو بنەمایە دەنگ نەدەن".

لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا لە ساڵی 2001، ئەڤین ئیبراهیم فەتاح کاندیدی لیستی پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان لە هەولێر سەرنج ڕاکێشترین وێنەی خۆی لەبانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بڵاوکردەوەو زۆرترین دەنگی نێو لیستەکەی خۆی بەدەستهێنا . ئەڤین ڕەتینەکردەوە جوانی وێنەکەی هاوکاری کردبێت لە بەدەستهێنانی ئەو دەنگە زۆرە و گوتی "لەگەڵ وێنەکەدا پرۆژەو پێشنیازی جوانیشم بڵاوکردبوونەوە". ئەو کاندیدە ژنە کە 9143 دەنگی هێنابوو، دەڵێ لەنێو لیستێکدا بووم کە کاندیدەکانی دیکەی نیوەی دەنگەکانی منیشیان بەدەست نەهێنا . بەڵام ئەڤین پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکات کە جوانی هۆکاری سەرەکی نییە بۆ بڕواهێنان بە دەنگدەر.

ئەو جەماوەرە فراوانەی کە جوانی دروستی دەکات، تەنها پەیوەست نییە بەسیاسەتەوە، بەڵکو لەنێو کایەکانی هونەرو ڕۆشنبیری و تەنانەت وەرزشیشدا کاریگەری هەیەو ڕەنگیداوەتەوە، لەدیدارێکی پێشتری (ڕووداو)دا، هونەرمەند لەیلا فەریقی گوتی "بێگومان جوانیش ڕۆڵی هەیە لە دیارکەوتن و فراوانکردنی جەماوەری هونەرمەندا". نازداریش کە هەمان قسەی فەریقی بۆ (ڕووداو)دووپات کردەوە دەڵێ "ئەز جوانم و دەنگیشم خۆشە". هێرۆ عەزیزی کچە بێژەری تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان هەرچەندە ئامانجی تەنها خزمەتکردنی ڕاگەیاندنەو بەهیچ جۆرێک بیری لەجوانی و کاریگەرییەکانی نەکردووەتەوە، بەڵام دەڵێ " هەندێک جار کە دەچمە شوێنێک یان فەرمانگەیەک، خەڵک دەڵێن ئێمە حەزمان لە هەواڵ و دەنگوباس نییە، بەڵام لەبەرئەوەی تۆ دەیخوێنیتەوە حەزدەکەین گوێی لێ بگرین".

ئەمڕۆ لەجیهاندا، جوانی و شیکپۆشی سەرکردە و کاندیدەکان بایەخێکی تایبەتی لای جەماوەر هەیە. لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ڕابردووی ئەمریکاش، کاتێک (جۆن مەکین)ی کاندیدی کۆمارییەکان سیناتۆر (سارا پالین)ی وەک جێگری خۆی دەستنیشانکرد، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسیان لەوە کرد کە شۆخ و شەنگی و سیحری جوانی ئەو خانمە ڕۆڵی خۆی دەبێت لە ڕاکێشانی دەنگدەران دا.



## جوانی وێنەکەم ڕۆڵی هەبوو لە دەنگهێنانە زۆرەکەم لە 2001دا

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

ساکار ڕەئوف بێگەرد دەڵێ ئاوڕدانەوە لەم مەسەلەیە لەم قۆناخەدا، گرنگەو دەشێت بۆ خانمان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، کاریگەری خۆی هەبێت "سەلیقە و بڕیاری زۆر لە دەنگدەران بەتایبەت توێژی تازەی گەنجان،وێنەو کەناڵەکانی میدیایی دروستی دەکەن".

تەنها لە پارێزگای سلێمانی 30 کاندیدی ژن لە لیستە جیاوازەکان ململانێی هەڵبژاردن دەکەن، بەبڕوای هێرش هیرانی، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، جوانی و زگورتی هەمیشە کاریگەری هەبووە لەهەڵبژاردنەکاندا. وەک ئەو باسیدەکات "جوانی گرنگە، بەڵام زگورتیش هەروا، چونکە ئافرەت هەیە جوانیشە،بەڵام لەبەرئەوەی شوی کردووە دەنگێکی ئەوتۆی پێنادرێت". ئەو هیتلەر بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێ، لەبەرئەوەی زگورتی بوو، ژمارەیەکی زۆر لە کچان دەنگیان پێدا. ئەو مامۆستایە گوتیشی "مەرجیش نییە ئەوەی دەنگ بەکاندیدێکی ژن یان کچ دەدات، تەنها بۆ جوانی بێت، بەڵکو هەیە بۆ کارنامە و پرۆژەکانی و ڕابردوویەتی دەنگی پێدەدات".

## جوانی پاڵێوراو لای من پێوەری یەکەمە بۆ ئەوەی دەنگی پێبدەم

گەنجێک

## زرگورتی بوونیش گرنگە، چونکە ئافرەتی جوان هەیە لەبەرئەوەی شوی کردووە دەنگێکی ئەوتۆی پێنادرێت

سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی



چەند دەنگدەرێک لە کاتی هەڵبژاردنی 2009/7/25 دا (فۆتۆ: ڕووداو)



تامان شاکر

## سڵاو لە جوانەکان

دەڵێن (خودا جوانە و جوانی خۆشدەوێت) هەموومان باوەڕمان بەو قسەیە هەیە، ئەگەرچی کەسمان خودامان نەبینیوە.

بەڵام جوانی خودا لە جوانی سروشت و شاکارەکانی بەدی دەکەین. هەموومان حەز لە شتە جوانەکان دەکەین و خۆشمان دەوێن، کەسی جوان ئەگەر نەشی ناسین لە خۆمانەوە خۆشمان دەوێت و هەستێکی گەرممان بۆی هەیە.

کەسە جوانەکانی نێو دونیای هونەر ناسیاومان نین، کەچی وێنەکانیان لە ژووری زۆربەی گەنجەکانمان هەڵدەواسرێ، لە ئەزموونی ژیانیشەوە فێری ئەوە بووین ئەوانەی سیمایەکی جوانیان هەیە، کێشەیان لەگەڵ خۆیاندا کەمترە لەوانیتر. هەرچەندە لە کۆتاییدا هەموومان دەڵێن جوانی ڕۆح شەرتە، بەڵام ئەوە دوای بەیەکەوە ژیان و هاوڕێیەتییەکی زۆر دێت.

من نازانم لە کوردستان کاندیدکردن بۆ پەرلەمان لەسەر چ بنەمایەکە و چۆن کاندیدەکان دەستنیشان دەکرێن، ئایا گرنگی بە چ لایەنێکی ژیان و توانای ئەوان دەدرێ، ئایا بڕوانامەی بەرز، یان خەباتی شاخ، لەم سەردەمدا بەسە بۆ ئەوەی دەنگی زۆرینە بەدەستبێنن؟ نەخێر بەڵکو سیمای جوان و سەرنج ڕاکێش و جەستەیەکی ڕێکوپێک، دەکرێ شانسێکی باشتر و دەنگی زۆرتر بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر بکات.

لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی لیستە بەشداربووەکانی کوردستان،کاندیدەکان بەرنامەیەکی زۆر لەیەک جیاواز و تایبەتیان نەبوو، تاوەکو بەوشێوەیە لە یەکتریان جیابکەینەوە، هەموویان لە خاڵێکدا یەکیان دەگرتەوە، ئەوەی لێکی جیادەکردنەوە ڕووخساریان بوو.

ڕووخساری جوان بەتایبەتی بۆ خانمان، دەکرێ کاریگەری هەبێت لەسەر دەنگدەران و، خانمە جوانەکان دەنگی زیاتر بێنن، چونکە سەرنج ڕاکێشترن. وێنەکانیان لە چاوماندا دەمێننەوە.

مارلین مۆنرۆ، ڕۆژانە لە میدیاکانی جیهاندا باسی دەکرا و وێنەی بڵاودەکرانەوە، لەبەر ئەوە نەبوو لە بواری فەلسەفە یان زانستێکی دیکەدا داهێنانی گەورەی کردووە، بەڵکو لەبەر ئەو جوانیەی بوو کە تاوەکو ئێستا کەسێک نییە خۆی لەشانی بدات و دوای ئەو هەموو ساڵە لە مردنی، ئێستاش هەر باسی دەکرێ. چەند زەمەن بڕوات مارلین هەمیشە لەگەڵماندا دەمێنێتەوە.

هەڵبژاردنی ئەمجارە بە لیستی کراوەیە، دەنگدەر ئازادە لەوەی دەنگ بە کێ دەدات، بۆیە کاندیدکردنی ئەندامەکان کاریگەری دەبێ لەسەر دەنگدەر.

وەک گوێم لێبووە، لە کاتی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی لە ئیدارەی هەولێردا لە ساڵی 2001، یەکێک لە خانمەکان بەتەنیا زیاتری هەموو حیزبەکەی، کە حیزبێکی بچووک بوو دەنگی هێنا، ئەو خاوەنی خەباتی شاخ نەبوو، بەڵام خاوەن ڕووخسارێکی جوان بوو، وێنەکەشی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو.

دەبووایە حیزبەکانی کوردستان لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکانیان، تەنها بایەخیان بە بڕوانامە نەدایە و بیریان لە میزاجی دەنگدەریش بکردایەوە، بیروڕای کەسێکی دەروون ناسیان وەربگرتایە، کە جوانی چەند کاریگەری لەسەر چاو و مێشکی مرۆڤ بەجێدێڵێ.

# حەسەن خۆی خنکاند یان خنکێنرا؟



## بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر: حەسەن خۆی خنکاند



**سۆران بەهائەددین**
Soran2025@yahoo.com

**ڕووداو-هەولێر**

تەرمی حەسەن لە دەرەوەی شار دۆزرایەوە، ملی حەسەن بە پەتێکی باریکەوە بە شوێنی پانکەی ژوورێکی خانووێکی تەواونەکراودا، لە شوێنێکی دوور لە ماڵەکەی خنکابوو. بنەماڵەی حەسەن هەرگیز باوەڕ ناکەن حەسەن خۆی خنکاندبێت، دەڵێن "حەسەن خنکێندراوە".

دوای 3 ڕۆژ لە ونبوونی، حەسەن مەرزۆ مستەفا، 35 ساڵ، باوکی 3 منداڵی بچووک، ڕۆژی 2010/2/6 تەرمەکەی بە خنکاوی لەخانووێک لە پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر لەسەر ڕێگەی هەولێر-کەرکووک دۆزرایەوە، هەرچەندە پۆلیس دەڵێت "حەسەن خۆی خنکاندووە"، بەڵام بنەماڵەکەی ئەوە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن "حەسەن خنکێنراوە".

حەسەن 9 ساڵە ژنی هێناوە، ئەفسەر بوو بە پلەی ملازم لە فەرماندەی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەولێر. خۆشەوی مەرزۆ، برای حەسەن لەیەکەم ڕۆژی پرسەی براکەی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد، چاوەکانی بەهۆی گریانەوە سوور هەڵگەڕابوون، خۆشەوی باسی لە چۆنیەتی ونبوونی براکەی کردو گوتی "حەسەن دوای ئەوەی خواردنی بۆ پێشمەرگەکان بردبوو لە بارەگا گەڕابووەوە چووبووە ماڵی خەزووری لە گەڕەکی تەعجیلی شاری هەولێر، شەو لە ماڵی خەزووری بوو، بەیانی لە خەو هەستاوە گوتوویەتی دەچمە بارەگای پێشمەرگە، لەو کاتەوە تەلەفۆنی نەما".

دوای داخرانی تەلەفۆنی، خۆشەوی دەڵێت شوێن نەما لە دوای نەگەڕێن، دوای 3 ڕۆژ هەواڵیان پێدەدەن کە حەسەن لە نەخۆشخانەیەو دەست و پێی شکاوە "دواتر بۆمان دەرکەوت، بە پەت خنکاوە، لە ناو خانوویەکدا خنکاندوویانە کە تازە دروستکراوەو هێشتا تەواو نەکراوە، ئەو شوێنەی تێیدا خنکاوە شوێنی هاتووچۆی ئەو نییە".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لەبەرئەوەی گوتی هێشتا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە تەواو نەبوو ئامادە نەبوو وردەکاری ڕووداوەکە باس بکات و تەنیا گوتی "حەسەن خۆی خنکاندووە". هەروەها سەرچاوەیەک لە پزیشکی دادوەری کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی توێکاری پزیشکی دەرکەوتووە حەسەن بە پەت خنکاوە، بەڵام نازانین خۆی خنکاندووە یان خنکێنراوە "لاشەی هیچ شوێنەوارێکی شێواندنی پێوە دیار نەبوو".

هەرچەندە هیچ شوێنەواری لێدان بە لاشەی حەسەنەوە نەبووە و پۆلیسیش دەڵێت حەسەن خۆی خنکاندووە، بەڵام بەبڕوای خۆشەوی برای ئەوە ڕاست نییە" هیچ شتێک لە شوێنی خنکانەکەی نەبوو، تاوەکو لەژێر پێی دانابێت، ئەی چۆن خۆی خنکاند؟ ڕوح زۆر شیرینە هەرگیز باوەڕ ناکەم ئەو خۆی خنکاندبێت".

خۆشەوی گومانی لە کەس نییە کە براکەی خنکاندبێت، چونکە دەڵێت کێشەیان لەگەڵ کەس نییەو هیچ کات زوڵمیان لەکەس نەکردووە "گومانمان هەر بۆ ئەوە دەچێت حەسەنیان گرتبێت و هەڕەشەیان لێکردبێت، دواتر ویستوویانە ئازادی بکەن، بەڵام ترساون ئەگەر ئازادی بکەن شتێکیان بەسەر بێنێت، بۆیە خنکاندوویانە".

## حەسەن خنکێنراوە

برای حەسەن

یەکێک لە دراوسێکانی حەسەن باسی لەوە دەکرد، کە حەسەن کێشەی لەگەڵ ژنەکەی هەبووە، لەسەر ئەوەی لە مامەڵەیەک زەرەری کردووە، بەڵام خۆشەوی ڕەتیکردەوە حەسەن کێشەی لەگەڵ ژنەکەی هەبێت "ئەو ژنەی بە خۆشەویستی هێنا بە هەموو دونیای نەدەگۆڕیەوە". خۆشەوی ڕەتیشیکردەوە کە براکەی کێشەی مادی هەبووبێ "حەسەن حیسابی بۆ پارە نەدەکرد، ئەگەر دیناری پێ نەبووایە وای نەدەکرد کەس بزانێت، دینارێک و هەزار دینار لای ئەو وەک یەک بوو".

خۆشەوی هەرگیز بڕوا ناکات براکەی خۆی خنکاندبێت، ئاماژەی بەوەشدا کە فەرماندەی پێشمەرگە لێکۆڵینەوەی تایبەت لە بارەی کوشتنی براکەی دەکەن "حەسەنیان بە قەنارەوە کردووە، خوا هەقی حەسەن و سێ منداڵەکەی دەکاتەوە"، خۆشەوی لەبەر گریان نەیتوانی لەوە زیاتر قسە بکات.



حەسەن مەرزۆ مستەفا، 35 ساڵ، باوکی 3 منداڵ (فۆتۆ: ڕووداو)

# لە 25 کەس لە عێراق یەکێکیان کەمئەندامە

## سەرۆکی رێکخراوی عێراق بۆ هەڵگرتنەوەی مین: تەنیا هەرێمی کوردستان لە ساڵانی 1991 - 2004 زیاتر لە 60 هەزار کەمئەندامی هەبووە



**رووداو - ایلاف**

لە هەر سووڕانەوەیەکی نێو شاری بەغدا، چاوت بە خەڵکانی کەمئەندام دەکەوێت کە دەست یان قاچی خۆیان لە شەڕ یان بەهۆی ئەو تەقەمەنیانەی لە خاکی وڵاتەکەیاندا چێندراوە، لەدەست داوە. ئەوان لەبەر هەژاری و نەداری و بێکاری ناچارن دەرۆزە بکەن. هەرچەندە سەبارەت بە ژمارەی کەمئەندامان، جیاوازی لەنێوان ئامار و داتای رێکخراوەکان و دەزگاکانی حکومەتدا هەیە، بەڵام بە سەرنجدان لە شەقامی شارەکان، تێدەگەین کە کەمئەندامی زۆر بەربڵاوە لەعێراق.

لە توێژینەوەیەکدا کە رێکخراوی نێودەوڵەتیی کەمئەندامان بە هاوکاریی هەردوو وەزارەتی کار و تەندروستی عێراق ئامادەی کردووە، دەرکەوت کە ژمارەی کەمئەندامان لە عێراقدا لە یەک ملیۆن کەس زیاترە، ئەوانیش یان تەواو پەککەوتەن یان نیمچە پەککەوتە. توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بارە کارەساتاوییەی عێراق لەم چەند ساڵەی دوایی پێیدا تێپەڕی و ئەو تەقینەوە و توندوتیژییەی سەرتاپای عێراقی گرتەوە، گەلێک کەمئەندامی دیکەیان خستە سەر ژمارەی ئەو کەمئەندامانەی لە بیست ساڵی رابردوودا بەهۆی شەڕەوە پەیدا ببوون.

بە گوێرەی ئەو توێژینەوەیە، لە هەر 25 عێراقییەک یەکێکیان کەمئەندامە. ئەوانەی سەر بە دەستەی چاودێریی کەمئەندامانی شەڕن ژمارەیان 43600 کەمئەندامە، لە نێویاندا 5600 کەمئەندام بە تەواوی پەککەوتەن. ئەوانەی ئەندامێکی جەستەشیان لەدەستداوە ژمارەیان 100 هەزار کەمئەندامە. ژمارەی کوێرەکانیش 100 هەزار زیاترە. لە کاتێکدا ئەوانەی لەژێر هەڕەشەی کوێر بوون و چاوکزیدان نزیکەی 205 هەزار کەسن.

نێوەرۆکی چەند راپۆرتێک کە رێکخراوە مرۆییەکان ئامادەیان کردوون دەڵێن، کە زۆر لە کەمئەندامان بەدەست پەشێویی دەروونییەوە دەناڵێنن، ئەم شتەش کار لە پەیوەندییە خێزانییەکانیان دەکات. ئەوان پێشتر خێزانەکانیان بەخێو دەکرد و لەپڕ دەبینن بوونەتە بار بە سەر خێزانەکانیانەوە. ئەمەش گوشاری دەروونییان بۆ دروستدەکات.

وەزارەتی تەندروستیی عێراق دەڵێ لە 2003 بە دواوە ژمارەی کەمئەندامان 30% زیادی کردووە. سەرۆکی کۆمەڵەی کەمئەندامانی عێراق موەفەق خەفاجی دەڵێت، کە ئەوان بڕە یارمەتییەک دەدەنە 60 هەزار کەمئەندام، کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بەوانەی بە تەواوی پەککەوتەن، ئەو دەشڵێت کە بەهۆی کەم پشتیوانی لەلایەن دەوڵەت و هەروەها رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە، ناتوانن بازنەی کۆمەکی خۆیان فراوانتر بکەن.

زاحم جیهاد مەتەر، سەرۆکی رێکخراوی عێراق بۆ هەڵگرتنەوەی مین بە رۆژنامەی"الشرق الاوسط"ی راگەیاند: 25 ملیۆن مین لە عێراقدا هەن، 800 هەزار عێراقی بەهۆی ئەو مینانەوە تووشی کەمئەندامی بوون. هەروەها گوتیشی بەپێی راپۆرتێکی نەتەوەیەکگرتووەکان، 300 هەزار کەمئەندام لە عێراقدا هەن، هەروەها ساڵانە لە نێوانی 15 تا 20 هەزار حاڵەتی گیان لەدەستدان یان کەمئەندامبوون بە هۆی تەقینەوە یان بۆمب و مینی ئەو شەڕانەوە روودەدات. جگە لەوەی 80%ی ئەو کەمئەندامانە ئەو کاتانە تووش هاتوون کە ژیانی ئاسایی بۆ شار و گوندەکانیان گەڕاوەتەوە. مەتەر ئاماژەشیدا کە تەنیا هەرێمی کوردستان لەساڵانی نێوان 1991 تاوەکو 2004 زیاتر لە 60 هەزار کەمئەندامی هەبووە، ژمارەیەکی بەرمەزەندەی کەمئەندامانیش بۆ ئەو ساڵانە لە عێراقدا 800 هەزار کەمئەندامە.

چەند ژێدەرێکیش ئەوەیان خستەڕوو، کە تەقینەوەکان لەنێو هەر 10 برینداردا 5 کەمئەندامیان خستووەتەوە، واتە نیوەی ئەوانەی بەر تەقینەوە دەکەون دەبنە کەمئەندام.

سەبارەت بە دیاریکردنی ژمارەی کەمئەندامان بۆچوونی جیاجیا هەن، هەندێک دەڵێن ژمارەیان سێ ملیۆن دەبێت، هەندێکی دیکە پێیانوایە ژمارەکە لە نێوان یەک تا دوو ملیۆن دەبێت. بەڵام سەرچاوەکانی حکومەت ئەوە رەتدەکەنەوە و دەڵێن کەناڵەکای میدیا ژمارەی زۆر قەبە بڵاو دەکەنەوە. کەچی سەرۆکی کۆمەڵەی کەمئەندامانی عێراق و جێگری رێکخراوی عەرەبی بۆ کەمئەندامان موەفەق خەفاجی دەڵێت "ژمارەی کەمئەندامان لە عێرقدا لە سێ ملیۆن کەس کەمتر نییە".

گرووپی میرسی کورر، کە بارەگاکەیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، پێیوایە دیاریکردنی ژمارەی کەمئەندامان لە عێراقدا بە دوو ملیۆن جێی هەڵوەستەیە. ئەو گرووپە دەڵێت: سەرژمێریی دانیشتووان لە ساڵی 1977دا ژمارەی کەمئەندامانی لە عێراقدا بە 9%ی دانیشتووان داناوە کە عێراق 12 ملیۆن بوو، واتە ئەوکات یەک ملیۆن کەمئەندام هەبووە. حکومەتیش ئێستا ژمارەی دانیشتووان بە 30 ملیۆن کەس دادەنێت.

تیانا تورز وتەبێژی گرووپی میرسی کوور، دەڵێت"ئەگەر ئەوە رەچاو بکەین کە عێراق لەساڵی 1977ەوە هەر لە شەڕدایە، ئیدی دانانی رێژەی 2،7 یان 3 ملیۆن کەمئەندام جێی گومانە".




حکومەتی عێراقیش دەڵێت کە ناتوانێت بەدەنگ ئەو ژمارە زۆرەی کەمئەندامانەوە بچێت، وەزارەتی تەندروستیش تەنیا 12 بنکەی شیاندن و 12 وەرشەی دروستکردنی دەست و قاچی دەسکردی هەیە، ناشتوانێت بنکەی زیاتر بکاتەوە چونکە نە پزیشک و نە تەکنیکاری پسپۆڕی نییە. هەروەها دەڵێت هەر دەتوانێ تەنیا چارەکێکی ئەوانەی پێویستیان بە قاچ و دەستی دەسکردە، یارمەتی بدات، چونکە کەرەستەی خاو لەبەردەستدا نییە.

## کچی شای سعودیە بۆ یەکەمجار قسەی بۆ رۆژنامەکان کرد:

# رێ نادەین کۆمەڵگەکەمان وەک بەرد رەق ببێت

**رووداو - النهار**

کاتێک رۆژنامەی (لۆ فیگارۆ)ی فەرەنسی بۆ یەکەمین جار هەڤپەیڤینی لەگەڵدا کرد، گوتی"وێنەگرتن قەدەخەیە". شازادە عادیلە کچی شا عەبدوڵڵای شای سعودیە، وەک چالاکڤانێکی بواری کۆمەڵایەتی زۆر باش سنووری ئەو سەرچڵییەی خۆی سەبارەت بە لێدوان دەربارەی کۆمەڵگەی سعوودیە دەزانێ. لەمەشدا نەریتی ماڵباتی شاهانەی نەشکاندووە کە زوو زوو لە میدیادا دەربکەوێت.

هەڤپەیڤینەکە لە ماڵە فراوانەکەی خۆی، کە بە کۆشک و تەلار ناچێت، لە شاری ریاز، بەڕێوەچوو. لەبەر دەرگای میوانخانەکەدا دوور لە پرۆتۆکۆل پێشوازیی لێکردین. میوانخانەکە کەلوپەلی هاوچەرخی تێدا بوو، ئەویش رووگەش و جوان دەهاتە بەرچاو. کراسێکی ئاودامەن و قاپووتێکی چەرمی رەشی لەبەردا بوو، سەرپۆشێکی ئاوریشمی مۆزلینیشی بە سەرەوە بوو. هەر زوو پێیگوتین: "کردوومەتە نەریت لە بۆنەی فەرمیدا سەرپۆش دەپۆشم". ئەو سەرپۆشەش وەک حیجاب و نیقاب نییە کە پارچە قوماشێکی رەش دەموچاو دادەپۆشێت و لە سعودیە بە تایبەتی و لە ناوچەکەشدا زۆر باوە.

شازادە بە رەزامەندیی باوکی، شا عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولعزیز شای عەرەبستانی سعودیە، لە پرۆژەیەکدا دەستی بەکار کردووە کە دەخوازێت پەرە بە رەوشی ژنان لە شانشینەکەدا بدات. ئەو لەو پێگەیەی خۆیەوە ئازادییەکی تەواوی هەیە بۆ جووڵانەوە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا تاوەکو گوزارشت لە بیروڕاکانی خۆی بکات کە هەندێ لە توندڕەوان لێی رازی نین.

دواجار چ لە سعوودیە بێت یان لە فەرەنسا شتەکان دەبێ بۆ بڕیاری کەسەکان جێبهێڵدرێ. ئەمە بۆچوونی شازادە بوو، گوتیشی: "تێکەڵبوون لە نەخۆشخانەدا کە ژن پیاوانی نەخۆش چارەسەر دەکەن یان بە پێچەوانەوە، بەشێکە لە ژیان. ئەمەش دواجار پەل دەهاوێت و هەموو بوارێکی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە".

شازادە دەرچووی بەشی وێژەی ئینگلیزییە لە زانکۆی شا سعود، ژنی وەزیری پەروەردە و فێرکردنی سعوودیەیە، دایکی پێنج منداڵیشە. زۆر شت لەو چیرۆکانەش فێربووە کە لە زاری باوک و باپیرییەوە دەربارەی ئازایەتی بیستوونی. ئەو لە ژیانی چینی باڵای کۆمەڵ لاتەریک نییە و حەزی لە گەشتی وڵاتانە تاوەکو لە پشووی زستاندا چێژ لە دیمەنی چیای ئەلپ وەربگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کاتی خۆی لە سعودیە بەسەردەبات. بە زۆریش بە چارەسەرکردنی ئەو دۆسیە کۆمەڵایەتیانەوە خەریکدەبێت کە لەوێ هەن، بە تایبەتی لەو سەنتەرەی کە خۆی بەڕێوەی دەبات سەنتەری (خدیجە بنت خویلد) کە یارمەتی ژنان دەدات بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری خۆیان.

رۆشنبیرێکی نزیکی دەربار دەڵێت، "شازادە عادیلە نوێنەرایەتی هیوا و ئایندەی سعوودییەکانە، بە ژن و پیاوەکانییەوە". ئەو پێیوایە عادیلە خان لە کۆمەڵگەی سعودی گەیشتووەو دەشزانێت چ رێیەکی بۆ گەشەکردن پێویستە. "ئەو دەتوانێت ئەو شتانەی بە نەریت قەدەخە کراون لەلایەک و بنەماکانی ئیسلام لەلایەکی دی، لە یەکدی جودا بکاتەوە. ئەو وەک باوکی وایە، کە رێی دا هەموو قوتابخانەکانی ئیسلام لە ئەنجوومەنی زانایاندا نوێنەریان هەبێت. ئەو لەو بڕوایەدایە کە دەتوانین باشترین شت بۆ خۆمان هەڵبژێرین".

عادیلە خان دەڵێت لە وڵاتێکدا کە زیاتر لە نیوەی دەرچووانی زانکۆی لە رەگەزی مێیینەن، ئەویش بە هەمان شێوەی باوکی هەوڵدەدات کۆمەڵگەی سعوودیە بەرەو پێش ببات "هەڵبەت چاکسازیش سنووری هەیە. بەڵام ئەزموونی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە ساڵی 2005دا، کە هەر تەنیا پیاوان تێیدا بەشدار بوون، دووبارە بوونەوەی نییە. ئیدی ژنانیش دەتوانن بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن".

شازادە لە هەڤپەیڤینەکەی رۆژنامەی (لۆ فیگارۆ)دا دەڵێت"زۆر لە یاساکان پێویستیان بە گۆڕانە". وەک چالاکڤانێک دەڵێت "خەبات بۆ راگرتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان و منداڵان دەکەم، لەمەشدا خاوەن شکۆ وموفتیی سعودیە پشتوانیم دەکەن".

شازادە لایەنێکی باری کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەی دەخاتەڕوو "بە زۆر بە شوودانی کچێکی تەمەن 18 ساڵان بە پیاوێکی پیر جۆرێکە لە توندوتیژی، بەڵام بە شودانی کچێکی تەمەن 12 ساڵان هەڵوەستە هەڵدەگرێت، چونکە ئەو کچە لەو تەمەنەدا مافی واژۆ کردنی گرێبەستی هاوسەریشی نییە". ئەو دەڵێت ئەگەر کەسوکاریش رازی بن، ئەو جۆرە بە شوودانە لەگەڵ لۆژیکدا یەک ناگرێتەوە،"ئێمە بایەخ بەم جۆرە شتانە و لەوانیش زیاتر دەدەین".

شازادە دانی پێدا دەنێت کە "ئێمە ناتوانین لە شەو و رۆژێکدا کۆمەڵگە بگۆڕین، بەڵام بواریش نادەین وەک بەرد رەق هەڵگەڕێ و لەگەڵ رۆژگاردا ببێتە قاڵبێکی ئایینی".





# ئەورووپا تورکیای نائومێد کرد

**رووداو - ئاژانسەکان**

حکومەتی تورکیا رایگەیاند کە بەرامبەر راپۆرتی ساڵانەی یەکێتیی ئەورووپا سەبارەت بە چاکسازییە نێوخۆییەکانی وڵاتەکەی بێ ئومێدە، بە تایبەتی سەبارەت بەو بڕگانەی هانی ئەنقەرە دەدەن کە هێزەکانی لە باکووری قوبرس بکێشێتەوە.

وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لەوبارەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە یەکێتیی ئەورووپا لەو راپۆرتەدا تەنیا لەیەک لایەنەوە تەماشای تورکیای کردووە، هەروەها شتی ناڕاست و چەواشەشی تێدایە. بەیاننامەکەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا دەڵێت کە راپۆرتەکەی یەکێتیی ئەورووپا توندیی بەرامبەر بە تورکیا تێدایە، سەبارەت بە هەڵوێستی لە پرسی قوبرس، کە تێیدا تورکیا داوا دەکا چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە هەمەلایەن بێت و لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوورگەکەدا مافی تورکەکانی قوبرس لەبەرچاو بگیرێ.

راپۆرتەکەی یەکێتیی ئەورووپا داوا دەکات تورکیا هێزەکانی لە باکووری دوورگەکە بکێشێتەوە و پرسی هاووڵاتیانی تورکی نیشتەجێی دوورگەکە چارەسەر بکات و رێ بە کەشتییەکانی قوبرسی یۆنانی بدات لە بەندەرەکانی تورکیادا لەنگەر بگرن. ئەوانەش لەلایەن تورکیاوە رەتدەکرێنەوە.

# بەلای سەرۆکی چیکەوە زەوی شینە نەک سەوز

**رووداو - ایلاف**

هەفتەی رابردوو، خانەی (الشروق)ی میسری بۆ وەرگێڕان، کۆپی وەرگێڕدراوی ئەو کتێبەی ڤاتسلاڤ کلاوسی سەرۆکی چیکی خستە بازاڕەوە کە ناونیشانەکەی دەڵێت "گۆی زەوی شینە نەوەک سەوز.. کامیان لەبەر هەڕەشەدایە کەشوهەوا یان ئازادی". ئەمە ئەو پەرتووکەیە کە لایەنگرانی تیۆری گەرمبوونی زەوی بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤەوە، تەواو تووڕە کردووەو هەندێک پێیانوایە ئەم مەلەکردنەی سەرۆکی چیک بەپێچەوانەی رەوتی رووبار تەنیا بۆ راکێشانی سەرنجەو بۆچوونەکانی هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە.



کلاوس لەو کتێبەدا پرکێشیی کردووە کە بەرەوڕووی بۆچوونی زانایانی بواری ژینگە ببێتەوە لەمەڕ گۆڕانەکانی کەشوهەواو تیۆری گەرمبوونی زەوی بەهۆی هەڵدانی لە رادەبەدەری گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن.

بەبڕوای زانایان، چالاکییە ئابووری و پیشەسازییەکانی مرۆڤ رۆڵێکی نێگەتیڤانەی بۆ سەر سروشت و ژینگە هەبووەو بەوهۆیەوە ئایندەی مرۆڤایەتی کەوتووەتە بەردەم مەترسی، بۆیە داوادەکەن هەرچی زووە رێوشوێنی بەپەلە بگیرێتەبەر بۆ رزگارکردنی گۆی زەوی لەو مەترسییە. ئەم تیۆرە لەسەر ئاستی جیهان تادێت لایەنگرانی روو لەزیادبوون دەکەن و گوشار دەخەنە سەر دەوڵەتە پیشەسازییەکان تاوەکو بەسیاسەتی ئابووری و پیشەسازیی خۆیاندا بچنەوە.

ڤاتسلاڤ کلاوس بەهۆی ئەم کتێبەیەوە کە پێچەوانەی ئەو زانیارییانەمان پێدەڵێت، لەلایەن لایەنگرانی ژینگەوە بەرەوڕووی لێشاوێک لە هێرش و رەخنەی توند بووەوە.

کلاوس، هەفتەی رابردوو بەبۆنەی دەرچوونی چاپی عەرەبیی کتێبەکەی، لەقاهیرەوە رایگەیاند کە ئەو تۆمەتانەی بەرەوڕووی کراونەتەوە بێ بنەمان، گوتیشی کە دەرچوونی چاپە چیکییەکەی کتێبەکەی ئەو لەساڵی 2007 هەروا بە رێکەوت نەبووەو بێ بیرکردنەوەو ئامادەکاری و لێکۆڵینەوە، ئەو کتێبەی نەنووسیوە.

کلاوس دەڵێت "ئەو هیستریایە لەبارەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی گۆی زەوی هیچ پەیوەندییەکی بە کەشوهەواوە نییەو لە راستیدا پەیوەندی بەهیچ شتێکەوە نییە". بەبڕوای ئەو، ئەم هەڵمەتە لە دژی پیشەسازی پەیوەندی بە بێ متمانەییەوە هەیە بەرامبەر داهێنانەکانی مرۆڤ و توانای خۆگونجاندنی و هەروەها بێ متمانەیی بە دیموکراسی و بازاڕو دەوڵەت و سیاسەت و سیاسەتڤانان و حیکمەتی پسپۆڕان.

هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو ناکۆکیەی ئێستا لەبارەی زیادبوونی پلەکانی گەرمای گۆی زەوی، یان ئەوەی پێیدەگوترێ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا هاتووەتە ئارا، وەکو گوڕەپانێکی نوێی مشتومڕە بێ کۆتاییەکانی لێهاتووە لەبارەی ئازادی و گرنگی ئازادی بۆ کۆمەڵگەکان، گوتیشی "ماوەیەک لەمەوبەر ئەوەمان بەچاوی خۆمان بینی کە چۆن لایەنێکی ئەو ململانێیە هەوڵی دەدا بەسەر ئەوانەدا سەربکەوێ کە ئازادیان بەبنەمای ئایندەی مرۆڤایەتی دادەنا".

بەبڕوای ئەو، ئەو هەوڵە لە کۆنگرەی کۆپنهاگندا درا کە ئامانجەکەی راگرتنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی نەبوو کە هەر لەبنەماوە راوەستاوەو لەوە زیاتر بەرز نەبووەتەوە، بەڵکو ئامانجەکەی راگرتنی گەشەی ئابووری و خۆشگوزەرانییە بەتایبەتی لە وڵاتانی کەم پەرەسەندوودا کە بۆ باشترکردنی باری ئابوورییان بەخۆکەوتوون.

کلاوس پێیوایە کە ئەوەی لەبەر هەڕەشەو مەترسیدایە ئازادییەکانی مرۆڤە نەوەک ژینگە، بۆیە وڵاتانی ئەفریقیایی و ئەمریکای لاتین و ئاسیا کە هێشتا لەسەرەتای گەشەکردندان، پێویستە بەتووندی بەرەوڕووی ئەو یاریکردنە بەعەقڵ ببنەوە.

جێی سەرنجە ئەو لێکۆڵەرانەی تیۆری گەرمبوونی زەوی رەتدەکەنەوە، لایەنگرانی تیۆرەکە بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بەهەموو شێوەیەک دژایەتیان دەکەن و رێگەیان پێ نادەن توێژینەوەکانیان لە گۆڤارە زانستییە جیهانییەکاندا بڵاوبکەنەوە.



لەسەر پەلاماردانی ئافرەتێکی هاوڕێی

# کۆنگرێسی نیویۆرک سیناتۆرێک دەردەکات

**رووداو - نیویۆرک تایمز**

لەسەر ئەوەی پەلاماری ئافرەتێکی هاوڕێی داوە، ئەنجوومەنی پیرانی سەر بە ولایەتی نیویۆرک، سیناتۆرێکی سەر بە دیموکراتەکانی لەپۆستەکەی لادا.

رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) لەوبارەوە بڵاویکردەوە کە کۆنگرێسی نیویۆرک، بەزۆرینەی دەنگی 53 ئەندام لە بەرامبەر 8 ئەندامدا، دەنگی بۆ دوورخستنەوەی سیناتۆری دیموکراتی هیرام مۆنسیرات دا، ئەم رووداوەش لەماوەی نزیکەی یەک سەدەی رابردوودا بەیەکەمین رووداوی لەوجۆرە دادەنرێ.

مۆنسیرات لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوو قۆڵی کچە هاوڕێیەکەی گرتووەو بە راڕەوی شوقەکەی خۆیدا رایکێشاوە.

وەکو رۆژنامەکە دەڵێت، دیموکراتەکان بەجیاوازیی تەنیا دوو ئەندام زۆرینەی ئەنجوومەنی پیرانی ولایەتی نیویۆرکیان پێکهێنابوو، بۆیە دەرکردنی مۆنسیرات کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر تێکچوونی هاوسەنگییەکەو ئێستا ئەو ئەنجوومەنە لەنێوان 31 دیموکراتی و 30 کۆماریدا دابەشبووە. شیکارانی سیاسی ترسی خۆیان لەوە نەشاردەوە کە ئەم تێکچوونی هاوسەنگییە ببێتە هۆی ئەوەی ولایەتی نیویۆرک نەتوانێ پابەندبێت بەدوایین وادەی پێشکەشکردنی بودجە کە 31ی ئاداری داهاتووە.

مۆنسیرات لەلێدوانێکی زۆر کورتدا لەبەردەم بارەگای کۆنگرێس پێش دەنگدانەکە، گوتی ئەوەی ئەو کردوویەتی شایانی سزای دەرکردن نییە.



# هەڵبژاردن کێشە دەخاتە نێو کەپڵەکانەوە



لەنیا مەحموود
ڕووداو-سلێمانی

چاوان. ێ، 19 ساڵ، بڕیاریداوە ئەگەر کەپڵەکەی دەنگ بەو لیستە نەدات کە ئەو دەیەوێ، ئەوا سزای دەدات "بەوە سزای دەدەم بۆ ماوەیەکی دوور ژووانی لەگەڵ ناگرم و بەقسەی ناخۆش داخی دڵی خۆمی پێ دەڕێژم".

چاوان نمونەی سەدان کچی سلێمانییە کە خۆشەویستییەکەیان تێکەڵی سیاسەت کردووەو دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە دەنگ بۆ ئەو لایەنە کۆبکاتەوە کە پێی خۆشە لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دا براوەبێ.

شاری سلێمانی، جارێکی دیکە بۆ کێبرکێ و ململانێیەکی گەرمی هەڵبژاردنەکان خۆی ئامادە کردووەتەوە، لەم شارەدا سیاسەت تێکەڵی هەموو ئاست و بوارەکانی ژیان بووە. ئاسان نییە شوێنێک لەم شارە بدۆزیەوە ململانێی سیاسی تێنەکەوتبێ، ململانێیەکە لەنێو کچان و کوڕانی ئەو شارەدا بەشێکی دیکەی نەبینراوی ململانێیەکەیە.

ئاراس ساڵح، 22 ساڵ، یەکێکە لەو گەنجانەی گیری خواردووە بەدەست کچە خۆشەویستەکەیەوە، کە ئامادە نییە دەنگ بەو لیستە بدات خۆی دەنگی پێدەدات، بەڵام خۆشەویستەکەی هەرگیز بەو داوایە ڕازی نییەو خۆی یەکلایی کردووەتەوە. ئاراس بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو زۆر کەللە ڕەقە بەهیچ شتێک نایێتە سەر هێڵ". ئەو نایشارێتەوە فێڵی زۆریشی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی ڕازی بکات، بەڵام سوودی نەبووە "پێمگوتووە دەنگ بدات بەو لیستەی من دەمەوێ، زنجیرێکی ئاڵتونی بۆ دەکڕم، بەڵام لەوە ناچێ ئەوەش سەر بگرێ".

لەنێو دنیای خۆشەویستی گەنجاندا، بڕیارەکان زۆرجار متمانەیان پێناکرێ، هێندێ جار ئەوان مامەڵە لەگەڵ شتە ڕووکەشەکاندا دەکەن و بڕیارێک دەدەن هیچ کات خۆیان بۆ ئامادە نەکردووە، لەسەروەختی هەڵبژاردنیشدا کەم نین ئەو گەنجانەی خۆشەویستەکانیان بۆیان دیاری دەکەن دەنگ بە کام لایەن بدەن. گۆران جەلال، 23 ساڵ، یەکێکە لە دەنگدەرە دوودڵەکان، چونکە تائێستا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە دەنگ بە کام لیست بدات بەڵام "شێوەی هەر کچێکی کاندید لەنێو لیستەکاندا، لەو کچە بچێت کە خۆشمدەوێ، ئەوا بێ سێ و دوو دەنگی پێدەدەم". ڕەنگبێ گۆران بۆیە وا بڵێ تاوەکو لای خۆشەویستەکەی خۆی شیرین بکات.

ئەمەلیش لەنێوان سێ کوڕدا کە ئێستا بەڵێنی پێداون خۆشەویستیان لەگەڵ بکات، وایداناوە هەر کامیان دەنگ بەو لیستە بدات کە ئەو دەیەوێ، ئەوا ئەو کەسە هەڵدەبژێرێ بۆ خۆشەویستی لەگەڵ کردن. ئەمەل فەرەج، 21 ساڵ گوتی "تائێستا یەکێکیان بەڵێنی پێداوم، ئەگەر ڕاست بکات ئەوا خەڵاتەکە بۆ ئەو دەردەچێ".

کەپڵەکان لەپێناو گەیشتن بە مەرامەکانیان قوربانی بە حیزبەکانیشیان دەدەن. یاسین عارف، 24 ساڵ، بۆ دەستکەوتنی ماچێک لە کچە خۆشەویستەکەی، بەڵێنیداوە دەنگ بەو لیستە بدات، کە خۆی حەزی لێناکات، چونکە کەپڵەکەی داوای لێکردووە "دوو ساڵە پەیوەندیمان هەیە، بەڵام تائێستا ماچێکی پێنەداوم، ئێستا دەڵێ دەنگ بە هاوپەیمانی بدە ماچت دەدەمێ. منیش لێی ناوەستم دەنگ دەدەم بەو لیستە، تاوەکو تێر ماچی بکەم".

هەنسک بۆتانی، بێزاربووە لەهەڵبژاردن و دەڵێ "لەهەڵبژاردنی پێشوودا خۆشەویستەکەم لێم جیابووەوە"، هۆکاری جیابوونەوەکەشیان ئەوەبووە، کەپڵەکەی داوای لێکردووە دەنگ بەو لیستە بدات کە ئەو دەیەوێ، بەڵام هەنسک بە قسەی نەکردووە، ئەویش لەداخان لێی جیابووەتەوە.

**کوڕێک: کچە خۆشەویستەکەم دەڵێ دەنگ بە لیستە دڵخوازەکەی من بدە ماچت دەدەمێ، منیش لێی ناوەستم و دەنگ دەدەم بەو لیستە، تاوەکو تێر ماچی بکەم**

# عاشقێن دهۆکێ شنی ب ڤالانتاینێ دحەسن

عەبدوللا نهێلی
ڕووداو-دهۆک

گەنج و عاشقێن دهۆکێ دوو و سێ سالە ئاگەهداری ڕۆژا ڤالانتاینێنە، هندەک گەنج ساخکرنا ڤێ ڕۆژێ ب پێشکەفتن دزانن و هندەکێن دن ژی وەکو چاڤلێکرنا بیانیان ددانن، دووکاندارێن بازارێ گول فرۆشێن دهۆکێ ژی دیاردکەن کو ئەڤ سالە ژ هەمی سالێن دی گەرمترە.

"خودان دەزگرم و پتر ژ هەیڤەکێ یە دگەل هەڤالا خۆ بەحسێ ڕۆژا ڤالانتاین دکەین و ل هیڤیا ڤێ ڕۆژ ێینە، داکو گولەکێ پێشکێشی وێ بکەم"، جەعفەر هشیار، تەمەن 19 سالی، ل دووکانێن گول فرۆشان ل بازارێ دهۆکێ گولەکا سۆر ددەستی دابوو، بگرنژینڤە دبێژیت "ب خودێ دوو سالە من ئاگەه ژ ڕۆژا ڤالانتاینێ هەی، ئەو ژی برێکا دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ مە پێ زانی ئەو چییە".

وەکو پێزانینێن دروست لسەر ڤالانتاین جەعفەری چ پێزانینێن وەسا نەبوون و دبێژی "ما چ بێژم؟ هەما ئەز دزانم دڤێ ڕۆژێدا عاشق گولا بۆ دەزگرێن خۆ دبەن و، چ پێزانینێن دی من نینن".

ل سالێن دووماهیێ چەرخێ سێ یێ میلادی و لوی سەردەمێ کلادیوس کاسولیکیە دبن حکومێ ئەمبراتوریا ڕومانیا دژیان، ژبەرگرانیا شەری ژن ئینان هاتبو قەدەخەکرن، بەلێ قەدیس فالانتاین ب بەرزەیڤە کچ و کوڕ لێک ماردکرن، ژ بەر هندێ پشتی کو ئەو هاتە سەر ژێکرن، ئەو ڕۆژ بناڤێ وی وەک جەژنا عاشقان هاتە بناڤکرن.

کچەکا تەمەن 22 سالی، کو قوتابیا زانکویێ یە گرنگیدان بڤان ڕۆژێن جیهانی و ب تایبەتی ڕۆژا ئەڤیندارا ب پێشکەفتن دبینت و دبێژی "مە وەک گەلێ کورد گەلەک نەخۆشی و دەردەسەری دیتینە، لەورا هەتا نووکە ئەم د پا شکە فتینە

دهندەک مەسەلاندا، ئێک ژواناژی ڤالانتاینە، وەکو دهۆکێ زانینا ڤێ ڕۆژێ گەلەکا نوویە، چەند سالەکە کچ و کوڕێن مە زانییە کو ئەڤ ڕۆژەژی هەیە".

هەلبین جەمال، تەمەن 19سالی، دوو سالان بڤێ هەلکەفتێ گول پێشکێشی خوشتڤیێ خۆ کرینە و ئەڤسالە ژی گولەک دروستکریە بۆ ڤێ ڕۆژێ و دبێژی" گەلەک خۆشە دەمێ دڤێ ڕۆژێدا گولەکا سۆر پێشکێشی هەڤالێ خۆ دکەم، چونکە ڕۆژەکا تایبەت دبینم"، گۆتژی "دوو سێ سالە من ئاگەە ژ ڤێ ڕۆژێ بووی، بەلێ زۆربەیا هەڤالێن من ڤان ڕۆژان پشتی ل چەند دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ بەحسێ ڤێ ڕۆژێ کری شنی زانیە ڕۆژا ڤالانتاین چییە".

یاسین سابیر دووکاندارەکێ گول فرۆشە ل بازارێ دهۆکێ پەسنا ئاخفتنا هەلبینێ کرو دبێژی" هەتا بەری دوو سالان مە ئاگەە ژڤێ ڕۆژێ نەبوو، بەلێ ئەڤە دوو سالە و بتایبەتی ئە سالە گەلەک گەنج دهێن گولا دکرن". هەروەسا گۆت" زیدەتر کچ گولا دکرن، ب نهێنیڤە دکەنە دچەنتێن خۆدا".

ڤەکۆلەرەکێ جڤاکی ساخکرنا ڕۆژا ڤالانتاین ب چاڤلێکرنەکا نیگەتیف دبینیت و دبێژی "بلا جڤاکێ مە چاڤلێکرنا پێشەسازی و گرنگیدان ب ژڤانا و کارێن باشێن وەلاتێن بیانی بکەت، نەکو چاڤ ل ساخکرنا ڕۆژا ڤالانتاین بکەت، چونکە ئەڤە دیاردەکا نەباشا جڤاکی یە".

چەند ڕۆژەکە هندەک دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ ڕێکلامێ بو گێرانا ئاهەنگان بڤێ هەلکەفتێ دکەن، عەبدولجەبار عەبدولرەحمان ڤەکۆلەرێ جڤاکی ئەڤێ چەندێ ب خاپاندنا گەنجان دبینیت و دبێژی "ئەڤ دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ گەنجان ب ڕۆژا ڤالانتاینێ دخاپینن، داکو گەنجی هایش ژ مافێ خۆ نەبیت و داخازا مافێن خۆ نەکەت".



## گلۆبالیزم ڤالانتاینی گۆڕی

بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان، قەشەیەک بەنێوی ڤالانتاین، لە کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زایینیدا، لە یەکێک لە هەرێمە ڕۆمانییەکان، بەپێچەوانەی فەرمانەکانی ئیمپراتۆر کلۆدیۆس کوڕو کچانی هاندەدا بۆ هاوسەرگیری. ئیمپراتۆر دژی هاوسەرگیری گەنجان بوو، چونکە پێیوابوو کە ژنهێنان وادەکات سوپاکەی بەبێ سەربازی بەهێز بمێنێتەوە، چونکە ژنهێنان گەنجان تەمبەڵ دەکات، بۆیەش بڕیاریدا هاوسەرگیری لەو هەرێمەدا قەدەخە بکات. بەڵام قەشە ڤالانتاین بێ گوێدانە ئەو فەرمانە گەنجانی بە نهێنی لە ئەشکەوتەکاندا لێک مارەدەکردن. بۆیەش ئیمپراتۆر کە پێی زانی دەستگیری کرد و خستییە زیندانەوە، بەڵام ئەو لە زیندان دا خۆشەویستی لەگەڵ کچە کوێرەکەی پاسەوانی زیندانەکەی دەست پێکرد و، بەهۆی بەهێزی عەشقەکەی چاوەکانی چاککردنەوە. ڤالانتاین لە 270/2/14 بەردباران کراو سەری لێکرایەوە. دوای ئەوەی حوکمی ڕۆما بووە حوکمێکی ئایینی مەسیحی، پشووی بەهاری ڕۆمانی لە 15ەوە کرایە 14ی شوبات و ناوەکەی کرایە ڕۆژی ڤالانتاین. بەڵام لەساڵی 1969 دا پاپا پۆلسی شەشەم لە ڕۆژە پشووەکانی ڕۆژژمێری مەسیحی لایدا، بەڵام وەک ڕۆژی خۆشی ئەڤینداران مایەوە. بەهۆی جیهانگیری (گلۆبالیزەیشن)ەوە ڕۆژی ڤالانتاین سیمبول و هێما ئایینییەکەی لەدەستدا و بووە ڕۆژێکی خاوەن مانایەکی دیکە وەک ڕۆژی خۆشەویستی و عاشقان.

# عاشقان لە ڤالانتایندا دڵ دەگۆڕنەوە

# "عەشق مردووە"



بەهرە سدیق
bahra__088@yahoo.com

ڕووداو - هەولێر

ڤالانتاین بۆ شالاو سەعیدی 26 ساڵ، "ڕۆژێکی پیرۆزە"، بۆیە داوا لە گەنجان دەکات لەو ڕۆژەدا دڵی خۆیان پێشکێشی یەکتر بکەن، بۆ خۆشی هەر ئەو بڕیارەی داوە "دڵی خۆم پێشکێشی خۆشەویستەکەم دەکەم، چونکە جوانترین دیارییە".

2/14 کە بە ڕۆژی خۆشەویستی یان ڤالانتاین نێودەبرێ، بەلای گەنجانەوە جێی بایەخەو لەو ڕۆژەدا بە گوڵی سوور خۆشەویستەکانیان بەسەر دەکەنەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ یادکردنەوەی بۆنە جیهانییەکان لە کوردستان زیاتر پەرەدەستێنن. لە ڕۆژی ڤالانتاین بەشێک لە گەنجان ڕۆژەکە دەکەنە ڕۆژی گەرمکردنی پەیوەندییە خۆشەویستییەکانیان. ئومێدئەنوەر، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە تێکەڵبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بە بە جیهانی دەرەوە هۆکاری سەرەکی ئەو یادکردنەوانەن. بەڵام ئەو توێژەرە ڕەخنە لە گەنجان دەگرێت کە تائێستا نازانن ڤالانتاین مانای چییە، نمونەی بەوە هێنایەوە کاتێک لە میدیاکان باسی ڤالانتاین دەکرێت لە بابەتی خۆشەویستی نێوان کوڕو کچ دەردەچن و تێکەڵ بە خۆشەویستی خێزان و هاوڕێیەتی دەکەن "خۆشەویستی هەستێکە لەلایەن کچ و کوڕ پەیدا دەبێت و مەرج نییە لەکۆتاییدا ببنە هاوسەر، لەوانەیە دوای چەند ساڵێک خۆشەویستی بۆیان دەرکەوێت کە لەگەڵ یەکتر ناگونجێن".

لارا، 22ساڵ، قوتابی کۆلێژی ئابوری و کارگێڕی زانکۆی سەلاحەددین، نەیدەتوانی پێناسەی خۆشەویستی بکات، بەڵام بە جوانترین وشەی دادەنا "(خۆشمدەوێ) خۆشترین وشەیە، جوانترین دیاریش گوڵێکی سوورە لە ڕۆژی ڤالانتاین دا".

لەبەر ئەوەی گوڵی سوور بووەتە نیشانەی خۆشەویستی، عاشقان لە ڕۆژی ڤالانتاین گوڵی سوور پێشکێشی یەکتر دەکەن، ئەوەش وایکردووە لەو ڕۆژەدا بازاڕی گوڵفرۆشان زۆر بە هەرمێن بێت.

ئاراس نوعمانی، خاوەنی پێشانگەی سیما لەبازاری قەیسەری هەولێر، باس لەوە دەکات، لە ڕۆژی ڤالانتاین گەنجان ڕوو لە دوکانەکان دەکەن بۆ کڕینی گوڵی سوورو دیاری بۆ خۆشەویستەکانیان بەمەرجێک سوور بێت، زۆر هاوسەریش دیاری بۆ یەکتر دەکڕن "کچان و کوڕان بەیەک ئاست ڕوو لە دوکانەکان دەکەن بۆ کڕینی دیاری، لەو ڕۆژەدا".

زۆرجارخۆشەویستی لە نیگایەکەوە دەستپێدەکات و کاتێک گەنجان هەستی پێدەکەن نقومی داوی خۆشەویستی بوون و ئەگەر بزانن هەڵەشن ناتوانن وازی لێ بێنن، بۆیە ئومێدی توێژەر داوا لە گەنجان دەکات کەسی گونجاو هەڵبژێرن "چونکە داوی خۆشەویستی بە ئاسانی لێتنابێتەوە".

ئەگەر ڤالانتاین بۆ زۆر لە گەنجان جێگەی بایەخپێدان بێ، بەڵام هەندێ گەنجیش هەن نەک باوەڕیان بەو ڕۆژە نییە، بەڵکو باوەڕیان بە خۆشەویستیش نییە". یوسف ئەحمەد، 25 ساڵ، هەرچەندە چاوەڕێی ئەوە دەکات ڕۆژێک کچێک پێی بڵێت "خۆشمدەوێ"، بەڵام پێیوایە ئەو یادانە لەنێو کۆمەڵگەی کوردی قبوڵ نین و یوسف خۆیشی باوەڕی بە عەشقی ئێستا نەماوە "بە عاشقان دەڵێم دەست لە خۆشەویستی بەردەن، ئێستا ڕاستی نەماوە، مردووە".



# كۆمپانیای نالیا غەدرمان لێدەكات

## بۆ بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان

ئێمە زیاتر لە 80 خێزانین ژمارەی ئەندامی خێزانەكانمان لەسەرووی 400 كەسەوەیە، بە هەموومانەوە خاوەنی 78 دۆنم زەوی بووین لە بناری گۆیژە ( 139 / 173 مەڵكەندی-دەباشان). شارەوانی سلێمانی بەپێی یاسا دەبووایە بە 20% قەرەبوومان بكاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی كۆمپانیای نالیا هەمووی بە تاڵان برد، تەنیا بە 12% قەرەبوو كراینەوە. 30 پارچە زەوی 800 مەتریمان بەركەوت و كراوەتە سورەت قەید و هەموو كارێكی یاساییمان بۆ كراوە، ئێستا كۆمپانیای نالیا كە هەموو دەزانن كێ لە پشتییەوەیەتی و، لە سلێمانی بە زووحاكی میللەتی كورد ناسراوەو هەموو زەوییەكانی سلێمانی قووتدا، دەیەوێ ئەو بستە قەرەبووانەشمان داگیر بكات.

ئێمە خەڵكێكی تێكۆشەرین و شەهیدێكی زۆرمان بۆ ئەو سەربەستییەی كوردستان داوە، قبوڵی ناكەین كۆمپانیای نالیا سیاسەتی داگیركاری بەعسمان بەرامبەر بكات، وەك بەرامبەر بێدەسەڵاتەكانی سلێمانی كردوویەتی. هەموومان سوێندمان خواردووە بە لاشەی خۆمان و ئافرەت و منداڵمان بەرگری لە زەوییەكانمان بكەین و، هەموو میدیاكانی كوردستان و دەرەوەی كوردستان ئاگادار كراون و چاوەڕوانی بەدواداچوونی ئەو ڕووداوە دەكەن.

جا بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، پێش ئەوەی نالیا لە سلێمانی بمانكوژێ، فریامان بكەون و بە دەنگمانەوە وەرن، ئێمە زەوییەكانمان بەجێناهێڵین و لە مانگرتن بەردەوام دەبین.

بەناوی هەموو خاوەن زەوییەكانی بناری گۆیژە

1- تەها محەممەد ئەمین، ژمارەی مۆبایل: 0771587900
2-فەتاح محەممەد ئەحمەد ژمارەی مۆبایل: 07701559326
3-جەمال محەممەد سەعید ژمارەی مۆبایل: 07701527938
4-بورهان محەممەد ژمارەی مۆبایل: 07701584108

**وێنەیەك بۆ بەڕێزان:**
**سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی كوردستان.**

## چەند هاووڵاتییەك سكاڵا لە سەر كۆمپانیای نالیا و شارەوانی سلێمانی تۆمار دەكەن

# كۆمپانیای نالیا: دادگا ئەو كێشەیە یەكلایی دەكاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

نزیكەی 80خێزانی دانیشتووی شاری سلێمانی، سكاڵایەك لەسەر كۆمپانیای نالیا و شارەوانی سلێمانی تۆمار دەكەن و بە "داگیركردن"ی زەوییەكانیان تۆمەتباریان دەكەن و هەریەك لەشارەوانی سلێمانی و كۆمپانیای نالیاش ڕەتیدەكەنەوە كە زەوی ئەو جوتیارانەیان داگیركردبێ.

ئەو خێزانانە سكاڵانامەیەكیان ئاراستەی هەر یەك لە سەرۆكی هەرێمی كوردستان و سەرۆكی حكومەت و جێگری سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان كردووە و داوا دەكەن چارەسەرێكیان بۆ بدۆزنەوە.

بورهان محەممەد، یەكێك لەو هاووڵاتییە سكاڵاكارانە گوتی "ئێمە بە 12%ی زەوییەكانمان قەرەبوو كراینەوە،بەڵام ئێستا كۆمپانیای نالیا ئەو 12%یەشی داگیركردووەو دەیەوێت بیكاتە پرۆژە". بورهان گوتیشی "لە دادگا سكاڵامان تۆماركردووەو چاوەڕوانی وەڵامین".

تەها محەممەد ئەمین، هاووڵاتیەكی دیكەی سكاڵاكارەو دەڵێ "شارەوانی سلێمانی لەبەرامبەر كۆمپانیای نالیا بێدەنگەو كۆمپانیای نالیاش دەیەوێت بەشە قەرەبووەكەمان بخوات، كە مافی خۆمانە بەپێی یاسا و وەك قەرەبوو وەرمان گرتووەتەوە". تەها گوتیشی " لە بستێكی خۆش نابین".



لە كاتی كاركردنی كۆمپانیای نالیا لە بناری گۆیژە

شاسوار عەبدولواحید، بەڕێوەبەری كۆمپانیای نالیا، نیگەرانی خۆی لە شێوازی سكاڵاكە دەردەبڕێ و دەڵێ هەمووی تەشهیرە بەرامبەر بەكۆمپانیای نالیا. شاسوار عەبدولواحید دەڵێ "كۆمپانیای نالیا تەرەف نییە لەو مەسەلەیەدا و ئەو كێشەیە زیاتر لای شارەوانی و دادگایەو ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە زەوی لەخەڵك وەربگرین و بیكەینە پرۆژە، ئێمە لەلایەن حكومەتەوە داوامان لێكراوە پرۆژەیەك ئەنجامبدەین و ئەو كێشەیە پەیوەندی بە دادگاوەیە تاوەكو ساخی بكاتەوە ئەو زەوییانە چۆنن".

خەسرەو كەمال، سەرۆكی شارەوانی سلێمانی ڕەتیكردەوە ئەو زەوییانە داگیركرابن و دەڵێ لە (بەهەشتی شار) قەرەبوویان دەكەینەوە، گوتیشی "ئەو پرۆژەیەی كە داوامان لەكۆمپانیای نالیا كردووە ئەنجامی بدات، پرۆژەی فراوانكردنی ناوچەی سەوزاییە لە شاری سلێمانی و ئەو هاووڵاتیانەش لە نزیك خۆیان لە بەهەشتی شار، قەرەبوو دەكرێنەوەو مافیان ناخورێ". بەڵام بورهان محەممەد دەڵێ "ڕازی نابین لەشوێنێكی دیكە قەرەبوومان بكەنەوە".

# ئەگەر فریام نەكەون خۆم دەكوژم

**نامەیەكی كراوە بۆ بەرپرسان**
**سەرۆكی دیوانی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان**
**پەرلەمانی هەرێمی كوردستان**
**ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ**
**بابەت: سكاڵاو ئاگاداركردنەوە**

من ناوم (مەسعود سلێمان بابەكر)ـە لە ڕۆژی 2006/2/22 لەلایەن دادگای تاوانی هەولێر و دادوەری بەڕێزەوە بۆ ماوەی 8ساڵ سزادرام.

بەڕێزان من كێشەم لەگەڵ دادگا نییە، بەڵكو كێشەم ئەوەیە لەلایەن دوو كارمەندو چاودێری گشتی و چاودێری هۆڵەكەم ئازاری دەروونی دەدرێم و دژایەتی دەكرێم و مافم پێشلدەكرێ و دەنێردرێمە ژووری تەنیایی.

بەڕێزان كارەساتەكە لێرەدایە چاودێری گشتی تیرۆرستەكەی شەقلاوەیە كە 35 كورە كوردی شەهید كردووەو، ئەویتریشیان بازرگانێكە لەسەر مادە بێهۆشكەرەكان گیراوە، ئەویش هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ تیرۆریست. منیش كە كوڕە شەهید و دوو مامم شەهیدە، لەلایەن چاودێری گشتی و چاودێری هۆڵەكەم و دوو كارمەندی بەندیخانەی هەولێر ئازاری دەروونیم دەدرێ و دژایەتی دەكرێم و مافم پێشێل دەكرێ، بۆیە ئەگەر بەهانامەوە نەیێن ناچار دەبم بەكارەبا كۆتایی بە ژیانی خۆم بێنم.

لە كۆتاییدا هاوكاری ئێوە جێگەی ڕێزو سوپاسە

**مەسعود سلێمان ئەبابەكر**
**بەندكراو لە زیندانی محەتتەی هەولێر**
**2010/2/6**

# دەربەندیخان تاڵیبانی لێ نییە...!

**بابان ئەنوەر**
**دەربەندیخان**

ماوەی چەند شەوێكە لە شارۆچكەی دەربەندیخان پۆلیس و ئاسایش و دەزگا ئەمنییەكان شەوانە بێ هیچ بیانوویەك بە تفەنگ و دەمامكی ڕەشەوە لەسەر شەقام و كۆڵانەكان و فلكەو شوێنە گشتییەكان دەبینرێن كە دەبنە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیان، من لێرەدا نامەوێ باسی چۆنیەتی هەڵسوكەوتی برایانی دەزگا ئەمنییەكان بكەم لەگەڵ هاووڵاتیاندا كە دوور لە سیمای شارستانی و مەدەنی ڕەفتار دەكەن و بە شێوازێكی زۆر ناشرین دەپرسن (تۆ كێیت..؟)، باشە من دەبێ كێ بم تا تۆ پێت باشەو دەبێت كێ نەبم كە جەنابت پێت خراپە.

بەهەرحاڵ پێدەچێت ئەوە تەنها هەڵسوكەوتی شەخسی بێت و ئەو بەڕێزەی كەوا قسە دەكات هەر خۆی كەسایەتی وابێت و دووربێت لە ئامانجی دەزگا ئەمنییەكانی ئەم شارە، كەئەمەشیان هەر نابێ چونكە ئەو دەزگایانە دەبێ خەڵكانێك بنێرنە نێو بازاڕ كە فێریان بكەن چۆن مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیاندا بكەن، چونكە ئەوانە دواجار نوێنەرایەتی دەسەڵاتێك دەكەن كە پێیدەوترێت حكومەت، حكومەتیش لەهەندێ شوێن بە باوكی میللەت ناودەبرێت.

من دەپرسم باشە شارێكی وەك دەربەندیخان چ پێویستی بەوەیە تۆ بە تفەنگ و دەمامكی ڕەشەوە سەرجەم ئۆتۆمبێلەكان ڕابگری و دواتر كە ڕۆژ بووەوە لە ڕاگەیەندنەكانەوە وەك چالاكی هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش لە شەودا بەخەڵكی بفرۆشیتەوە، یان كە تۆ لەپێناو ئارامی و ئاسایشی وڵاتدا خزمەتی هاووڵاتیان دەكەی چ پێویست بەوە دەكات سەروچاوت داپۆشی و دەمامك لە سەر بكەی بۆ ئەوەی خەڵك نەتناسێتەوە. لەڕاستیدا ئەمانە نەك چالاكی نین بگرە لە خۆڵكردنە چاوی خەڵك و خەڵك فریودان زیاتر هیچی دیكە نییە. ئاخر تائێستا كێتان دیوە لەو بازگە كاتیانەی شەواندا بگیرێت. كاكی پۆلیس من تاوانبار بم و بتوانم تاوان بكەم بێگومان دەشتوانم بە جادەی قیردا نەڕۆم. باشە بەڕێزتان كە شەوانە بە تفەنگ و دەمامكی ڕەش و بە زمانە پۆلیسییەكەی خۆتەوە دەپرسی تۆ كێیت و لە كوێوە هاتووی بە درۆ خستنەوەی هەموو ئەو هەواڵانەی بەرپرسانی سەرو خۆت نییە كە دەڵێن كوردستان لە بارودۆخێكی زۆر ئارامدایە. جاران ڕژێمی ڕووخاوی بەعس بازگە كاتییەكانی بۆ پێشمەرگە دادەنا ئەی ئێستا تۆ بۆ كێ؟ بەداخەوە هەموو ئەمانەی كە باسم كرد جگە لەوەی سیمایەكی قێزەون و ناشرین دەبەخشێتە شار، دووبارەكردنەوەی هەمان كولتوری ڕژێمی بەعسی ڕووخاوە، بۆیە تكایە با هەموومان هەوڵدەین كۆمەڵگەی كوردی سەرجەم ئاسەوارەكانی ڕژێمی بەعسی تێدا بسڕێتەوە و لە كۆمەڵگەیەكی عەسكەرتاریەوە بیكەینە كۆمەڵگەیەكی مەدەنی. با پێكەوە چاوێك لە وڵاتانی ئەورووپا بكەین، كە لەسەر شەقامەكان لە بری پیاوە چەكدار و دەمامك لەسەر و تفەنگ بە دەستەكان هونەرمەند و مۆسیقاژەنەكان دەبینرێن. ڕاستە ئێرە ئەورووپا نییە، بەڵام خۆ دەكرێ بڵێین ئەفغانستانی سەردەمی تالیبانیش نییە.

kurdbaban@yahoo.com

## سەركردە نییە

لە ژمارە (96)ی (ڕووداو)دا مەحمود ڕەزا ئەمین وەك سەركردەیەكی گۆڕان ناسێندرابوو، ڕاستییەكەی ئەو هەڵسوڕاوێكی گۆڕانە نەك سەركردە.

**ڕووداو**




# چاومان لە ئێوەیە



ماڵی ئێمە لە شارۆچكەی شەقڵاوەیە، پێنج سەر خێزانین و كرێچین، سەرباری هەموو ئەمانەش یەكێك لە كۆرپەڵەكانم بە ناوی (محەممەد) تووشی نەخۆشییەكی زۆر ترسناك بووە، كە ئەویش نەخۆشی ئیفلیجبوونی گشتییە (شلل عام)ـە تادێت جەستەی لاواز دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ناتوانین داوودەرمانی پێویستی بۆ دابین بكەن، چونكە سەرچاوەیەكی داهات شك نابەین و، بێ مووچەم.

ماوەی پێنج مانگە كرێی خانووەكەم نەداوە، نازانم ڕوو لە كوێ بكەم، خۆزگە دەخوازم خێرخوازان و بەرپرسانی ئەم وڵاتە بەزەییەكیان بەخێزانەكەمدا بێتەوەو لەم ژیانە كولەمەرگییە ڕزگارمان بكەن.

حكومەت لەم دواییەدا پارچە زەویەكی پێداوین، بەڵام پارەم نییە دوو بلۆكیش بكڕم، بۆیە داوا لە لایەنی پەیوەندیدار و خێرخوازان دەكەم هاوكاریم بكەن بۆ ئەوەی ئەگەر دوو ژوورێكیش بێت پێكەوە بنێم. خۆزگە بەرپرسان و خەمخۆران و هەموو خاوەن ویژدانەكان كارێك بكەن محەممەد لەم نەخۆشییە ڕزگار بكەن و بێتەوە ناو ژیان.

**نەجات سابیر عەزیز**
**ژمارەی مۆبایل 07504971660**

Reklam

# لاندرۆڤەر دێتە بازاڕەكانی باكووری عێراقەوە

LAND ROVER

**مۆركردنی بریكار نامەیەكی تاكی نوێ و بۆ یەكەم جار نمایشت كردنی مۆدێلی 2010 لە پێشانگای هەولێری نێودەوڵەتی بۆ ئۆتۆمبیل**

**لاندرۆڤەر كەیەكێكە لەكۆمپانیا پێشەنگە جیهانییەكان لەبواری پیشەسازی ئۆتۆمبێلی پاڵنەری چوارینە، پابەندبوونی خۆی بەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جارێكی دیكە دووپات دەكاتەوە ئەویش بەچوونە نێو بازاڕ لەناوچەی باكوری عێراق كە بەناوی ( كوردستانی عێراق) ناسراوە.**

**بۆیە كۆمپانیای لاندرۆڤەر هەستاوە بەدانانی ( سەردار بۆ بریكارە بازرگانییەكان ) كۆمپانیای پێشەنگ لە چوار چێوەی ( گرووپی سەردار) كە بە گەورەترین گرووپی تایبەتی ئۆتۆمێل دادەنرێت لە عێراق، بۆ ئەوەی ببێتە تاكە بریكاری خۆی لەو ناوچەیە، بەمەش چوونی خۆی بۆ ناوچەكە بەشێوەكی فەرمی ڕادەگەیەنێت بۆ یەكەم جار.**

**واش چاوەڕوان دەكرێت كە دانانی ( سەردار بۆ بریكارە بازرگانییەكانی سنووردار ) بوونی لاندرۆڤەرو پێگەكەی پتەو بكات لەبازاڕ لەڕێگای باشترین فرۆشتن و خزمەت گوزاری دوای فرۆشتن، هەروەها ژێرخانی بەهێزی و سوود لەتواناكانی كەرتی ئۆتۆمبێلی ئاست بەرز لەناوچەی باكوری عێراق.**

**هەر لە چوارچێوەی پابەند بوونی خۆی بەماركەی بازرگانی لاندرۆڤەر،گرووپی سەردار بنكەیەكی تایبەتی بۆ ئۆتۆمبێلی لاندرۆڤەر لە شەقامی گوڵان لە شاری هەولێر داناوەو نوێترین كەرەستەی پێویستی بۆ دابین كردووە، ڕووبەری هۆڵی نمایش كردن 2400 مەتری چوار گۆشە دەبێت. بەڵام ڕووبەری بنكەی خزمەت گوزاری دوای فرۆشتن 1700 مەتری چوار گۆشە دەبێت.**

**لەم چوارچێوەیەدا سەردار حسێن حسن، سەرۆكی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گرووپی سەردارگوتی شەرەف مەندین كەنوێنەرایەتی ( لاندرۆڤەر ) بكەین بەشێوەیەكی تاك لەناوچەی باكووری عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لە شانازی لاندرۆڤەرو بەرهەمە تایبەتمەندە هەڵگیراوەكانی و بوونی بەهێزی ئێمە لە بازاڕو ژێرخانی بەهێزی ئێمە و وەبەرهێنان لەدەزگاكان و فەرمانبەرە دڵسۆزەكانمان، ئەوا ئێمە چاومان لە باڵابوونی زیاتری ئەم ماركە بازرگانییەیە بۆ ئەوەی بگاتە پلەی سەرووی ڕیزبەندی لە بازاڕەكانی ئۆتۆمبێلی پاڵنەری چوارینەی ئاست بەرز.**

**شایانی ئاماژە پێكردنە لاندرۆڤەر هەستاوە بە خستنە ڕووی بەرهەمەكانی ساڵی 2010بۆیەكەم جار لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئۆتۆمبێل كە چالاكیەكانی لەسەر خاكی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر لەماوەی 10-13/یەنایری 2010بەڕێوە چووە، بەئامادە بوونی كۆ مپانیا سەرەكیەكانی ئۆتۆمبێل لە عێراق، ئەم پێشانگایەی ئۆتۆمبێل ڕۆڵێكی تەوەری دەبینێت لە پەرە پێدانی كەناڵی بازارگانی نوێ، ئەویش بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی زۆری كەرتی بازرگانی گەشەكردووی ئۆتۆمبێل لە عێراق و ناوچەكە.**

**لەلایەن خۆیەوە ( ڕۆبن كۆلگان ) ی بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیای ئۆتۆمبێلی جاكوارو لاندرۆڤەر لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیا گووتی : ئێستا كۆمپانیای ئێمە لە ( 19 ) بازاڕدا بوونی هەیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیا و لەڕێگای هەماهەنگی ئەم دوایییەمان لەگەڵ گرووپی سەردار كەناوێكی هاوتای بڕواو چاودێری هاووڵاتیانە، دەتوانین خزمەتی ناوچەی باكووری عێراق بكەین، ئەمە جگە لەوەی كەكۆمەڵەی بەرهەمەكانی لاندرۆڤەر كە پێشكەشی بازاڕی ئەم ناوچەیەو پێشانگای دەكەین بە هێزوو تایبەتمەندێتی جیا دەكرێتەوە، بە هەمان شێوەی كەلە سەرتاسەری جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێشوازیان لێكراوە.**

**هاووڵاتیان دەتوانن سەردانی هۆڵی نمایش كردنی لاندرۆڤەر بكەن لە هەولێر بۆ بینینی كۆمەڵەی بەرهەمەكانی ساڵی 2010 كە رینج ڕۆڤەرو ئۆتۆمبێلی گەشتیاری دینامیكی رینج ڕۆڤەر سپۆرت و ئۆتۆمبێلی پاڵنەری چوارینە لاندرۆڤەر LR4 كە بەم دواییە ڕاگەیەنراوە و ئۆتۆمبێلی ئەفسووناوی ( دیفیندەر ) لە خۆدەگرێت.**

**هەروەها ئۆتۆمبیلەكانی 2010 چەند پێوەرێكی نوێ لە خۆ دەگرێت لە ڕووی كارو ئابوورییەوە، چونكە زیادەیەكی بنەڕەتی لە هێزو توانای زیاتری هەیە لە جۆرەكانی پێشەوەی خۆی، سەرەڕای كەم بوونەوەیەكی زۆری دەردانی گازەكان و تێكڕای بەكار بردنی بەنزین.**

**ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە یەكێك لەگرنگترین بازاڕەكان دادەنرێت بۆ كۆمپانیاكانی لاندرۆڤەر، چونكە سەرەڕای حاڵەتی داكشان كە بازاڕەكانی جیهانی و ناوخۆیی بە خۆیەوە بینیوە، ئەوا بۆ لاندرۆڤەر ساڵێكی باش بوو لە فرۆشتن لە ناوچەكە و ئێستا بارودۆخی باشترە بە جۆرێك دەتوانێت سوود لەم دەستكەوتانە وەربگرێت لە ساڵی 2010.**

# هەمەجۆر

## Google خەریکە

رووداو - ریانووستی

کۆمپانیای Google لەبڵاوکراوەیەکدا ئاشکرایکرد، لەسەر ماڵپەڕەکەیدا پێگەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی بەنێوی Buzz دەکاتەوە، هەموو بەکارهێنانی پوستی Gmail دەتوانن زانیارییەکانی لەگەڵ یەکتریدا ئاڵوگۆڕ بکەن و ڕەخنەو پێشنیارەکانیان بخەنەڕوو. ڕوونیشکراوەتەوە، ژمارەی بەکارهێنانی پۆستی Gmail تا ئێستا گەیشتووەتە 170 ملیۆن بەکارهێنەر لەهەموو جیهاندا.

کۆمپانیای Google دەیەوێت لەڕێگەی ئەو پێگە نوێیەوە، کێبڕکێ لەگەڵ ماڵپەڕی Facebook بکات، کە ژمارەی بەکارهێنانی دەگاتە 400 ملیۆن کەس لەجیهاندا.

# حەبەش ئەمساڵ لە نیکاراگوایە



رووداو- ئەڵمانیا

شاعیری کورد حوسین حەبەش، دانیشتووی شاری بۆن لەئەلمانیا، بەشداری لەفێستیڤاڵی هونراوەی جیهانی دەکات لەشاری غرانادای وڵاتی نیکاراگوا.

لەڕۆژی 2010/2/14 شاعیری کورد حوسین حەبەش، دانیشتووی شاری بۆن لەئەلمانیا، بەشداری فێستیڤاڵی هونراوەی جیهانی دەکات لەشاری غرانادای وڵاتی نیکاراگوای کە بۆ ماوەی 8 ڕۆژ بەردەوام دەبێ و زیاتر لە 100 شاعیر لە 60 وڵات بەشداری تێدا دەکەن.

شاعیرانی میوان بەپێی پرۆگرامێک هونراوەکانیان لەماوەی ڕۆژانی فێستیڤاڵ لە زۆر جیگای ئەو شارە وەکو سینەماکان، کتێبخانەکان، یانەکان، زانکۆکان، پارکەکان پێشکەش دەکەن و دەخوێننەوە.

هەروەها ساڵی ڕابردوو، شاعیر حوسین حەبەش بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانی شیعر لە شاری مەدلین کولومبیادا کردبوو.

# چیت پێبڵێم نیلیسا



موحسین یاسین

رووداو- سلێمانی

کچە گۆرانیبێژی لاو نیلیسا، ئێستا بەسەردانێک گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان بۆ تەواوکردنی کارەکانی ئەلبومە نوێکەی.

نیلیسا لەبارەی کارە هونەرییەکانییەوە ڕایگەیاند کە ئەلبومەکەی لە 11 گۆرانی پێکهاتووە و سەرجەم ئاوازەکانی لەلایەن ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیرەوە دانراون و تێکستەکانیش لەلایەن (حەمە سەعید ئیبراهیم و حەمە سەعید حەسەن و هەڵکەوت زاهیر و دەرباز یونس)وەیە، ئەو بەرهەمە لەتورکیا کاری مۆزیکی بۆ ئەنجامدەدرێ و کاری دەنگی لە کوردستانەوە بۆ دەکرێ. سەبارەت بەنێوی ئەلبومەکەیەوە ڕایگەیاند کە تاکو ئێستا هیچ ناوێکی بۆ ئەلبومەکەم دیاری نەکردووە، بەڵام چاوەڕواندەکرێ ناوی ئەلبوومەکەی بەنێوی یەکەم گۆرانی خۆی بنێت بەنێوی (چیت پێبڵێم) کە تۆمار و کلیپی کردووە.

# فاتە شێتەکەی سەرکەوت دەکرێتە کلیپ

رووداو- هەولێر

شیعری (فاتە شێت) کە لە لایەن شاعیر سەرکەوت ڕەسول نووسراوە، بەشێوازێکی مۆدێرن کلیپ دەکرێ.

حوسێن زارین دەرهێنەری ئەم کلیپە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی لەگەڵ شاعیر سەرکەوت ڕەسول باس لە دروستکردنی کلیپێک کرا ئەویش بۆ شیعری فاتە شێت، بڕیارماندا دەست بە وێنەگرتنی ئەم بەرهەمە شیعریە بکەین". ئەم کلیپە بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێرەو 3 ملیۆن و 460 هەزار دیناری بۆ تەرخانکراوە، ئەم کلیپە لە سیناریۆی دەرهێنانی حوسێن زارینەو لە وێنەگرتنی تۆڤان ئەبوبەکرەو کاری مۆنتاژیش بۆتان عەبدوڵڵا ئەنجامیداوەو ماوەی کلیپەکە 12 خولەکە.

# کێ قژی دەوێ



رووداو- مادەرزن

قژ لای ژنانی میانمار مایەی شانازییەو جوانی خۆی هەیە، بەڵام سەختی ژیانو هەژاری ناچاریان دەکات، بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان بیفرۆشن.

بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان، یەک لەسەر سێی کۆمەڵگەی (میانمار) لەژێر ئاستی هەژاریدا ژیان دەگوزەرێنن، بەو هۆیەشەوە بازرگانیکردن بەقژەوە بووەتە یەکێک لەهۆکارەکانی پەیداکردنی بژێوی لەنێو هەژارانی ئەو کۆمەڵگەیەدا.

مینار کە کچێکی تەمەن 23 ساڵە و قژەکەی 2 مەترو 25 سانتیمەتر درێژە بۆ بەخێوکردنی باوک و دایکی قژەکەی بە ئافرەتێکی ئەوروپی بە 300 دۆلار فرۆشت، بۆیە بەو هۆیەوە نێوی چووە نێو کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان، چونکە هەم قژی درێژترین قژ بووە فرۆشتوویەتی هەم بەبەرزترین نرخ قژەکەی فرۆشتووە.

# بە تەڕی و بە وشکی هەر خۆش و باشە



رووداو- ئێرنا

هەنجیر بەڕێژەیەکی زۆر لەنێویدا پرۆتین، ڤیتامینومادەی بەسوود هەیە، کە کاردەکەنە سەر نوێکردنەوەی خانەکانی لەش.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەئەمریکا ئەنجامدراوە، هەنجیری تەڕ بەهاوینانو وشکەکەشی لەهەموو وەرزەکاندا دەست دەکەوێت، ئەویش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر مرۆڤ لەهەموو ڕووەکانەوە، بەتایبەتی زۆر بەسوودە بۆ هەرسکردن. لێکۆڵەران ڕوونیانکردووەتەوە کە هەنجیر چارەسەری نەخۆشی ڕیخۆڵەکان دەکات، هەروەها ڕیخۆڵە بێ تواناکان دەخاتەوە کار، هەنجیر کالسیۆمی پێویست دەبەخشێتە تەندروستی ئێسکەکانو سووری خوێن.

هەنجیر سەرچاوەیەکی سروشتییە بۆ نەخۆشییەکان، هەنجیری وشک لەڕووی ئاسنو پۆتاسیۆمەوە، میوەیەکی زۆر دەوڵەمەندە. هەنجیر خاوەنی تایبەتمەندی هێورکردنەوەیەو لێکۆڵەرەوان دەڵێن "لەنێو هەنجیردا چەند ترشییەک خۆیان دەبیننەوە کە خاوەنی تایبەتمەندی هێورکردنەوەی مرۆڤن".

لەنێو هەنجیری وشکدا (کلیکۆزو فریکتۆز) هەیە، هەروەها ڕێژەی پرۆتینی نێو هەنجیری وشک دوو ئەوەندەی پرۆتینی ناو میوە وشکەکانی دیکەن، ئەگەر لەگەڵ میوە وشکەکانی دیکەدا بەراوردی بکەن لەڕووی (کالسیۆم، مەگنسیۆم، پۆتاسیۆم، گۆگردو مس)ەوە یەکەمە، لەڕووی (وزە، پانتۆتینک، ترشی، ریبۆفلاڤین، تیامینو پیریدۆکسین)ەوە لەڕیزبەندی دووەمدایە.

# کۆپی مەکەن خۆم دەتاندەمێ



رووداو- هەولێر

هونەرمەند ڕێکان محەممەد چوارەمین و نوێترین بەرهەمی خۆی بەمزووانە بڵاودەکاتەوەو دەڵێ "لەڕێی خودا کۆپی مەکەن، ئەگەر لە خۆم داوا بکەن ئەلبوومەکەم بەخۆرایی دەدەمێ".

ئەو ئەلبوومەی ڕێکان کە بەنێوی (وەفا)یە، لە 13 گۆرانی پێکهاتووە، لەبارەی ئەو بەرهەمە نوێیەی گۆرانیبێژ ڕێکان محەممەد بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "هۆکاری ئەو بەرمەم تەنیا ئەوەیە کە پاداشتی وەفا هەر بە وەفا دەدرێتەوە، بەڵام ئێستا وەفا لە دونیا کەمبووتەوەو کەسی بەوەفا کەمن و ئەو کەسەی بەوەفا بێ بەپارە نرخی تەواو نابێت".

بەرهەمەکەی ڕێکان لەلایەن ستۆدیۆ (هونەر)ی هەولێر تۆمار کراوەو، ئاواز و شیعرەکانی بەشێکی لەلایەن خۆیەوەو بەشێکیشی لەلایەن شاعیران (فاروق هەژار، محەممەد عەزیز، ڕێبوار شێروانی، ئەحمەد چاوشین، وشیار عەبدوڵڵا، موزەفەر شاکر) دانراون، لەبارەی خەرجییەکەشی دەڵێ "نزیکەی 5 هەزار دۆلاری تێچووەو ماوەی ساڵێکە کاری لەسەر دەکەم".

لەو بەرهەمەدا ڕێکان، گۆرانییەکی هونەرمەند حەسەن زیرەک بەنێوی (گوڵنیشان) و گۆرانییەکی هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی بەنێوی (بەردە بەردە) بەشێوازێکی نوێ تۆمار کردووەو گوتووەتەوە.

ئەو بەرهەمە بەمزووانە بڵاودەبێتەوە، ڕێکان محەممەد داوا لە گوێگران دەکات بەرهەمەکەی کۆپی نەکەن و دەڵێ "لەڕێی خودا کۆپی مەکەن، ئەگەر لەخۆم داوا بکەن ئەلبوومەکەم بەخۆرایی دەدەمێ".

# جوانیەکەم بە ئاو ڕاوەستاوە



رووداو-ئاژانسەکان

شاراپۆڤا هەمیشە بەجوانی دەردەکەوێ، ئەو دەڵێ یەکێکی لە هۆکارەکانی مانەوەی جوانییەکەی زۆر ئاو خواردنەوەیە. پاڵەوانی تێنسی سەر زەوی، ماریا شاراپۆڤا، دەڵێت بۆ هێشتنەوەی پێستم بە نەرمی بەردەوام وەرزشی لەرزاندنەوەی پێدەکەم. هەروەها دەڵێ "بۆ ئەوەی تەندروستی و جوانی خۆم بپارێزم ڕۆژانە کەمتر لە 8 کاژێر ناخەوم و ئاوێکی زۆر دەخۆمەوە". ئەو وەرزشکارە جوانە ڕووسییە دەڵێ " سێ بنەمای سەرەکی لە ژیانی مندا هەن : خەوتنی باش، یۆگاکردن، تێنس کردن لە هەوای سافدا".

# باسکال گۆرانی بۆ قوربانیانی لافاو دەڵێت



رووداو- ایلاف

بە بانگهێشتی تەلەڤزیۆنی میسر، ڕۆژی 2010/2/18 گۆرانیبێژی شۆخ و شەنگی لوبنان باسکال مەشعەلانی کۆنسێرتێک پێشکەش دەکات، کە ڕاستەوخۆ لە شاری مەنسوورەوە لە لایەن هەر سێ کەناڵی ئاسمانیی میسری یەک، میسرو، نیلەوە پەخش دەکرێت. داهاتی کۆنسێرتەکەش دەدرێتە قوربانیانی لافاو.

هەروەها لە شەوی ڤالانتاینیشدا باسکال بە هەوادارانی دەنگ و ڕەنگی خۆی لە تونس گەیشت. کەناڵە ئاسمانییەکانیش بڕیارە بەم نزیکانە دەست بە پەخشکردنی کلیپی گۆانیی "دڵم بۆت بمێنێ"ی باسکل بکەن.

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

باری دارایی گوشاری زیاتری دەکەوێتە سەر، دەبێت بەشێوازێکی نوێ هاوسەنگی لەنێوان خەرجی و دەستکەوت ڕابگرن. ئەو شتانەی لەچواردەورتان ڕوودەدات ناتوانن خوێندنەوەیان بۆ بکەن. دەتوانن هەست بە دڵنیایی بکەن.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

هەوڵ بدەن لەم کاتەدا دەسکەوتەکانتان زیاتر بکەن و خۆ لەکێشەی کۆمەڵایەتی بپارێزن. چەند کەسانێک دەناسن کە دەتوانن پشتیان پێ ببەستن، باری سۆزداریتان بە دۆخێکی ناسکدا تێدەپەڕێت.

### گا
Apr 20–May 20

کەشێکی خۆش لەگەڵ خۆشەویست و ئازیزانتان بەسەر دەبەن و دەستکەوتیشتان لە جاران باشتر دەبێت. بەشێوەیەکی ژیرانە لەسەرجەم کارەکان بڕوانن و ئەوانەی گرنگن بیانخەنە سەرەتای کارەکانتانەوە.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

وا باشە لەکارەکانتاندا خاوەنبنەوە، چالاکییەکانتان دادەبەزێت و کەمێک هەست بە بێزاری دەکەن، باری دارایی پێویستی بە ژیری زیاتر هەیە لەهەردوو لایەنی خەرجی ودەستکەوتەوە. پاش ئەم هەفتەیە سەرەتایەکی پرشنگدار دەست پێدەکەن.

### جمک
May 21–Jun 21

هەوڵ بدەن پارێزگاری لە دەسکەوتەکانتان بکەن، لەم ماوەیەدا گۆڕانکارییەکان قورس دەبن، گەڕان و پەیوەندییەکانتان بەشێوەیەکی بەچاو زیاد دەکات، ئەو کارانە ئەنجام بدەن کەماوەیەکی کەمی دەوێت بۆ جێبەجێکردن.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

ڕاڕامەبن، کۆتاییەکان ئەنجامی گرنگیان دەبێت، بەربەستەکان زۆرن بەڵام بڕوابەخۆبوونتان لەدەست نەداوە ئەمەش دەتوانێت مژدەی خۆشتان پێ ببەخشێت. پێویستە زیاتر خۆتان هێمن بکەنەوە و هەوڵی چارەسەری کێشەکان بدەن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

لایەنی سۆزداریتان بەرەو هێوربوونەوە دەچێت. لەم ماوەیەدا گرنگی بەباری کۆمەڵایەتی بدەن چونکە وەک کەسانێکی گەورە وچالاک دەکەونە بەرچاو، ئاگاداری گوفتارتان بن. کاری گرنگ ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی هێز و تواناتان بۆ چواردەورەکەتان دەربکەوێت.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

هەست بە گۆڕانێکی باش دەکەن لەڕووی دەرامەتەوە، چالاکییەکان زیاتر دەبن وئەمەش ئامادەتان دەکات بۆ کاری زیاتر. بێدەنگی باشترین وەڵامدانەوەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت گرفتتان بۆ دروست بکەن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

پێویستە خۆتان بەهێز بکەن، لەهەموو کاتێک زیاتر خەیاڵەکان کۆنترۆڵتان دەکات، وەرزش و خوێندنەوە هەندێک لەکاتە ناخۆشەکانتان بۆ دەگۆڕێت بەخۆشی. پێداچوونەوەیەک بکەن بەو کارانەی بەنیازی ئەنجامدانیانن.

### سەتڵ
Jan 20— Feb 18

کاتێکی باشە بۆ خۆ ئامادەکردن، کارەکان بەشێوەیەکی باش ڕێکدەخەنەوە. لەلایەن چەند هاورێیەکەوە بۆ بەشدارییەک بانگ دەکرێی و ڕەتی مەکەرەوە. باری دەرامەت بەشێوەیەکی زۆر باش دەکەوێتە سەر ڕێڕەوێکی نوێ.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

هەست بەگەڕانەوەی ئاسوودەیی دەکەن وباری دەروونیتان بەرەو باشی دەچێت، کاتێکی باشە بۆ خۆ نزیککردنەوە و تێکەڵاوی لەگەڵ چواردەور. پێویستە شتە نهێنیەکانتان هەر بەنهێنی بمێنێتەوە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

ئەم هەفتەیە دوایین کاتی بێزارییەکانتان دەبێت و پاشان دەتوانن زۆرینەی کارەکان بگێڕنەوە بۆ ژێر کۆنترۆڵی خۆتان، باری سۆزداری پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ. لەو گرفتانە خۆ بەدوور بگرن کەلەئێستادا ناتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە.

**بەکشتی:**

### لەخۆتانەوە بەڵێن مەدەن

وا باشە لەم هەفتەیەدا خۆمان بەدوور بگرین لەهەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، ئەو شتانەی ناتوانین وەڵامیان بدەینەوە دەبێت شیکاری زیاتریان بۆ بکەین.

هەموو ئەو شتانەی ئێمە خەمی بۆ دەخۆین و گرفتمانن، بەخێرایی چارەسەر دەبن.

باری خۆشەویستی لە ئاستێکی مامناوەندا ناوەستێت، یان کەسێکمان زۆر خۆشدەوێت یان زۆر ڕقمان لێدەبێتەوە.

نابێت لەخۆمانەوە قسەبکەین یان بەڵێن بدەین، چونکە خەڵک حساب بۆ قسەکانمان دەکات و دواییش لەسەرمان دەکەوێت .



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# بەزمە دیسان

هەمان هەواڵ، بە یەک شێوازی دارشتن، هەمان تۆمەت، لە هەمان ئان و سات، بەڵام لە دوو تەرەفی دژ بە یەک.

هێشتا چەند کاژێرێک بوو هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردن دەستی پێکردبوو، لە سایتی سبەی سەر بە گۆڕان هەواڵێک دابەزی باس لە دڕاندنی وێنەی کاندیدەکانی گۆڕان لەلایەن هاوپەیمانییەوە دەکات. بە دوای ئەودا پی یو کەی میدیام کردەوە و هەواڵێکم خوێندەوە باس لە دڕاندنی وێنەی کاندیدەکانی هاوپەیمانی دەکات لە لایەن گۆڕانەوە. ئەم قسانە لە کاتێکدا بوو هێشتا سیکۆتینی پشت وێنەی کاندیدە دڕاوەکان تەڕ تەڕ بوو.

جارێ یەکەم ڕۆژە، گۆڕان و هاوپەیمانی، عەیب نەبێ، یەکتری دەدڕێنن، ئەی دەبێ تا کۆتایی ئەم مانگە چەند بەزمی دیکە روو بدات؟ توو شەرەفتان لە کوێ ئەزموونی ئاوا هەیە؟ هەڵبژاردن بە شەرتی ناوچەوان تەقاندن! ئەمە کەی حاڵە هەموو هەڵبژاردنێک، خەڵکی دەستیان لە سەر دڵیان بێت نەوەکو وەزعەکە بتەقێتەوە! ئەمە هەڵبژاردنە یان شەڕە گەڕەکە؟ هەڵبژاردن نییە نێوچەوانی هەندێکی تێدا نەشکێ، هەڵبژاردن نییە دەم و قەپۆزێ هەندێکی تێدا خوار نەکرێ. ئەرێ ئەگەر ئەمە دیموکراتییە، وابزانم دیکتاتۆرییەت بڕۆکەک خۆشترە. خۆ ئەگەر لە سایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا نەوێری فزرە بکەیت، ئەی مەگەر ئێستاش لە سنووری ئەم لیستەدا باسی ئەویی دیکەیان بکەی بە هەمان شێوە قەپۆزت خوار دەکەن. لە سایەی دیکتاتۆرییەتدا ناوێری قسە بە یەک لایەن بڵێی، کەچی لە سایەی دیوکراتییەکەی ئێمەدا دەبێ لە ترسی پێنج شەش لایەن ئاگات لە دەوت بێ.

لە کەرکووکیش لە نێوان تورکمان و هاوپەیمانیدا تەق و تۆقێک بووە، ئەمە جارێ هیچ نەبووە و نزیکەی سیی ڕۆژ هەڵمەتی هەڵبژاردنمان لە پێش ماوە. کوردیش وەک ئوتووەکەی حەمە زلە وان، هەندێک درەنگ گەرم دەبن و زوو سارد دەبنەوە، بۆیە پێشبینی دەکەم ئەم هەڵبژاردنە دیموکراتییەی عێراق، لە کوردستاندا کۆمەڵێک کوژراو و بڕێکی باش دەست و لاق شکاو و ژمارەیەکی بەرچاو سەر و گوێلاک هەڵتەقیوی لێبکەوێتەوە. ئاخر وەک دەڵێن ئازادی و دیموکراتی خوێن ڕشتنی گەرەکە، جا سروشتی هەڵبژاردنی کوردیش هەر وایە، بە بێ فەرتەنە هەر خۆش نییە. کورد دەڵێن سەرێک نەیەشێ کەی سەرە، پێدچێت لە بەر ڕۆشنایی ئەم پەندە بێ مەعنا و قوڕەدا هەڵمەتی هەڵبژاردنیش بەڕێوەبچێت و بە لۆژیکی هەڵبژاردنێک دەست و لاقی تێدا نەشکێ کەی هەڵبژاردنە؟.

ئەمە هەمووی بە لایەک و دواتر بێسەوادی و سارد و سڕی و دەو داخراوی نوێنەرەکان بە لایەکی دی، لەو نهێنییە تێناگەم، ئەم دەم هەراشییەی ئێستایان لە چی و کە چوونە هۆڵی پەرلەمانی عێراقەوە، ئەو قڕوقەپەیان لە چی؟

---



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# هەڵبژاردن و پێشبینییەکان

لە نووسینی پێشوومدا نووسیبووم کە ئەم هەڵبژاردنە سەنگی مەحەکە، بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کە بە شەو و ڕۆژێک هاوسەنگییە سیاسییەکان لە کوردستاندا لێک هەڵوەشێنێتەوە، بگرە پرۆڤە و خۆ ڕاهێنانێکە بۆ ئەوەی کە حیزبەکان لەداهاتوودا بە تەنیای بچنە ناو هەڵبژاردنەوەو دوایی پێکەوە هاوپەیمانی بکەن . پێش هەڵبژاردنەکانی تەمموزی ڕابردوو لەناو پارتیدا ڕایەکی بەهێز هەبوو کە دەیگوت با هەر کەسەو بە تەنها بچینە ناو هەڵبژاردنەوەو دوایی پێکەوە هاوپەیمانی بکەین. ئێستا هەرچەندە پارتی و یەکێتی هاوپەیمانی یەکترین، بەڵام لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پاڵێوراوانەوە، ئەمجارە دەرفەتی ئەوە هاتووەتە پێش کە هەر حیزبەو قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی نەک هەر لەناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستاندا بگرە لە دەرەوەی سنوورەکان، واتە لە موسڵ و خانەقین و کەرکووکیش بزانێت.

ئەو شێوازەی کە سەدرییەکان لە هەڵبژاردنی ئەمجارە پێڕەوی دەکەن پێدەچێ بەر گوێی پارتی و یەکێتی و گۆڕانیش کەوتبێت کە بۆ نەفەوتانی دەنگی پاڵێوراوەکانیان لەسەر ئاستی گەڕەک، شار و شارۆچکەکان، بۆ هەر گەڕەکێک پاڵێوراوێکیان دیاریکردووە تاوەکو ڕێگە لە بەفیڕۆچوونی دەنگەکانیان بگرن و هاوکات بیسەلمێنن کە کێ لە کوێ زۆرینەیە.

جیا لەم مەسەلەیەش ئێستا لەناو خودی حیزبەکانیش و بەتایبەتیش لە ناو یەکێتی ململانێیەکی توند لە ئارادایە بۆ سەرخستنی ئەو پاڵێوراوانەی کە پێشنیازکراوی باڵەکانن و هەوڵی سەرخستنیان دەدرێت. ئەمەش دووبارە نیشاندەری نفوزی ئەو باڵانەیە لەو ناوچانەی کە بە هی خۆیانی دەزانن.

ئەوەی زۆر دەگوترێ ئەوەیە کە پارتی لە ناوچەی بادینان و موسڵ ئەمجارە تووشی موفاجەئە دەبێت، ئەوە هەم گۆڕان و هەم یەکگرتووش باسی لێوە دەکەن. ئەم موفاجەئەیە چۆنە باسی لێوە ناکرێت، بەڵام ئەم موفاجەئەیە بەبێ ڕێککەوتنی ژێر بە ژێری بۆ گۆڕینەوەی دەنگ لە نێوان لیستەکاندا مەیسەر نابێ، کە یەکگرتوو ڕەتیدەکاتەوە ڕێککەوتنی لەم چەشنەی لەگەڵ گۆڕان دا کردبێت و بیەوێ بیکات. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ململانێی هەرە توند لە سلێمانی و کەرکوک دەبێت، ئەگەرچی هەر لەیەکەم ڕۆژەوە گۆڕان هاوار دەکات کە پۆستەرەکانیان لە سەرانسەری کوردستان دڕێندراوە، بەڵام تاوەکو نزیکبوونەوە لە هەڵبژاردن چاوەڕێی گرژیی زیاتریش دەکرێت، کە پێویستە حکومەت ڕۆڵێکی کارا و بێلایەنانە ببینێت لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵمەتی پروپاگەندە.

لە ئێستاوەڕا حیساب و کتاب بۆ ئەو 60 تا 62 کورسییە دەکرێت کە چاوەڕێ دەکرێ بەشی کوردستان بێت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراقدا. بە مەزەندەی زۆر کەس پارتی دەتوانێ نیوەی ئەو کورسییانە ببات و بۆ باقی کورسیەکانیش گۆڕان شانسی بردنەوەی لە یەکێتی هەیە، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە لە ناو یەکێتی بۆ سەرخستنی پاڵێوراوی باڵەکان ململانێ دەستی پێکردووە، بەڵام بەشدارینەکردن و خۆ دوورگرتنی ئەمجارەی نێچیرڤان بارزانی (کە دەگوترێ بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردن دا ناکات) وەک جێگری سەرۆکی پارتی لەم هەڵبژاردنانەشدا، ڕەنگبێ کاریگەری سەلبی بەسەر دەنگەکانی پارتییەوە هەبێت.

ڕێژەی بەشداری لە کوردستان ئەگەر بەرزیش بێت، بەڵام ئاڵۆزیی سیستەمی دەنگدانی ئەمجارە کە تائێستاشی لەگەڵدابێت بەشێکی زۆری خەڵکی خوێندەواریش نازانێ چۆن دەنگ دەدات، وا دەکات دەنگێکی یەکجار زۆر نەک هەر لە کوردستان بەتەنها، بگرە لەسەرانسەری عێراق بفەوتێت، ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت.

---



هێمن عەبدوڵڵا- ئەڵمانیا
hemen@live.nl

# نوێنەرە عارەبەکانی کۆمیسیۆن خەریکی ساختەکارین

هێشتا هیچ نەبووە، ئامادەسازییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ئەوروپا تەقەی تێکەوتووە . هەفتەی ڕابردوو ژمارەیەک لە کوردانی ئەڵمانیا و بەتایبەتیش بەرلین خەریکی ئیمزا کۆکردنەوە بوون دژی ئەو نوێنەرانەی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کە لە بەغداوە هاتوون. یەکێک لە ئیشەکانی ئەو نوێنەرانە پێکهێنانی تیمی چاودێریی سندووقەکانی هەڵبژاردنە. کاری ئەو چاودێرانەش سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی دەنگدان و هاوکاریکردنی ئەوانەیە کە لەکاتی دەنگدان دا پێویستیان بە هاریکاری دەبێت. بەقسەی سیاسەتکارانی کورد، نوێنەرە عارەبەکانی کۆمیسیۆن "بەدزییەوە" نامەیان بۆ ناسیاوەکانی خۆیان لە ئەڵمانیا ناردووەو داوایان لێکردوون تا دەکرێ "برا عارەبەکانیان" هانبدەن بۆ خۆناونووس کردن لەو تیمانەی چاودێریدا. کۆمەڵە دۆستێکی دانیشتووی ئەڵمانیا، کە لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆیان دەکرد، دەیانگووت: "جا وەرە کوردبە و ئەو ساختەچێتیەیان لێ قبووڵ بکە!"

ماوەیەک پێش ئێستا هەندێک دۆست و ئاشنا (لەڕوانگەی دڵسۆزییانەوە) تەلەفۆنیان بۆ کردم، ئەوان داوایان دەکرد کە ئەو "هەلە" لەکیس خۆم نەدەم و بچم بۆ خۆناونووسکردن لای کۆمیسیۆن! دەشیانگووت: "هەر هیچ ناکەی و پارەیەکی زۆریشت دەدەنێ". بیستبووشم کە نیوەی کوردی ئەوروپانشین خۆی ئامادە کردووە بچێ ئەو "هەلە" بقۆزێتەوە! بۆیەش کاتێک لەسەرەتادا ئەو مقۆمقۆیانەم بیست، وەک کاردانەوەی ئەو کەسانەم لێکدایەوە کە هەڵپەی وەرگیرانیان بووە و وەرنەگیراون، بەڵام دووەمین هەواڵ لە هۆڵەنداوە و لە سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە گریمانەی ڕاستبوونی ئەو هەواڵانەیان بەهێزتر کرد.

یەکێک لەو سەرچاوانە گێڕایەوە کە بەرپرسی پارتێکی کوردی ناردوویەتی بۆ لای "هاوکارێکی کورد"، کە لەگەڵ نوێنەرانی کۆمیسیۆندا بووە، بۆ ئەوەی وەک چاودێر وەریبگرن، بەڵام کە دەچێتە ئەوێ، دەبینێ کابرای کورد هێشتا نەبووەتە کاژێر 10ی بەیانی، خەریکی ڕۆیشتنەوەیەو نوێنەرە عارەبەکان بەجێدێڵێ. دواتر لە شوێنی خۆناونووسکردندا دەبێتە هەرا لەناو کوردەکاندا. کچێکی کورد گێڕایەوە کە کاتێک چووەتە لای نوێنەرانی کۆمیسیۆن، فۆرمێکیان بە زمانی عارەبی لەبەردەمدا داناوە و پێیان گووتوە لەژێرەوەشی "هەر بە عارەبی" بۆمان بنووسە کە بۆ دەتەوێ ببیە چاودێر. ئەو پێیگوتبوون عارەبییەکەی هێندە باش نییە کە ئەو شتانەی پێ بنووسێ، بۆیە دەیەوێ بە کوردی وەڵام بداتەوە، بەڵام چونکە "کوردی نایخوات!" لێیان قبووڵ نەکردبوو.

هەمان چیرۆکم لە زۆرتر لە کەسێکەوە بیست کە ئەو ڕۆژە بەهۆی "لاوازیی عارەبییەکەیانەوە" سووکایەتییان پێکرابوو.

با وای دانێین کە تا ئێرە شتەکان ئاساییین و بانگەشەی ئەوەی کە "کوردی نایخوات" شتێکی زۆر بیستراوە، بەڵام دۆستێکی دیکەی کورد، کە عارەبییەکەی باش بووە، لەلایەن نوێنەرێکی کۆمیسیۆنەوە لێی پرسراوە: "چۆن دەبێ کورد بیت و ئەو عارەبییە باشە بزانیت؟"، ئەویش وەڵامی دابووەوە کە لە هەشتاکاندا لە بەشی (پیشەسازیی سەربازی) بووە لە بەغدا. کەچی نوێنەرەکەی کۆمیسیۆن بە پلارەوە پێیگوتبوو: "کەواتە لەگەڵ حوسێن کامیلدا ئیشت کردووە ..." و ئەو کوردە عەرەبیزانەش بە دڵشکاوییەوە بەڕێ کرابووە دەرەوە.

سەرچاوەی باوەڕپێکراو گێڕایانەوە کە ئەو ڕۆژە کورد لە هۆڵەندا ویستوویانە هێرش بکەنە سەر نوێنەرەکانی کۆمیسیۆن، بەڵام نوێنەری پارتە کوردییەکان هاتوونەتە ناو مەسەلەکەوە و هێوریان کردوونەتەوە. دواتریش گوایە باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا ئەو نوێنەرانەی کۆمیسیۆنی سەرزەنشت کردووە و پێیگوتوون: "جیاوازیی چییە لەنێوان ئێوە و بەعسییەکاندا؟" .

دووبارەبوونەوەی ئەو حاڵەتانە لە زۆرتر لە شوێنێک لە ئەوروپا ئەگەری ئەوە بەهێز دەکات کە ڕەنگە لایەنە عەرەبییەکان (بەهۆی دزەکردنەوە بۆ ناو کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و زۆربوونی ژمارەی چاودێرانی خۆیان) هەوڵی ئەنجامدانی ساختەکاری بدەن. بۆیەش گرنگە لایەنی کوردی لەئێستاوە لێپرسینەوە لەوبارەیەوە بکات. ئەگینا ئەگەر عارەبێکی چاوڕەش دەنگێکی زۆری کوردانی ئەوروپای هێنا، لە ڕوومان نایێت بپرسین: خەتای کێ بوو؟

---



قوباد تاڵەبانی*

## هەرێمێک و زلهێزێک: پەیوەندییەکی تایبەت

# بارزانی وەڵامی پرسیارەکەی لە ئەمریکا وەرگرتەوە

سەردانەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا، بوونی ئەو پەیوەندییە تایبەتە دەسەلمێنێت کە لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و ئەمریکادا هەیە و گەشەی کردووە. سەرۆک بارزانی و شاندەکەی نەک تەنیا لەلایەن سەرۆک ئۆباماوە لە کۆشکی سپی پێشوازییان لێکرا، بەڵکو پێنج ڕۆژیان بەسەربرد کە بە دەوری واشنتندا گەڕان و چاویان بەچەندین کەسی پایەبەرزی سیاسی ئەمریکا کەوت. کۆبوونەوەکان بریتیبوون لە نیوەڕۆخوانێک لەگەڵ جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەکانی کۆنگرێس کە لەلایەن نانسی پیلۆسی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمریکاوە میوانداریان کرابوو.

لە هەموو کۆبوونەوەکاندا، هاوڕێ ئەمریکییەکانمان جەختیان لە پەیوەندییە مێژوویەکەی نێوان ئەمریکا و خەڵکی کوردستانی عێراق دەکردەوە. بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە لە کۆبوونەوەکەی کۆشکی سپی، پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کوردستانی عێراق بە ئامانجی سەرەکی ئیدارەی ئۆباما دانرا.

سەرۆک بارزانی بەمەبەستی وەرگرتنی وەڵامی پرسیارێک هاتە ئەمریکا، ئەویش ئەوەبوو: ئایا کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق، بەمانای کشانەوەی پشتیوانی و نەمانی بەرپرسیارێتی ئەمریکایە لە عێراق و کوردستان؟ لە کۆبوونەوەکەمان، گوێبیستی "نەخێر"ێکی ڕوون بووین. هەروەها بەردەوام پێمان ڕاگەیێندرا کە ئەمریکا درێژە بە هەوڵەکانی دەدات بۆ ئەوەی یارمەتی هێزە سیاسییەکانی نێو عێراق بدات و بەسەر ناکۆکییەکانیاندا زاڵ ببن. هەروەها ئەو ئیدارەیە حەزی خۆیان دەربڕی کە هەرێمی کوردستان درێژە بە پێشکەوتن و گەشەپێدانەکەی بدات، لەهەمانکاتدا بەردەوامبێت لە ڕۆڵە سەرەکییەکەی لە پرۆسەی بەدیموکراسیبوونی عێراق دا.

بەڵام ئەوەی زۆر مایەی خۆشحاڵی بوو بۆ من، دووپاتکردنەوەی سووربوونی ئەمریکا نەبوو کە هەر پاڵپشتی عێراق دەکات یاخود ستایشی ئەمریکا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ڕۆڵە پۆزەتیڤەی لە عێراق هەیبوووە، لە ڕاستیدا بینینی دروستکردنی بناخەی ئەوپەیوەندییە تایبەتە بووکە لەنێوان ئەمریکا و کوردستاندا هەیە، پەیوەندییەک کە لە پەیوەندی تاکتیکی و تەوقەکردن دەربچێت، هەنگاوبنێت بۆ پەیوەندییەکی زیاتر سەرەکی و ستراتیژی. پەیوەندییەک کە نیگەرانی و ستراتیژی هاوبەشی تێدا باس بکرێت و ئامانج و ئاواتەکانی هەردوولای تێدا دیاری بکرێت.

ئەم پەیوەندییەی نێوان وڵاتێکی زلهێز و هەرێمێک لەنێو وڵاتێکی گۆڕاودا، نابێت چاوەڕوان بکرێت کە بۆ هەتا هەتایە. زۆر لە سەرکردەکانی وەک سکۆتلاندا و کیوبێک و هەرێمە فیدراڵەکانی دیکەی جیهان، بانگهێشت ناکرێنە کۆشکی سپی.

لەبەرئەوە دەبێ هەوڵبدەین ئەم پەیوەندییە تایبەتییە درێژەی هەبێت و خونچە بکات. دەبێ هەوڵبدەین کە هاوپەیمانێتیمان و پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا کە مێژووییەکەی پڕە لە کارەسات، فرۆشتن و هاوڕێیەتی، هیوا بە خەڵکەکەمان بدات بۆ داهاتوویەکی گەشاوە و خۆشگوزەران.

***قوباد تاڵەبانی: نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا.**

**-بەئینگلیزی لە وێبلاگی تایبەتی قوباد تاڵەبانییەوە وەرگیراوە.**

---



محەممەد نوورەدین

# لە تورکیا عەلەوییەکانیش دەستیان پێکرد

وا دیارە هەوڵی دابەشکردنی عەلەوییەکان لە تورکیا و شێواندنی خواستەکانیان لەلایەن دەوڵەت، سەبارەت بە گومانکردن لە یەک دەنگییان و سروشتی خواستەکانیان، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە .

هەفتەی ڕابردوو لە ئەنقەرە، کۆنگرەیەک گرێدرا کە 400 کەسایەتیی عەلەوی و ناعەلەوی تێیدا بەشداربوون و داخوازیی عەلەوییەکانیان خستە بەر لێکۆڵینەوە. لە کۆتایی کۆنگرەشدا ڕاپۆرتێک گەڵاڵە کرا کە بۆ حکومەت بەرز دەکرێتەوە . کۆنگرەکەش هەر لەلایەن حکومەتەوە ڕێکخرابوو، بەڵام ئەوە یەکەم کۆنگرەی لەو جۆرە نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی پلانی حکومەت بۆ کرانەوە بەڕووی عەلەوییاندا، لە بەهاری ڕابردووەوە چەندین کۆنگرە بەستراون.

کۆنگرەکە لیژنەیەکی لێکەوتەوە کە لە 43 کەسایەتیی ئەکادیمی، زانای ئایینی، نوێنەرانی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و، دەزگاکانی میدیای سەر بە هەردوو تایفەی عەلەوی و سوننە پێکهات و ڕاپۆرتەکەیان ئامادەکرد.

دیارترین ئەو کەسایەتیانەی بەشدارییانکرد، سەرۆکی وەقفی ئەهلی بەیت فەرمان ئاڵتوون و، سەرۆکی وەقفی "جەمع" عیزەدین دۆغان و، سەرۆکی یەکێتیی کۆمەڵەکانی عەلەوی مەتین تەرخان بوون، سەرباری کەسایەتیی سوننەی وەک سەرۆکی پێشووی سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینی تەیار ئاڵتی کولاچ و، نووسەر عەلی بولاچ و هی دیکە .

بەڵام زۆر کۆمەڵەی دیاری عەلەویش کۆنگرەکەیان بایکۆت کرد، وەک سەرۆکی یەکێتیی کۆمەڵەکانی عەلەوی بەکتاشی عەلی بەلقیز و، سەرۆکی (وەقفی حاجی بەکتاش)ی ڕۆشنبیریی ئەنادۆڵ ئەرجان گیچمیز و، پەرلەمانتاری بە ڕەسەن عەلەوی سەر بە پارتی داد و گەشەپێدان ڕێها چامووڕ ئۆغلۆ کە ئەندازیاری چەندین کۆنگرەی هاوشێوە بووە لە ڕابردوودا بۆ یارمەتیدانی حکومەت لە چارەسەرکردنی گرفتەکەدا، هەر کە نێوانی لەگەڵ سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان و سەرۆکی حکومەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تێکچوو، ئیدی دەستی لە کار وەک ڕاوێژکاری ئەردۆغان بۆ چارەسەرکردنی پرسی عەلەوی کێشایەوە، بەڵام وەک پەرلەمانتارێکی سەر بە پارتەکە مایەوە .

لەو خواستانەی ڕاپۆرتەکە بۆ ئەردۆغانی بەرز کردەوە ئەمانە بوون:

1 – لە ڕابردووەوە یەکدەنگییەک هەیە کە عەلەوی ڕێبازێکی باوەڕە و لە سێکوچکەی "هەق و محەممەد و عەلی" پێکدێ.

2– لە ڕابردوودا عەلەوی داوایان دەکرد سەرۆکایەتیی کاروباری تایبەت بە سوننە هەڵوەشێتەوە، نەمازە لە وڵاتێکی عەلمانیی وەک تورکیادا. لە کۆنگرەی ئێستادا بڕیاردرا کە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەرۆکایەتییە کارێکی عەقڵانی نییە، بۆیە لە هەلومەرجی ئێستادا دەبێ لێکۆڵینەوە لەبارەی پێگەکەی بکرێت.

3 – لەبەرئەوەی هەڵوەشاندنەوەی سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینی ئەمڕۆ کارێکی نەکردەییە، بەشدارانی کۆنگرە داوایانکرد ئەو سەرۆکایەتییە زیاتر مەدەنی بێت، ئەویش لە ڕێی نوێنەرایەتیکردنی تێکڕای مەزهەبەکانی ئیسلام، لەگەڵ ڕۆژگاریشدا هەوڵبدرێت بکرێتە دەزگایەکی سەربەخۆ و وەک ئێستا سەر بە دەوڵەت نەبێت. هەروەها باجێکی تایبەت بە ئایینیش بسەندرێت و بۆ هەموو مەزهەبەکان بێت. لەکاتێکدا ئەو باجەی بۆ سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینی دەچێت تەنیا بۆ پەیڕەوانی مەزهەبی سوننە خەرج دەکرێت. هەروەها پێشنیاز دەکرێ باج تەنیا لە خەڵکی سوننە مەزهەب وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەگەر هەر لەسەر ڕەوشی ئێستای مایەوە، هەر بۆ سەرۆکایەتیی کاروباری ئایینی خەرج بکرێ.

4– ئامادەبووان یەکدەنگ بوون کە هەموو هاووڵاتیان بە گوێرەی ئایین و مەزهەب و بیروباوەڕ پێویستیان بە پەروەردەی ئایینییە. وانەی ناچارانەی ئایین تایبەت بە مەزهەبی سوننەی حەنەفی بە تەنیا، مایەی ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی عەلەوییانە. کۆنگرە پێشنیاز دەکات ئایین بە چەمک و بابەتی نوێ بگوترێتەوە، هەروەها لە قوتابخانەی عەلەوییاندا، باوەڕی عەلەوی لەلایەن مامۆستایانی ئایینی عەلەوییەوە بگوترێتەوە، ئەو مامۆستایانە لە پەیمانگەی باڵای ئایینی ئامادە بکرێن بە هەمان شێوەی ئەوانەی لە کۆلیژی ئیلاهیاتی سوننەوە دەردەچن.

5– عەلەوییەکان پێشتر داوایان دەکرد هوتێلی "مادیماک"لە سیواس کە لە سەرەتای نەوەدەکاندا قەسابخانەیەکی تێدا دژ بە عەلەوییەکان بەرپا کرا، بکرێتە مۆزەخانەیەک بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئەو قوربانیانە، بەڵام کۆنگرە داوای کرد هوتێلەکە تێکبدرێ و باخچەیەکی لە جێگەدا دروستبکرێت، لە بری ئەوەی برین بکولێندرێتەوە .

6– کۆنگرە داوای کرد ناوەندێکی زانستی بکرێتەوە، کە هۆشیارییەکی هاوبەشی مێژوویی لە نێوان عەلەوی و سوننەکاندا گەڵاڵە بکات.

7– عەلەوی داوایان دەکرد دەوڵەت دان بە "جەمخانە"ی عەلەوییاندا بنێت وەک پەرستگە و دەوڵەت پشتیوانیان بکات. بەڵام ڕاپۆرتی لیژنەی ئەم کۆنگرەیە ئاماژەی بە "جەمخانە"نەکردووە کە پەرستگەی عەلەوین، تەنیا ئەوەنەبیت کە داوا دەکات سوود لە هەموو ئەو توانایانەی لە یاساکاندا هەن و لە دەسەڵاتە هەرێمییەکان وەربگیرێت تاوەکو پشتیوانی لە جەمخانە بکەن.

ڕاپۆرتی کۆنگرەی عەلەوی لەلایەن ئەو عەلەوییانەی بەشداریی کۆنگرەیان نەکردبوو، بەرەوڕووی کاردانەوەی زۆر توند بووەوە. واشیان لە قەڵەم دا کە هەوڵێکە بۆ سەپاندنی چەمکێکی نوێ لەلایەن حکومەت و پارتی داد و گەشەپێدانەوە بۆ سەر ماهیەتی عەلەوی و شێواندنی خواستی عەلەوییان.

چامور ئۆغلۆش، کە ئەندازیاری ئەم جۆرە کۆنگرانە بوو بەر لەوەی لەگەڵ ئەردۆغاندا نێوانی تێکبچێ، ڕەخنەی لە ڕاپۆرتەکە گرت و بە "بەتاڵ"ی دانا. هەروەها ڕاپۆرتەکە هەڵوێستێکی ڕوونی دەربارەی جەمخانە دەرنەبڕی، هەروەها وانەی ناچارانەی ئایین و، پەروەردەی مامۆستایانی عەلەوی و، پێگەی زانایانی ئایینی عەلەوی و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە توانای دەوڵەت، ڕوون نەکراونەتەوە .

چامور ئۆغلو هێرشێکی توندی کردە سەر سەرۆکی (وەقفی جەمخانە)ی عەلەوی عیزەدین دۆغان، کە پێشتر هەر دەنگێکی لە هەڵبژاردنی 2007دا بۆ پارتی داد و گەشەپێدان دەچوو، بۆ عەلەوی بە خیانەتی دەزانی. دەشپرسێ "باشە ئێستا چ قەوماوە تاوەکو هەڵوێست و ڕای خۆی بگۆڕێت؟"، گوتیشی "ڕەخنەیان لێ دەگرتم چونکە باسی کرانەوەی حکومەتم دەکرد بە ڕووی عەلەوییاندا، کەچی ئەمانە ئێستا خۆیان بەشدارییان لەو کۆنگرەیەدا کردووە"، ڕوونیشی کردەوە کە عەلەوییەکان پێویستیان بەو کۆنگرەیە نییە، چونکە خواستەکانی خۆیان لە یەکەمین کۆنگرەدا کە لە حوزیرەنی ڕابردوو گرێدرا، بە ڕوونی دیاری کردووە .

سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژیی عەلەوی عەلی یڵدریم گوتی کە حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان بەرەو پێناسەکردنی عەلەوی هەنگاو دەنێت، ئەمەش مایەی قبووڵکردن نییە .

سەرۆکی (کۆمەڵەی 2ی تەممووز)ی عەلەوی فەوزی گوموش گوتی، حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان فێڵ و دووڕوویی دەنوێنێ، مافی ئەوەشی نییە عەلەوی پێناسە بکات چونکە ئەوە تەنیا مافی عەلەوییانە نەک کەسی دیکە.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی (السفیر)ی لوبنانی.**



wanwilgenburg@gmail.com

ولادیمیر ڤان ویلخنبێرخ

# هه‌ڵبژاردن كه‌ركووك خاوێن ده‌كاته‌وه‌

پێویسته‌ كورده‌كان خۆشحاڵ بن كه‌ سه‌رله‌نوێ هه‌ڵبژاردنه‌كانی عێراق ده‌ست پێده‌كه‌نه‌وه‌. چونكه‌ وه‌ك دیاره‌ دواجار كه‌ركووك خاوێن ده‌كرێته‌وه‌و پارته‌ كوردییه‌كانیش ناچارن ئه‌و به‌ڵێنانه‌ی داویانه‌ وه‌دیبێنن.

سه‌رۆكی عێراق جه‌لال تاڵه‌بانی رایگه‌یاندووه‌ كه‌ ده‌بێ شه‌قامه‌كانی كه‌ركووك خاوێن بكرێنه‌وه‌. هه‌رچه‌نده‌ (كه‌ركووك دڵی كوردستانه‌!)، به‌ڵام ماوه‌یه‌كی زۆره‌ ئه‌و شاره‌ هیچی بۆ نه‌كراوه‌. هه‌م پارته‌ كوردییه‌كان و هه‌میش پارته‌ عێراقییه‌كان نه‌یانده‌ویست ده‌ستی خۆیان به‌ ئاگری كه‌ركووك بسووتێنن، چونكه‌ هێشتا روون نییه‌ ئایا كه‌ركووك دێته‌ سه‌ر كوردستان یانیش ده‌كه‌وێته‌ ده‌ست حكومه‌تی عێراقییه‌وه‌.

له‌ كه‌ركووك له‌ هه‌موو شوێنێك زبڵ كه‌وتووه‌و كه‌سیش نییه‌ هه‌ڵیگرێته‌وه‌. یه‌كێك له‌ هۆیه‌كانی په‌یدابوونی ئه‌و ره‌وشه‌ ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌موو كه‌س هه‌موو شتێك فڕێده‌داته‌ سه‌ر جاده‌، به‌ڵام هاوكات سیستمێكی چالاكی پاككردنه‌وه‌ی ئه‌و زبڵه‌ش له‌و شاره‌دا نییه‌.

ئێستا كه‌ پارتی ئۆپۆزسیۆنی كوردی (گۆڕان) و پارتی (هاو)حكومه‌تدار (یه‌كێتی) كێبركێیانه‌ بۆ وه‌ده‌ستهێنانی كورسیی زۆرتر، به‌ دڵنیاییه‌وه‌ كاری زۆرتر بۆ كه‌ركووك و پارێزگا كوردییه‌كانی دیكه‌ ده‌كرێت. ئه‌وه‌ش ده‌ره‌نجامی ئه‌و گازندانه‌یه‌ كه‌ رووناكبیرانی ره‌خنه‌گر و گۆڕان ده‌رباره‌ی گه‌نده‌ڵی، بێ كاره‌بایی، خراپی سیستمی ته‌ندروستی، رێگه‌وبانی خراپ، كه‌می پشتیوانی بۆ بیناسازی و ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ و پرسه‌كانی دیكه‌ ده‌یكه‌ن.

به‌وهۆیه‌وه‌ له‌كاتی هه‌ڵبژاردنه‌كانی كوردستاندا هه‌ردوو پارتی ده‌سه‌ڵاتدار (یه‌كێتی و پارتی) ستراتیژێكی دژه‌ گه‌نده‌ڵییان دانا و له‌ هه‌ولێریش كاره‌بای زۆرتر هه‌بوو، به‌ڵام به‌و دواییانه‌ په‌رله‌مانتارانی گۆڕان ره‌خنه‌ی ئه‌وه‌یان له‌ حكومه‌ت گرت كه‌ ستراتیژێكی باشی بۆ دابه‌شكردنی كاره‌با نییه‌.

هه‌روه‌ها ره‌خنه‌ی زۆریش هه‌یه‌ له‌سه‌ر سیاسه‌تی بیناسازیی حكومه‌تی كوردی و گوایه‌ ئه‌و حكومه‌ته‌ زۆر پشت به‌ كه‌ره‌سته‌ی هه‌رزانی هاورده‌ ده‌به‌ستێت و هه‌وڵنادات پشت به‌ خۆی و به‌رهه‌مهێنانی ناوخۆیی ببه‌ستێت.

له‌به‌ر ئه‌و هۆیانه‌ش حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان به‌ڵێنی داوه‌ كه‌ سیاسه‌تكردن و بزنسی به‌رپرسه‌كانی لێك جیا بكاته‌وه‌.

هه‌رچه‌نده‌ چانسی ئه‌وه‌ی كه‌ گۆڕان زۆرینه‌ی كورسییه‌ كوردییه‌كانی په‌رله‌مانی عێراق به‌ده‌ستبێنێ كه‌مه‌، به‌ڵام هه‌رواش په‌یدابوونی ئۆپۆزسیۆنی كوردی شتێكی باشه‌. ئه‌وه‌ وا ده‌كات كه‌ پارته‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كان چالاكتر بن. ئه‌وان جاران به‌هۆی نه‌بوونی ركابه‌ره‌وه‌ به‌ ئاسانی زۆرینه‌ی ده‌نگه‌كانیان ده‌هێنا، به‌ڵام ئێستا پێویستیان به‌ خۆسه‌لماندنه‌ تا ئه‌و ده‌نگانه‌ بێنن. ئه‌وه‌ش بێگومان هه‌م بۆ خه‌ڵكی كوردستان باشه‌ و هه‌میش هه‌رێمی كوردستان به‌هێزتر ده‌كات. تاكه‌ مه‌ترسییه‌ك كه‌ به‌وهۆیه‌وه‌ دروست بێ ره‌نگه‌ ئه‌وه‌ بێت كه‌ له‌ به‌غدا ده‌نگی كوردی لاوازتر بێ و به‌وهۆیه‌شه‌وه‌ پێگه‌ و پۆستی ناگرنگتریان بدرێتێ.





حه‌كیم كاكه‌وه‌یس

kakaways@hotmail.com

# له‌ چه‌نده‌وه‌ بۆ چه‌ند؟!

ئه‌م حیزبانه‌، به‌تایبه‌تی ده‌سه‌ڵاتداره‌كانیان خۆیان تووشی چ كێشه‌ و سه‌رهێشه‌یه‌ك كردووه‌! باسی دیموكراتی و ده‌نگدان و هه‌ڵبژاردن و ئازادی و ئازادی راده‌ربڕین ده‌كه‌ن و به‌ربه‌ست له‌ به‌رده‌م هه‌موو ئه‌وانه‌شدا داده‌نێن چونكه‌ پێچه‌وانه‌ی به‌رژه‌وه‌ندییانن. ناوی سۆسیالستی و كوردستانی و نیشتمانی و دیموكراتی له‌ خۆیان ده‌نێن و له‌ هیچ لایه‌كه‌وه‌، ناچاری نه‌بێ، په‌یوه‌ندییان به‌ ناوه‌كانی خۆیانه‌وه‌ نییه‌. سۆسیالسته‌، به‌ڵام خاوه‌نی تاوه‌ر و كارگه‌ و ملیۆنه‌ها دۆلاره‌ و خه‌ڵكی ده‌وروبه‌ریشی لاقی برسێتی راده‌كێشن. دیموكراته‌، به‌ڵام زمانبڕ و شه‌قوه‌شێنیشه‌. نیشتمانییه‌، به‌ڵام كه‌رتێكی نیشتمانیش ده‌فرۆشێ. ئازا و شۆڕشگێڕه‌، به‌ڵام به‌غدا هه‌رچی پێ بڵێن نقه‌ی لێوه‌ نایێ! له‌ ماڵه‌وه‌ شێره‌ و له‌ ده‌ره‌وه‌ منداڵێكی عاقڵی گوێڕایه‌ڵه‌! یاساكانی، كه‌سانی ده‌وروبه‌ری ده‌سه‌ڵات ناگرنه‌وه‌ و بۆ خه‌ڵكی دیكه‌ش تیژ و بڕنده‌یه‌!

له‌ سه‌ره‌تاوه‌، به‌هۆی دڵگه‌رمی كورده‌وه‌، په‌نجا به‌ په‌نجا له‌ مه‌یدانی هه‌ڵبژاردندا ده‌رچوون و حیزبه‌ په‌راوێزه‌كانیش، ئه‌وه‌نده‌ی زه‌كاتی ئیسلامی كورسی بێكاریگه‌ریان وه‌رگرت، ئه‌گه‌ر كورسی به‌ وه‌رگرتن بێ ناشێ بۆ مه‌به‌ستی گوێڕایه‌ڵی نه‌بێ، جا چ حیزبی چه‌پره‌وی كۆمۆنستی وه‌ریگرێ یا حیزبی خواپه‌رست و به‌هه‌شتویست. كه‌ تۆ كورسی زه‌كاتت له‌ خێره‌ومه‌ندێك وه‌رگرت - ئه‌گه‌ر كورد بیت - ناكرێ بیكه‌یته‌ چه‌ك و به‌رانبه‌ر خۆی به‌كاری بێنی، گوایه‌ به‌رهه‌ڵستكاریت. به‌و شێوه‌یه‌، ئه‌گه‌ر به‌رهه‌ڵستكار و ده‌سه‌ڵاتدار بوونه‌ یه‌ك به‌ره‌و پارێزگاریكردنیان له‌ یه‌كتر ده‌بێته‌ پارێزگاریكردن له‌و ده‌ستكه‌وتانه‌ی خۆیان كه‌ به‌ سه‌ریاندا ده‌بارێن.

ئێستا خه‌رمانی حیزبه‌ ده‌سه‌ڵاتداره‌كان كه‌می كردووه‌و رێژه‌ی ده‌نگ و لایه‌نگریان له‌ ئاو چووه‌ و نه‌هاتییه‌و به‌و پێیه‌، زه‌كاتیشی كه‌متر لێ ده‌كه‌وێ. له‌ په‌نجا به‌ په‌نجاوه‌ هاتنه‌ سه‌ر سیی به‌ سیی و نه‌ختێك كه‌متریش. دڵمان خۆش بوو.. گوتمان ئه‌وه‌ وانه‌یه‌كی باش بوو بۆ ئه‌و حیزبانه‌ی ناویان پێچه‌وانه‌ی ره‌فتاریانه‌ و ده‌سه‌ڵاتیان له‌ ده‌ستدایه‌، له‌مه‌ولا به‌ پێوانه‌ی ناوه‌كانیان ره‌فتار ده‌كه‌ن. كه‌چی هیچی لێوه‌ فێر نه‌بوون. ته‌نانه‌ت ئه‌وه‌ش فێر نه‌بوون ده‌نگده‌ران ئاده‌میزادن و شیری خاویان خواردووه‌ و رێی تێده‌چێ به‌هۆی هه‌ندێ هه‌ڵوێستیانه‌وه‌ به‌رانبه‌ر هه‌رچییه‌كی له‌ به‌رژه‌وه‌ندی نه‌ته‌وایه‌تی كورددایه‌ ده‌نگیان نه‌ده‌نێ. نا، هیچ له‌وه‌ فێر نه‌بوون رێژه‌ی ده‌نگیان دابه‌زی و بۆی هه‌یه‌ زیاتریش دابه‌زێ. بۆ (مه‌عاش) گه‌نجی جوانی كورد فێره‌ سیخوڕیی ده‌كه‌ن: بچن بزانن چ هه‌یه‌ و چ نییه‌! دێ گوێ ده‌گرێ بزانێ ئه‌و خه‌ڵكه‌ چ ده‌ڵێن! ئاوها ده‌نگ به‌ ده‌ست دێنیت؟!

ئێستا پروپاگه‌نده‌ی هه‌ڵبژاردن ده‌ستی پێ كردووه‌ و ئاڵای كوردستان له‌ سه‌ربانه‌كان ده‌شه‌كێته‌وه‌، به‌ڵام ده‌یانه‌وێ ئه‌و خه‌ڵكه‌ له‌ بیری بچێ به‌رپرسێكی باڵا به‌ تووڕه‌یی هه‌مان ئاڵای له‌ سه‌ر مێزه‌كه‌ی لابرد چونكه‌ عه‌له‌می عێراقی له‌گه‌ڵدا نه‌بوو! له‌ ده‌مه‌ده‌می هه‌ڵبژاردندا لست هه‌یه‌ هه‌ڕه‌شه‌ی لێ ده‌كرێ و به‌رپرسان ئاماده‌ نین بیانبینن. بچۆره‌ لای ئه‌مه‌ریكییه‌كان شكات بكه‌!

دیسان كۆڵان و شه‌قامه‌كان تای هه‌ڵبژاردن گرتوونی. باسی ئه‌نفال و كیمیاباران هاتووه‌ته‌وه‌ ناو باسان، به‌ڵام ده‌نگده‌ران له‌ بیریان ده‌چێ كه‌ نوێنه‌رانی كورد ئاماده‌ نه‌بوون دادگای عه‌لی كیمیاوی له‌ كه‌ناڵه‌كانیانه‌وه‌ بگوازنه‌وه‌؟. له‌ بیریان ده‌چێ ئاماده‌ نه‌بوون بۆ ئیعدامكردنی سه‌ددام و عه‌لی كیمیاوی ئیمزایه‌ك بخه‌نه‌ سه‌ر بڕیاره‌كه‌ تا هیچ نه‌بێ بۆیان ببێته‌ شانازییه‌كی نه‌ته‌وه‌یی و مێژوویی؟

رێژه‌ی ده‌نگه‌ لایه‌نگره‌كانی ده‌سه‌ڵات به‌ره‌و كه‌مبوون ده‌چێ، به‌ڵام ئایا ئه‌گه‌ر گه‌یشته‌ ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتیان له‌ ده‌ست ده‌رچێ ئاماده‌ن ببنه‌ به‌رهه‌ڵستكار؟ ئاماده‌ن ده‌ست له‌ ده‌سه‌ڵات هه‌ڵگرن؟. به‌ دڵنیاییه‌وه‌ ئه‌گه‌ر بۆیان بلوێ ده‌ست له‌ ده‌سه‌ڵات هه‌ڵناگرن و ئه‌و ده‌مه‌ش سسته‌می دیموكراسی له‌ وڵاتی ئێمه‌دا ده‌بێته‌ به‌ڵایه‌ك هیچ به‌ڵایه‌كی دیكه‌ی له‌ سه‌ره‌وه‌ نابێ: ئێمه‌ شه‌هیدمان داوه‌ و ماندوو بووینه‌ و چۆن ده‌شێ واز له‌ ده‌سه‌ڵات بێنین؟!

تۆ سوێندت خوارد دڵسۆزی كوردستان و سسته‌مه‌ دیموكراسییه‌كه‌ی و نه‌ته‌وه‌كه‌ت بیت، به‌ڵام به‌ڵێنده‌ره‌كانت له‌ خیانه‌تكردن به‌رده‌وامن و نابه‌عسییه‌كان برسییانه‌ و به‌عسییه‌كانیش له‌ سه‌رده‌می سه‌ددام باشتر ده‌له‌وه‌ڕێن! تۆ سوێندت خوارد سوێند دڵسۆزی میلله‌ته‌كه‌ت بیت، به‌ڵام سه‌لماندووته‌ به‌ بێ سوێندخواردن ته‌نها دڵسۆزی حیزبه‌كه‌تیت!

ئێستاش نه‌چووه‌ بچێ. ئه‌و میلله‌ته‌ی ئێمه‌ خۆشباوه‌ڕه‌ و به‌ كه‌وچێك ئاو ده‌كه‌وێته‌ مه‌له‌. ئه‌و میلله‌ته‌، سه‌دان ساڵه‌ فێری كۆیلایه‌تی ده‌كرێ و له‌به‌رئه‌وه‌ی نانی له‌سه‌ر كۆیلایه‌تییه‌، یه‌ك قسه‌ی خۆش به‌ خوێنی خۆی ده‌كڕێ و هه‌ر به‌ خوێنیش به‌رگری لێ ده‌كا. ته‌نها پێیی بڵێ: حكوومه‌ت خزمه‌تتان ده‌كا نه‌ك حیزب، ده‌نگیان به‌ده‌ستده‌هێنن، ده‌نا له‌ په‌نجاوه‌ بۆ سیی و له‌ سیی‌یه‌وه‌ بۆ بیست و دوای ئه‌وه‌ش شه‌ڕی ناوخۆ!



ئه‌مجه‌د شاكه‌لی - سوێد

amjadshakely@hotmail.com

# كه‌ ئیدیۆلۆگی مرۆڤ هێڕ ده‌كات

مامۆستا هه‌ژار (هه‌ژاری موكریانی)، ساڵی 1953 بۆ به‌شداریكردن له‌ فیستیڤاڵێكی جه‌وانانی جیهاندا، له‌گه‌ڵ شاندێكی حیزبی كۆمۆنیستی عێراق، ده‌چێته‌ بوخاریستی پێته‌ختی رۆمانیا، یه‌كێك له‌و هه‌ڤاڵانه‌ی له‌و فیستیڤاڵه‌ له‌گه‌ڵی ده‌بێ ناوی ئه‌حمه‌د عوسمان ده‌بێ. پاش ته‌واوبوونی فیستیڤاڵه‌كه‌ و گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ به‌غدا، مامۆستا هه‌ژار دووكانێك داده‌نێ و كاری تێدا ده‌كا، رۆژێك ئه‌حمه‌د عوسمان بۆ سه‌ردان و گله‌یی له‌ مامۆستا هه‌ژار دێته‌ دووكانه‌كه‌ی، مامۆستا هه‌ژار ده‌ڵێ: "رۆژێ ئه‌حمه‌د عوسمانی هاواڵی بوخارستیم هات:

-كاكه‌ تۆ ناوێكی چاك و پاكت هه‌یه‌، ده‌ڵێن گوتووته‌ له‌ رۆمانیا سواڵكه‌رم دیوه‌، گوتووته‌ ژنی داوێن پیسی لێ هه‌ن، تۆ بوختانی وا بۆ ده‌كه‌ی؟

-ئه‌حمه‌د گیان! هه‌ر مه‌رامێك — با ئایینی عاسمانیش بێ ئه‌گه‌ر درۆی بۆ بكرێ دیاره‌ به‌تاڵه‌ و به‌ فلسێكم ناوێ هه‌تیو! نه‌گبه‌ت! پێكه‌وه‌ دوو سواڵكه‌رمان نه‌دیت؟ تۆ نه‌بووی ده‌تگوت زۆربه‌ی هه‌واڵان شه‌و له‌ ماڵه‌ ژنه‌ رۆمانیان راده‌بوێرن و نایه‌نه‌وه‌ ناو نوێنی خۆیان؟ چت پێ بڵێم؟

- راست ده‌كه‌ی، به‌ڵام نابێ خه‌ڵكی ره‌مه‌كی بیزانن؟ (1)".

هاوینی ساڵی 1987، ماوه‌ی مانگ و نیوێك له‌ ئێران و رۆژهه‌ڵاتی كوردستان بووم، له‌ سه‌ره‌تای سه‌فه‌ره‌كه‌مدا، له‌گه‌ڵ كاك جه‌لال ئامێدی (2) هاوڕێمدا، چه‌ند رۆژێك له‌ تاران میوانی ماڵی مامۆستا محه‌ممه‌د ساڵحی ئیبراهیمی (شه‌پۆل) بووین. شه‌وێكیان له‌گه‌ڵ مامۆستا ئیبراهیمیدا باسی ئه‌وروپا و وڵاتانی سۆسیالیستی و یه‌كێتی سۆڤییه‌ت و ئه‌وانه‌مان ده‌كرد، مامۆستا ئیبراهیمی گوتی:"له‌ مامۆستا حه‌سه‌نی قزڵجیم بیستووه‌، كه‌ له‌ شووره‌وی و وڵاتانی سۆسیالیستی ژنی له‌شفرۆش نییه‌".

من له‌ وه‌ڵامی مامۆستا ئیبراهیمیدا وه‌هام گوت: من بۆ خۆم ساڵی پار واته‌ 1986 و له‌ مانگی ئه‌پریلدا له‌ سۆڤییه‌ت بووم و رووسیا ئازه‌ربایجان، گورجستان و ئه‌رمه‌نستان، كه‌ ده‌كاته‌ چوار كۆماری ئه‌و وڵاته‌ و شاره‌كانی، لێنینگراد (ئێستا: سان پیته‌ر بۆرگ)، مۆسكۆ، باكۆ، تبلیس و یه‌ریڤان گه‌ڕام و هه‌ر شاره‌و پتر له‌ 4 — 5 شه‌وێكی تێدا مامه‌وه‌ من له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك خوێندكاری كوردی خوێندنگه‌ی باڵای مامۆستایی ستۆكهۆڵم، كه‌ ئاماده‌ ده‌كراین بۆ ئه‌وه‌ی ببینه‌ مامۆستای زمانی كوردی له‌ سوێد، ئه‌و گه‌شته‌م كرد.

شه‌وانه‌ ئه‌گه‌ر بانگهێشتی كوردانی سۆڤیێت نه‌بوواین، ئیدی بۆ خۆمان ئازاد بووین و به‌ ئاره‌زووی خۆمان به‌نێو ئه‌و شارانه‌دا ده‌گه‌ڕاین و پیاسه‌مان ده‌كرد، دوو سێ شه‌وی مۆسكۆ له‌گه‌ڵ یه‌كێك له‌ هه‌ڤاڵه‌كانمدا ئه‌حمه‌د جانته‌كین، به‌نێو مه‌یدانی سوور و له‌ ده‌وروبه‌ری كۆشكی كرێملن و ئه‌و جێگه‌یه‌ی كه‌ ته‌رمه‌كه‌ی لێنینی لێیه‌، پیاسه‌مان ده‌كرد، ده‌یان ژنی نیوه‌ڕووتی مه‌ست و نیوه‌مه‌ست و خۆڵه‌ته‌ڵداو و ئارایشتكراوی له‌شفرۆشمان ده‌دیت، به‌و شه‌قامانه‌دا ده‌سووڕانه‌وه‌ له‌ كڕیار ده‌گه‌ڕان و هه‌ر ماشێن بوو ده‌هاته‌ ته‌نیشتیانه‌وه‌و دوای گۆڕینه‌وه‌ی چه‌ند وشه‌یه‌ك، ماشێن هه‌ڵیده‌گرتن و لێیانده‌دا و ده‌ڕۆیشتن جانته‌كینی هاوڕێم یه‌كێك له‌و شه‌وانه‌ گوتی: "كورۆ ئه‌ڤ چییه‌! لێنینێ به‌له‌نگاز ژبه‌ر چه‌قه‌چه‌قا گونا نكاره‌ رازه‌". ده‌ی ئه‌وه‌ نییه‌ له‌شفرۆش له‌وێش هه‌ن و من به‌ چاوی خۆم دیتوومن و پێموایه‌ مامۆستا قزڵجی به‌هۆی پابه‌ندبوونی به‌ بیروباوه‌ڕی كۆمۆنیزمه‌وه‌ نه‌یویستووه‌ راستییه‌كه‌ی بڵێ و گوتنی ئه‌و راستییه‌ی به‌ ناپاكی داناوه‌.

ئه‌حمه‌د عوسمانه‌كه‌ی هاوڕێی مامۆستا هه‌ژار، كه‌ بۆ خۆی له‌گه‌ڵ مامۆستا هه‌ژار له‌ رۆمانیا پێكه‌وه‌ بوونه‌ و دیارده‌ی ده‌رۆزه‌كردن و له‌شفرۆشییان پێكه‌وه‌ بینیوه‌، كه‌چی دانی پێدا نانێت و ده‌یه‌وێت مامۆستا هه‌ژاریش بهێنێته‌ سه‌ر ئه‌و رایه‌ی كه‌ شتی وا نه‌بووه‌ و نییه‌! مامۆستا حه‌سه‌نی قزڵجی، كه‌ بۆ خۆی ساڵانێك له‌ بولگارستان ژیاوه‌ و دیارده‌ی له‌شفرۆشیی به‌چاوی خۆی بینیوه‌، ده‌یه‌وێت مامۆستا ئیبراهیمی و خه‌ڵكی دیكه‌ش به‌وه‌ قایل بكات، كه‌ له‌و وڵاته‌ سۆسیالیستانه‌دا وه‌ها دیارده‌یه‌ك نییه‌.

كاتێك ئیدیۆلۆگی، هه‌ر ئیدیۆلۆگییه‌ك، ده‌بێته‌ سه‌رخانی ده‌سه‌ڵات و ده‌وڵه‌تی پێ به‌ڕێوه‌ده‌برێ، ئیدی چ جیاوازییه‌ك له‌نێوان پۆلیس، كوته‌كبه‌ده‌ست، سه‌ركوتكه‌ر، ده‌سه‌ڵاتدار و گزیر و ئیدیۆلۆگییه‌كه‌دا نامێنێت و ئه‌و خۆشخه‌یاڵی و چاوه‌ڕوانییه‌ی له‌و ئیدیۆلۆگییه‌ ده‌كرا، كاڵ ده‌بێته‌وه‌ و ئه‌و ئیدیۆلۆگییه‌ وشك هه‌ڵدێت و ده‌بێته‌ ئایین، ئه‌وه‌ی ماركس باسی لێوه‌ ده‌كات كه‌ ئایین تلیاكی گه‌لانه‌ ته‌نێ ئایینه‌ ئاسمانییه‌كان ناگرێته‌وه‌، به‌ڵكه‌ هه‌رچی ئیدیۆلۆگییه‌كی ره‌قهه‌ڵاتووی وشكه‌وه‌بووی مرۆڤهێڕكه‌ری به‌ئایینبوویش هه‌یه‌ ده‌گرێته‌وه‌.

**1 – هه‌ژار، چێشتی مجێور، ناوه‌ندی چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی كتێبی میهره‌گان، چاپی دووه‌م 2007، ل 190 — 191.**

**2 –كاك جه‌لال ئامێدی، لاوێكی راستگۆ و رووخۆش و رۆحسووك و خوێندوو و وه‌رزشكار بوو و هاوڕێیه‌كی نزیك و خۆشه‌ویستم بوو، نێشته‌جێی بازێڕی ستۆكهۆڵم بوو، پێش چه‌ند ساڵێك و له‌ ته‌مه‌نی لاویدا له‌ ستۆكهۆڵم به‌ نه‌خۆشی شێرپه‌نجه‌ كۆچی دوایی كرد، ره‌وانی شاد و یادی به‌خێر.**



ئه‌میر فندی

point@pointnumber.com

# ببوورن. ئێمه‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ین!

له‌ لێدوانێكدا حوسێن شه‌هرستانی، وه‌زیری نه‌وتی عێراق، گوتی: "له‌ چه‌ند ساڵی داهاتوودا عێراق ده‌بێته‌ گه‌وره‌ترین به‌رهه‌مهێنه‌ری نه‌وت له‌ جیهاندا".

ئێستاش عێراق یه‌كێكه‌ له‌ گه‌وره‌ترین به‌هه‌مهێنه‌رانی نه‌وت له‌ جیهاندا، كه‌چی گه‌لانی عێراق له‌وپه‌ڕی هه‌ژاری و به‌دبه‌ختیدا ده‌ژین. به‌پێی ئاماره‌كانی عێراق هه‌ژارانی عێراق له‌ ملیۆن تێپه‌ڕیون.

له‌ وڵاتانی پێشكه‌وتوودا، ژیانی خه‌ڵك به‌تایبه‌تی خه‌ڵكی هه‌ژار به‌ره‌و باشتر ده‌گۆڕدرێ كاتێك سامانی وڵات زیاتر ده‌بێ، به‌ڵام له‌ وڵاتێكی وه‌ك عێراق ئه‌مه‌ ناخوات! له‌ عێراقدا ئه‌گه‌ر سامانی وڵات كه‌م بێت ئه‌وا خه‌ڵكی هه‌ژار زیاتر قوربه‌سه‌ر ده‌بێت، ئه‌گه‌ر سامانی وڵاتیش زۆرتربوو ئه‌وا خه‌ڵكی ده‌وڵه‌مه‌ند و سه‌رمایه‌دارانی ئه‌م وڵاته‌ ده‌وڵه‌مه‌ندتر ده‌بن و هه‌ژاره‌كانی قوربه‌سه‌رتر ده‌بن!.

كوردستانی خۆشمان (هه‌رچه‌نده‌ پێشمان خۆش نییه‌) به‌شێكه‌ له‌م عێراقه‌ به‌دبه‌خته‌، بۆیه‌ش ده‌بینین كه‌ خه‌ڵكی هه‌ژاری خۆمان له‌ شوێنی خۆی وه‌ستاوه‌، نه‌ ده‌مرێت و نه‌ دژییێت! ئیدی به‌شی به‌شێكی ئه‌و پارچه‌یه‌ی كوردستان 13%ی بودجه‌ی عێراق بێت یان 17% بێت!.

پێموایه‌ ئه‌گه‌ر به‌شی هه‌رێمی كوردستان له‌ بودجه‌ی عێراق بكرێته‌ 20%یش یاخود 25%، ئه‌وه‌ خه‌ڵكی هه‌ژاری كوردستان هه‌ر وه‌ك خۆی ده‌مێنێته‌وه‌ و خه‌ڵكی ده‌وڵه‌مه‌ند و سه‌رمایه‌داریش زیاتر به‌ره‌و ئاسمان هه‌ڵده‌كشێ!.

بۆیه‌ش شه‌قامی كوردستان به‌ بایه‌خه‌كی زۆره‌وه‌ ته‌ماشای مه‌سه‌له‌ی به‌شی كوردستان له‌ بودجه‌ی عێراق ناكات، بگره‌ فشه‌ی به‌و هه‌موو هاوار و گریانه‌ی به‌رپرسانی خۆمان دێت ئه‌وانه‌ی شه‌و و رۆژ له‌ رێگه‌ی ده‌زگاكانی میدیاییه‌وه‌ فرمێسك بۆ ئه‌م (به‌شه‌!) ده‌بارێنن.

ئاخر شتێكی سه‌یره‌ به‌رپرسانی كوردستان نه‌زانن مووچه‌یه‌ك به‌بڕی (150.000) دینار له‌ وڵاتێكدا كه‌ یه‌ك كیلۆی گۆشت به‌ (15.000) دیناره‌ كه‌مه‌ و له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی مێشكه‌!.

زۆربه‌ی زۆری خه‌ڵكی كوردستان له‌ (ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌)دا ده‌ژین. به‌ڵێ ملیۆنان خه‌ڵكی كوردستان له‌ (ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌)دا ده‌ژین، له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی ژیانێكی شكۆمه‌ند، له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی كڕینی گۆشت، له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی كڕینی دیاری بۆ منداڵه‌كانیان، له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی دانیشتن له‌ یه‌كێك له‌ چێشتخانه‌ به‌نێوبانگه‌كانی هه‌ولێر و سلێمانی و دهۆك، له‌ ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی خۆشی و شادی، بۆیه‌ش: "به‌رپرسانی كوردستان ببوورن. ئێمه‌ی ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ ناتوانین هه‌ڵگری خه‌ماكانتان بین، بۆ ئێمه‌ش گرنگ نییه‌ به‌شی (ئێوه‌!) له‌ بودجه‌ی (ئه‌وان!) چه‌نده‌!! چونكه‌ كورد گوته‌نی: به‌هه‌شتێك به‌شی منی تێدا نه‌بێت با وێران بێت".



# بە لاوێ من دەگەڕێتەوە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی لە گۆرانی بە (مەڕۆ مەڕۆ) ناسرا، ئێستا گۆرانیبێژی لاو ڤینا فەرشید خەریکی بەرهەمێکی نوێیە بەنێـــوی (لاوێ من). کچە گۆرانیبێـــژ ڤینا لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دوای ئەوەی لە گۆرانی مەڕۆ مەڕۆ توانیم جێگای خۆم بکەمەوە وەک لاوێک، ئێســـتاش خەریکـــی بەرهەمێکـــی دیکەی هونەریـــم بەنێوی (لاوێ مـــن)". هەروەها ڤینا ئاماژەی بەوەدا کە ئـــەو بەرهەمە لەلایەن کۆمپانیـــای چوارچراوە بەرهەمدەهێنرێت و کلیپی بۆ دەکرێت و دەڵێ " ئەوە دووەمجارە کـــە بەڕێز (عیرفان زەنگەنە) بەڕێوەبەری گشـــتی کۆمپانیای چوارچرا پاڵپشـــتیم دەکات بۆیە ئەوەش هانی من دەدات کە کاری باشتر ئەنجام بدەم".

ژمارە 4ی لۆمۆند دیپلۆماتیک
لە هەفتەی داهاتوو بخوێنەوە




# ڕێکلامەکانتان لە (ڕووداو) دا دەگاتە دەنگدەرانی کوردستان و ئەوروپا

بەڕێزان: لیست و پاڵێوراوان

خوێنەرانی (ڕووداو) کەسانی جیاوازن، (ڕووداو)یش بە ڕاستگۆیی و ڕۆژنامەیەکی پرۆفیشناڵ ناســـراوە لای خوێنەران . (ڕووداو) جگە لەوەی لە باشـــووری کوردستان (پارێزگاکانی : ســـلێمانی، هەولێر، دهۆک، کەرکووک)، لەکاتی هەڵمەتی هەڵبـــژاردن دا هەفتەی دووجار دەردەچێ (دووشەممە و پێنج شەممە) لە کوردستان، لە ئەورووپاش ڕۆژانی سێ شەممە لە ئەڵمانیا چاپدەکرێ و لە هەشت وڵاتی ڕۆژئاوایی ئەوروپا بڵاودەکرێتەوە. بە ڕێکلامەکانتان لە (ڕووداو) دەگەنە زۆرترین ژمارە لە دەنگدەران.

ڕووداو

rudaw@rudaw.net - 07504885696

Rûdaw

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای ڕووداو
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
دیزاینەران : عەبدوڵڵا ڕەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت ... بەرامبەر نیوستی
www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 0750 488 56 96

Reklam




Reklam

HOMA company

کۆمپانیای هوما بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی
هەمو گۆڤارێکی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان

Exclusive Agent (Cedars International Traiding) تاکە بریکاری

مژدە
مژدە...

تایم
نیوزویك
ایکونومست
بزنس ویك
مید
ok
ڕۆتانا
مجلە مجلە
PC
مجلات ازیاء
خانوادە
اس ام اس
محـك
هۆنیا
....

مژدە .... مژدە

بۆ هەموو نووسەران و ڕۆشنبیران و مامۆستایان و بازرگانان و دکتۆرەکان و ڕۆناکبیران و هاووڵاتیان, جارێکی تر کۆمپانیای هوما بەشی دابەشکردن و بلاوکردنەوە هەلدەستیّ بە هێنانـــی هەموو گۆڤار و ڕۆژنامـــەیك بـــە زمانی (( عەرەبی, انگلیزی , فارسی , کوردی, تورکی)) بە شێوەی ((بەشداربوون)) و ئامادەین بـــە زووترین کات بۆتان بنێرین بۆ ئەم شوێنەی کە مەبەستانـــە (کۆمپانیاکان, کونسلخانەکان, دامودەزگاکان, مالەکان, زانکۆکان, هەموو شارو شارۆچکەکان) بە زووترین کات لە ڕێکای بەڕێوبەرایەتی پۆستەی هەولێر.

| بەغداد ئاژانسی(العین) بۆ ڕاگەیاندن | سلێمانی: | کەرکوك: | دهۆك : | هەولێر : |
|---|---|---|---|---|
| 0770 444 6855 | 0770 644 4007 | 0770 130 2585 | 0750 411 2413 | 0750 430 1612 |
| 0770 644 4330 | 0770 644 2022 | 0770 145 5917 | 0770 910 3868 | 0750 449 6264 |
| | 0770 644 4008 | | | 0750 483 6800 |
| | | | | 0750 483 6900 |

email: homa_co@yahoo.com